PDF4Kurd

www.pertwk.com

# تارمایی‌یەكان

نووسینی

هێنریك ئیبسن

وەر ێڕانی لەئینگلیزییەوە : عەتا قەرەداخی

كوردستان– سلێمانی

2004

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەر ێڕان

.www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی پەرتووك: تارماییەكان
- نووسینی: هێریك ئیپسن
- وەر ێڕانی لەئینگلیزیەوە: عەتا قەرەداخی
- بابەت: شانۆیی
- تایپ: ئیدریس شەیداهۆ
- نەخشەسازیو بەرگ : نازەنین سالح
- چاپخانەی : چاپخانەی كارۆ
- تیراژ:1500
- زنجیرە: 73
- ژمارەی سپاردنی (618) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

www.pertwk.com

## پێشەکی:

هێنریک ئیبسن یەکێکە لەنووسەرە هەرە دیارەکانی بواری شانۆ، کەبەرەگەز نەرویجی‌یەو لەسەدەی نۆزدەدا ژیاوە. ئیبسن لەبواری نووسیندا رێبازێکی تایبەت بەخۆی هەبووە کەبەجۆرێک توانیوویەتی لەمێژووی شانۆی جیهانیدا ئاراستەی تایبەتی خۆی لەئاراستە دیارەکانی تری ئەو بوار جیا بکاتەوە. زاراوەی شانۆی ئیبسنی لەمێژووی شانۆی جیهانیدا جێگای خۆی هەیە کەئەویش چ لەڕووی بنیادی نووسین‌و چ لەڕووی جیهانبینییەوە لەئەزموون‌و رێبازە دیارەکانی تری جیا دەکاتەوە. شانۆی ئیبسنی بووەتە رێبازێک کەدوای ئیبسن خۆیشی وەکو رێبازێکی دیاری بواری شانۆ ماوەتەوەو نووسەرانێکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئیبسن‌و بەهەمان شێوازی ئەو نووسیویانە.

شانۆی ئیبسن بەگشتی بەشانۆی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت لەو روانگەیەوە کەلەئاستێکی قوڵدا لەکێشە کۆمەڵایەتی‌و خێزانییەکان دەدوێت‌و هەمیشە وەها مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات کەگەورەترین‌و بەبەهاترین سەرمایەیەو لەهەمان کاتدا ئاڵۆزترین بوونەوەریشە کەلەناو خۆیدا چەندین گرێی ئاڵۆزو چەندین کێشەی دوور لەچارەسەرکردنی هەڵگرتووە.

هەروەک شانۆی ئیبسن بەقووڵی لەدامەزراوی خێزان دەدوێت‌و زیاتر پێی وایە ئەو دامەزراوە دامەزراوێکی زۆرەملێیەو لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی‌و تێگەیشتن‌و پێداویستی‌یە رۆحی‌و جەسەدییەکان دابمەزرێت، خێزان دامەزراوێکە لەسەر بنەمای چەمکی ئەرک دامەزراوە، واتە ئەرکی ژن‌و ئەرکی مێرد کەئەمەش بنەمایەکی داخراوەو زەمینە



خۆشکەرە بۆ ئەوەی دامەزراوی خێزان لەبری ئەوەی بەهەشتێک بێت، دۆزەخێک بێت بۆ ئازاردانی ژن‌و مێرد هەردووکیان.

ئیبسن پێی وایە کەلەسنووری دامەزراوی خێزاندا چەمکی ئەرک هەموو پانتاییەکانی پەیوەندی ژن‌و مێردی داگیرکردووەو بوار بۆ خۆشەویستی‌و پەیوەندییە رۆحییەکان زۆر تەسک بووەتەوە، هەر ئەوەش وایکردووە لەزۆربەی شانۆگەرییەکانیدا ئیبسن وێنەی خێزانێکمان بۆ بەرجەستە بکات کەچەمکی ئەرک لەروانگەی ئایین‌و کەنیسەوە ژن‌و مێرد پێکەوە دەبەستێت‌و ئەوەش رێگاخۆشکەرە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی ناپاکیی ژن‌و مێردایەتی‌و لەئەنجامی ئەوەشدا دەرکەوتنی نەوەیەک لەبەرهەمی سێکسی نا شەرعی کەئەوەش لەگەڵ خۆیدا نەک هەر کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دروست دەکات، بەڵکو دەگوازرێتەوە بۆ پانتایی میرات‌و بۆماوەو چەندین نەخۆشی تێکشکێنەر لەباوکەوە بۆ نەوەکان دەگوازێتەوە کەپاڵەوانی شانۆگەری تارماییەکان باشترین نموونەی ئەم بۆچوونەیە.

(ئۆزڤاڵد) ی پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییە کەتاکە کوڕی خێزانەکەیەتی‌و لەباوکێکە کە پەیوەندی بەربڵاوی سێکسی هەبووە، کەسێک بووە کەهەمیشە بەدوای حەزو ئارەزووە دنیاییەکانیدا رۆیشتووەو لەو سەروبەندەشدا کچێکی ناشەرعی لێ بەجێماوەو دواتر لەگەڵ کوڕەکەیدا واتە لەگە ئۆزڤاڵددا مەیلی پێگەیشتن‌و خۆشەویستی‌و پەیوەندی سێکسی دروست دەبێت.

ئۆزڤاڵد هەر لەمنداڵییەوە زێدی خۆی بەجێ دەهێڵێت‌و دەچێتە فەرەنسا بەمەستی خوێندنی هونەرو لەراستیشدا دایکی دەینێرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەڕێگای باوکیدا نەڕوات.

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم نەک ئۆزڤالد لەڕێبازەکەی باوکی دوورناکەوێتەوە بەڵکو دەچێتەوە سەرهەمان رێگاو هەمان نەخۆشی کەباوکی دووچاری بووبوو و لەمیشدا هەڵدەداتەوە کەئەویش

نەخۆشییەکی کوشندەیە کەبە (سفلیس) دەناسرێت کەدواجار بەگەنجی ئۆزڤالّد دەخاتە بەردەم مەترسییەوە، مەترسی مردن.

هەروەک ئۆزڤالّد دەگەیەنێتە ئاستێ کەداوا لەدایکی بکات کەکردەی سێکسی لەگەڵ ئەنجام بدات. دیارە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێ کەنەخۆشییەکەی ئۆزڤالّد نەک هەر هەڕەشە لەژیانی دەکات بەلّکو لەئینسانیەتیشی رووت دەکاتەوەو بگرە لەنێو ئاژەلّەکانیشدا ناشێت هەروا بەئاسانی ئاژەلّێک بدۆزینەوە هەولّی جووت بوون لەگەڵ دایکیدا بدات، بێگومان ئەمەش ئەووەمان بۆ دەردەخات کەچۆن کەسێتی باوک لەنەوەکانیدا وێنا دەکرێتەوە واتە رزگاربوون لەرابردوو هەروا کارێکی ئاسان نییە. ئیبسن دەیەوێت پێمان بلّێت ئەو بنەما زۆرەملێیەی کەخێزان وەکو یەکەیەکی بچوکی کۆمەلاّیەتی دەپارێزێت، هەرخۆی رۆحی هەلّوەشاندنەوەی خۆیی لەهەناویدا هەلّگرتووەو ئەو مەترسیەش لەیەکەی خێزانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەلّگاو بەشێکی زۆری کێشەکانی نێو کۆمەلّگاو نەخۆشیە کۆمەلاّیەتیەکان دەرئەنجامی پەیوەندیەکانی نێو دامەزراوی خێزانن، بەواتایەکی دی خێزانی زۆرەملێ بنەمای دروستکردنی کۆمەلّگایەکی ئیفلیجو نەخۆشە هەمان شێوەی (ئۆزڤالّد)ی پالّەوانی ئەم شانۆگەرییە چونکە لەباوکێکی نەخۆشو خێزانێکی بەزۆرەملێ دروستبوو لەسەر بنەمای چەمکی (ئەرک لەدایک بووە، هەر بەلاّوی دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە دەبێتو ئاکامیش دەمرێت، دەشێ ئەم وێنەیە لەئاستێکی فراوانتردا بگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەلّگا.

لەهەمان کاتدا ئیبسن لەڕێگای بەشداری کردنی پاستەرماندەرەوە کەنوێنەری کەنیسەیە لەهەمان شێوە ژیانی خەلّکداو بەئاگابوونی لەرووداوە نابەجێیەکانی نێو کۆمەلّگاو بێدەنگ بوون بەرامبەریانو تەنانەت پەردەپۆش کردنیشیان، دەیەوێت رەخنە لەکەنیسەش بگرێت



بەوەی کەدەوری هەیە لەزیاتر تەشەنەکردنی نەخۆشیە کۆمەلاّیەتیەکاندا.

سوتاندنی ئەو هەتیوخانەی کەخاتوو ئالّڤینگ دەیەوێت بەناوی مێردەکەیەوەو بەپارەی مێردەکەی دروستی بکات، دەلالەتی ئەوە هەلّدەگرێت کەئەو کەسانەی مێژوویەکی گەشیان نییە ناشێت مێژوویان بۆ دروست بکرێت، هەر بۆیە ئەو هەتیوخانەی بۆ بەزیندوو راگرتنی ناوی کابتن ئالّڤینگ نیاز وابوو دروست بکرێت لەقۆناغی یەکەمدا دەسووتێت، واتە هیچ شتێک بەناوی کابتن ئالّڤینگەوە بەجێ نامێنێت. کەسێ لەمێژوودا ناوی بەگەشی دەمێنێتەوە کەبەشداری بەرهەم هێنانی شارستانی کردبێتو لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا ژیابێت، بەگوێرەی کابتن ئالّڤینگ پیاوێک بووە لەپێناوی حەزو ئارەزووەکانیدا ژیاوەو سەرکەش بووە، بۆیە ناشێت شایەنی ئەوە بێت ناوی بەزیندوویی رابگیرێت.

شانۆگەری (تارماییەکان) لەسالاّنی نەوەدەکاندا کراوە بەکوردی، بەلاّم تاکو ئێستا هەلی چاپکردنی بۆ نەڕەخساوە، هەروەک لەکۆتایی هەشتاکاندا شانۆگەری (کاتێ ئێمەی مردوو بەئاگادێین) مان کردبووە کوردیو لەنیوەی دووەمی نەوەدەکاندا دەقە وەرگێڕاوەکەی ئەم شانۆگەرییە کەوتە لای دکتۆر فەرهاد پیربالّ بەنیازی بلاّوکردنەوەی، بەلاّم دەقە کوردییەکە سەری تێداچوو ونبوو، هەرچەندە دلّنیاین رۆژێ لەڕۆژان وەکو دەقێکی کۆنی دەستنووس سەرهەلّدەداتەوە. هیوادارم وەرگێڕانی ئەم شانۆییە خزمەتێک بەکتێبخانەی کوردی بکات.

2004/5/15

# ئەکتی یەکەم

جێگا ژوورێکی فراوانە، لای دیواری دەستە چەپەوە دەرگایەکی تێدایەو لای دەستە ڕاستیشەوە دوو دەرگا، لەناوەندی ژوورەکەدا مێزێکی بازنەیی دانراوە، کورسی‌یەکی لەنزیکەوەیە، چەند کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی لەسەرە. لەلای چەپەوە بەرەو پێشەوە پەنجەرەیەك هەیەو چەرپایەکی بچووك و کورسی‌یەکی لەبەردەمدایە. بەشی دواوەی ژوورەکە جامخانەیە، لای ڕاستی جامخانەکەوە دەرگایەك بەسەر باخچەیەکدا دەکرێتەوە. لەشووشەی جامخانەکەوە دیمەنی تاریك و تەمومژاوی کەبارانی بەردەوام دروستی کردووە، دەبینرێت.

(ئینگستراندی دارتاش لەدەرگای باخچەکەدا دادەنیشێت، لاقی چەپی تەواو ماندووە، ژێری پێڵاوەکەی تەختەیە. ریجانیا چەند شتێکی بۆشی پێیەو ڕێگاکە خاوێن دەکاتەوە).

**ریجانیا** / (بەدەنگێکی نزم)" چیت دەوێ وا لێرە وەستاویت؟ تەڕ دەبیت.

**ئینگستراند** / ڕەحمەتی خوایە دەبارێ، کچم!

**ریجانیا**/ شەڕی شەیتانە.. شەڕی شەیتان!

**ئینگستراند** / ئاسمان .. ئەوە دەڵێی چی .. ریجانیا؟

(یەك دوو هەنگاو بەرەو ژوورەوە دەڕوات) دەمویست بڵێم کە..



**ریجانیا**/ توونە قاچت دامەنێ کابرا! جەنابی کوڕە لاو لەسەرەوە خەوتووە.

**ئینگستراند**/ خەوتووە؟ ئا بەم ڕۆژی نیوەڕۆیە؟

**ریجانیا**/ ئەوە پەیوەندی بەتۆوە نی‌یە.

**ئینگستراند**/ لەدوێنێ شەوەوە وازم لەخواردنەوە هێناوە..

**ریجانیا**/ بڕوات پێ ناکەم!

**ئینگستراند**/ ئێ کچم، ئێمە هەریەکە کەمووکوڕی خۆمان هەیە..

**ریجانیا** / بێگومان.

**ئینگستراند**/ داوەکانی ئەم ژیانەش هەمەڕەنگن. بەڵام دەزانی هەمووشیان بۆیەك مەبەستن. سوێندت بۆ دەخۆم کەئەم بەیانییە، دوای کاتژمێر پێنج و نیو لەسەر کار بووم.

**ریجانیا**/ زۆر باشە.. زۆرباشە، دیارە قسەکانت زۆر درێژە دەکێشێ، منیش نەبەڵێنی یەکتر بینینم بەتۆداوە، نەبۆ ئەوەش هاتوومەتە ئێرە.

**ئینگستراند**/ بەڵێنی چیت بەمن نەداوە؟

**ریجانیا**/ من بۆ ئەوە نەهاتووم لێرە تۆ ببینم. کەواتە بڕۆ دەرەوە!

**ئینگستراند**/ (کەمێك دێتە پێشەوە) دەك ڕووم ڕەش بێت ئەگەر بەڵێنی یەکتر بینینمان نەبوو بێت. من ئەم نیوەڕۆیە کاری قوتابخانەم تەواو دەکەم و دوای ئەوەش لەوانەیە شەو بەکەشتی بگەڕێمەوە بۆ شار.

**ریجانیا**/ (بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە) سەفەرێکی خۆش!

**ئینگستراند**/ سوپاس کچم، ئاگاداریت کەلەوانەیە سبەینێ هەتیوخانەکە بکرێتەوە؟ هەندێ شتی گرنگ هەن کەدەبێ لەگەڵ خواردنەوە ئەنجام بدرێن. منیش مرۆڤێکی لەو جۆرەم کەکەس ناتوانێت بڵێت جاکۆب ئینگستراند توانای لەڕوودا وەستانی سەرگەرم بوونی نی‌یە.. کاتێ یەخەی دەگرێت.

**ريجانيا**/ ها!

**ئينگستراند**/ لەوانەیە سبەینێ گەڵێ کەسی قۆز بێن و چاوەڕوانی ئەوەبن پاستەرماندەر لەشارەوە بێتە ئێرە.

**ريجانيا**/ لەڕاستیدا پاستەر ئەمڕۆ دێت.

**ئينگستراند**/ چاکە .. تۆ دەزانی .. بەڵام بەر نەفرەت کەوم ئەگەر بواری بدەم زمانی بەدڕم هەڵهێنێتەوە.

**ريجانيا**/ ئۆه .. ئاوا!

**ئينگستراند**/ چی؟

**ريجانيا**/ (سەرنجێکی جگەربڕی دەدات) دەتەوێت بەچ شێوەیەك پاستەر ماندەر خەنی و ئاسوودە بکەیت؟

**ئينگستراند**/ ش! مێشکت وەستاوە؟ من ئێستا دەتوانم بەئاسانی ماندەر دڵخۆش بکەم؟ ئۆه ، نا.. ماندەر لەگەڵ مندا زۆر باشە. بەڵام شتێك هەبوو کەدەمویست لەگەڵ تۆدا دەربارەی بدوێم! دەزانی ئەمشەو دەچمەوە ماڵەوە؟!

**ريجانيا**/ پێم وایە چەند زووتر بڕۆیتەوە چاکترە!

**ئينگستراند**/ بەڵام دەمەوێت تۆش لەگەڵم بێیت ريجانيا.

**ريجانيا**/ (دەمی دەکاتەوە) چی؟ دەتەوێت من بێم..؟

**ئينگستراند**/ گووتم دەمەوێت لەگەڵم بگەڕێیتەوە ماڵەوە ريجانيا.

**ريجانيا**/ (بەسەیرکردنێکی بێ بەهاوە) هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ خۆت بمبەیتەوە.

**ئينگستراند**/ ئاه .. دەیبینین.

**ريجانيا**/ دەیبینین، زۆر باشە، چی..؟ من؟ من خاتوو ئاڵڤینگ پەروەردەی کردووم. تۆ بڵێی وەکو ئەندامێکی خێزانەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ



نەکردبم؟ هەتا ئێستا ئێرە بەجێبهێڵم و لەگەڵ تۆدا بگەڕێمەوە بۆجێگایەکی ئاوەها.

**ئينگستراند**/ چ شەیتانێکە..؟ دژی باوکت دەوەستیت ئەی سۆزانیە نابووتەکە؟

**ريجانيا**/ (بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە لێی ڕادەمێنێ) تۆ بەردەوام دەڵێیت گوایە من لەتۆ نیم.

**ئينگستراند**/ پوڤ ! بۆچی ئەوەت پێ ناخۆشە؟

**ريجانيا**/ من بەردەوام بیر لەجنێوەکانی تۆ دەکەمەوە، بەتایبەتی کەبەزۆڵ ناوم دەبەیت.

**ئينگستراند**/ دەك بەنەفرەت بم ئەگەر هەرگیز وشەی خراپ بەدەممدا هاتبێت.

**ريجانيا**/ پێویست ناکات پاکانە بۆ ئەوە بکەیت.

**ئينگستراند**/ ئێ.. ، ئەوە تەنها لەو کاتانەدابووە پێکێ دووانم هەڵدابێت.. کۆت و پێوەندەکانی ئەم ژیانە هەمە جۆرن ريجانيا..

**ريجانيا**/ ئاوا !

**ئينگستراند**/ یان ئەو کاتە بووە کەدایکت هەوڵی دەدا خۆی بەجۆرێکی تر نیشان بدات، دەبوو منیش ڕێگایەك بدۆزمەوە، هەر هیچ نەبێ تا لەو نزیك ببمەوە. ئەو هەمیشە گرنگی بەخۆی دەدا (لاسایی دەکاتەوە) لێمگەڕێ جاکۆب .. ڕوخسەتم بدە بڕۆم! سێ ساڵ لەرۆزینڤۆڵدا، لەخزمەتی ئاڵڤینگدا بووم. ئاڵڤینگ مووچەخۆرێکی گەورە بوو (پێدەکەنێت) ئاسمان یارمەتیدەرمان بێت. دایکت هەرگیز لەیادی نەدەچووەوە، کاتێ لەوێ خەریکی ئیشکردن بوو، کابتن ژوورێکی تایبەتی هەبوو.

**ريجانيا**/ دایکەی بەستەزمان! بێگومان بەگەنجی سەرت پێ نایەوە.

**ئینگستراند**/ (شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێ) ئەمە راستە.. چۆن سەرزەنشتم دەکەی بمکە.

**ریجانیا**/ (بەهەناسەیەکی قووڵەوە دەگەڕێتەوە) بەڵام ئەو لاقە.. ئاخ !

**ئینگستراند**/ دەڵێی چی کچم؟

**ریجانیا** / (Pied de mouton)

**ئینگستراند**/ وابزانم ئەوە ئینگلیزییە؟

**ریجانیا** / بەڵێ!

**ئینگستراند**/ ها ریجانیا زانیاریت دەربارەی دەرەوەش هەیە، ئەوەش لەم ماوەیەی دواییدا فێربوویت.

**ریجانیا**/ (پاش کەمێك) بەڵام چ کارێکت لەشار بەمن هەیە..؟

**ئینگستراند**/ بپرسە بزانە باوك بۆچی جگەرگۆشەکەی خۆی دەوێت.. منیش تۆم بۆ ئەوە دەوێت. ئایا من بێوە پیاوێکی تەنهای بێ دەرەتان نیم؟

**ریجانیا**/ سەرگوزەشتەم بۆ مەگێڕەوە. چ کارێکت بەمن هەیە؟

**ئینگستراند**/ چاکە کەواتە پێت دەڵێم.. من بیرم لەهەندێ شتی نوێ کردۆتەوە.

**ریجانیا**/ (بەپرخەیەکەوە) تۆ بەردەوام بیر دەکەیتەوە، بەڵام بیرکردنەوە هیچی لێ دروست نابێت!

**ئینگستراند**/ ئاه .. بەڵام ئەمجارەیان ریجانیا.. دەزانی.. شەیتان گیانم بکێشێ ئەگەر..!

**ریجانیا**/ (قاچی دەدات بەزەویدا) بەو زمانەش نا !

**ئینگستراند**/ ش ! ش ! تۆ ڕاست دەکەیت کچم، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەمەیە: من بڕێك پارەم هەیە، لەم هەتیووخانە نوێیەدا دەیخەمە کار..



**ریجانیا**/ ئەوە دەکەیت؟ شتێکی پەسەندە.

**ئینگستراند**/ ئێ جگە لەوە، لەم وڵاتەدا چ شتێکی‌تر هەیە قازانجی تیا بێت؟

**ریجانیا**/ بەهەرحاڵ.

**ئینگستراند**/ ئێستا تێدەگەیت کەبیرم لەوە کردۆتەوە پارەکەم بخەمە ئیشێکی وەهاوە کەقازانجێك بکات.. بۆ نموونە جۆرە جێگایەك بۆ حەوانەوەی ئەو کەسانەی لەسەر دەریا کار دەکەن.

**ریجانیا**/ ئاوا.

**ئینگستراند**/ جێگایەك کەشایانی حەوانەوەی خەڵکانی چینە بەرزەکان بێت، تۆ ئاگاداری کرێی لەڕادەبەدەری کەشتی‌یەوانەکان نیت.. نەخێر ئەوە کارێکە، دەبێ نەفرەتی لێ بکەیت. ئەم شوێنە دەبێ بۆ کەشتی‌یەوانەکان‌و ژن‌و مێردیش بشێت.. بەڵێ بۆ پیاوانی سەرەوە.

**ریجانیا**/ ئەی من چی بکەم..؟

**ئینگستراند**/ دیارە ئامادەیت؟ تەنها چاودێریی ئەوشتە دەکەیت کەدەیبینی. خۆ لەدۆزەخدا کارناکەیت.. تەنها ئەوە دەکەیت کەئارەزووت لێیەتی.

**ریجانیا**/ ئاوا؟ ئێ؟

**ئینگستراند**/ لەبەرئەوە ئەو جێگایە ئافرەتان رووی تێدەکەن. کەواتە ئاشکرایە کەدەبێ لای ئێواران موناسەبە دروست بکەین، ئەویش بەگۆرانی چڕین‌و سەماکردن‌و هێندێ شتی دی.

دەبێ بزانیت کەئەو پیاوانە راگوزارن، لەحەوت زەریاوە هاتوون (لێی نزیك دەبێتەوە) کەواتە گێل مەبەو دەست بەخێری خۆتەوە مەنێ ریجانیا. لێرە چ پاشەرۆژێکت دەبێت؟ داخۆ هەموو ئەو زانیارییانەی کەخانمەکەت پێت دەدات سودێکت پێدەگەیەنن؟ بیستوومە دەبێ لەهەتیووخانە نوێیەکە چاودێری منداڵان بکەیت، ئەمە چ

بەرژەوەندی‌یەکی تۆی تێدایە، ها؟ داخۆ توانای ئەوەت هەیە، خەریکی منداڵی پیس و پۆخل بیت؟

**ریجانیا**/ نەخێر. تەنها بەمەرجێك دەچم کەهەموو شتێ بەو شێوە بڕوات کەمن دەمەوێت و.. دەشێ بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت.

**ئینگستراند**/ چ جۆرە شیانێك؟

**ریجانیا**/ تۆ بەلاتەوە گرنگ نی‌یە داخۆ لێرە هیچ پارەت پاشەکەوت کردووە؟

**ئینگستراند**/ لەم یەك دوو ئیشەی دواییدا، حەوت سەد هەشت سەد کرۆنێك..

**ریجانیا**/ شتێکی خراپ نی‌یە.

**ئینگستراند**/ کچم بۆ قۆناغی دەستپێکردن، شتێکی باشە.

**ریجانیا**/ بیرت لەوە نەکردۆتەوە هیچی لێ بدەیت بەمن؟

**ئینگستراند**/ نەبەخوا.. نەخێر بیرم لێ نەکردۆتەوە.

**ریجانیا**/ تەنانەت بیرت لەوەش نەکردۆتەوە کەپارچە قوماشێکم بۆ جل و بەرگ بۆ بکڕیت؟

**ئینگستراند**/ تۆ لەگەڵم وەرە شار، ئەوسا بەئارەزووی خۆت جل و بەرگت دەبێ..

**ریجانیا**/ پوۆ ,,! بمویستایە خۆم پەیدام دەکرد.

**ئینگستراند**/ ئاه .. بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێیت کە چاکترە گەر باوك ئامۆژگاری منداڵی خۆی بکات ریجانیا. خانوویەکی خنجیلانە لەشەقامی گەمی خانە، هەیە دەتوانم بیکڕم، نرخەکەی زۆر نی‌یە.. دەشێ ئەم خانووە ببێتە جێگای کات بەسەربردنی ئەو پیاوانەی لەدەریا کاردەکەن.. خۆ تێدەگەیت ریجانیا..؟!



**ریجانیا**: بەڵام من نامەوێت لەگەڵت بێم، نامەوێت هیچ کارێك لەگەڵ تۆدا بکەم.. ئێستاش فەرموو بۆ دەرەوە!

**ئینگستراند**/ کچم نامەوێت لەگەڵم بیت، تا سووکایەتیم پێ بکەیت. من پیاوێکی بەدبەختم. ئەگەر لەمانای گەورەبوون تێبگەیت، ئەوا دەڵێم یەك دوو ساڵە شۆخ و شەنگ بوویت.

**ریجانیا**/ ئێ؟

**ئینگستراند** / ماوەیەکی کەم پێش ئێستا چەند کەسێ لەکەشتی‌یەوانەکان سەردانی ئێرەیان کرد.. کابتن و تەنانەت..

**ریجانیا**/ من شوو بەو جۆرە کەسانە ناکەم، کەشتیەوانەکان مرۆڤی دڵپاك نین.

**ئینگستراند** / چی ناکەیت؟

**ریجانیا**/ من دەزانم کەشتیەوان چ جۆرە مرۆڤێکن، هیچ شایەنی مێردپێکردن نین.

**ئینگستراند** / ئێ باشە شوومەکە. شووکردن دەبێ ڕازی بوونی لەسەر بێت. (بەوپەڕی باوەڕ بەخۆکردنەوە) کابرای ئینگلیز.. ئەوەی لەگەڵ (یاختدایە) سێ سەد دۆلاری داو.. بەڵێ سێ سەد دۆلار، ئافرەتەکەش لەتۆ شۆخ و شەنگتر نەبوو.

**ریجلنیا**/ (زیاتر لێی دەچێتە پێشەوە) بۆ دەرەوە!

**ئینگستراند** / (پاشگەز دەبێتەوە) ئا.. ئا.. لێم نادەیت!

**ریجانیا**/ بەڵێ لێت دەدەم. بەس تەنها یەك جاری‌تر دەربارەی دایکم بدوێیت، تێت دەسرەوێنم. پێت دەڵێم بۆ دەرەوە!

(ئینگستراند بەرەو دەرگای حەوشەکە دەڕوات) خۆت مەکێشە بەدەرگاکەدا ئۆزڤاڵد لە..

**ئینگستراند** / وابزانم نووستووە! سەیرە بۆ هێندە لەخەیاڵی ئۆزڤاڵدایت!

(بەهێمنی) ئەها! مەیلت لای ئەوە، وانییە؟

**ریجانیا**/ بۆ دەرەوە.. خێرا..! تۆ گەمژەیت! نا، لەوێوە نا.. لێرەوە پاستەرماندەر دێت.. بێ ئەوەی لات لێ بکاتەوە، تۆ بەقادرمەکانی دواوەدا بڕۆرە خوارەوە.

**ئینگستراند**/ (بەرەو لای راست دەڕوات) زۆر باشە.. زۆر باشە.. زۆر باشە.. ئێستا کەماندەر گەیشت قسەی بۆ بکە. ئەو تێت دەگەیەنێت کەمنداڵ چەندێ قەرزارباری باوکیەتی. منیش باوکتم، دەتوانم بەهۆی دەسەڵاتی کەنیسەوە ئەوە بسەلمێنم.

(ئینگستراند لەدەرگای دواوە کەریجانیا بۆی کردەوە دەچێتە دەرەوە، ریجانیا لەئاوێنەکەدا سەرنجێکی خێرای خۆی دەدات. بەدەستەسڕەکەی دەموچاوی دەسڕێت، یەخەی کراسەکەی رێك دەخات و پاشان خۆی بەگوڵەکانەوە خەریك دەکات)

(پاستەر ماندەر پاڵتاوێکی لەبەردایەو چەترێکی هەڵکردووەو جانتایەکی بچووکی سەفەرکردنی کردۆتە شانیو لەدەرگای حەوشەکەوە بەرەو جامخانەکە دێت)

**پاستەر**/ بەیانیت باش خاتوو ئینگستراند.

**ریجانیا**/ (بەدڵخۆشییەکی بێوێنەوە لای بۆ دەکاتەوە) بەیانیت باشی چی پاستەر. حاڵی کەشتییەکە لەچیدایە..؟

**پاستەر**/ هەر ئێستا دەگات (دێتە ژوورەوە) لەم دواییەدا، هەواکەی هێجگار ناخۆش بوو.

**ریجانیا**/ (دوای دەکەوێت) بەڵام پاستەر هەوای لەو جۆرە بۆ جوتیارەکان بەسودە.



**پاستەر**/ بەڵێ وایە، بێگومان قسەکەی تۆ راستە، ئێمەی خەڵکی شار، بیر لەوان ناکەینەوە.

(خەریکی داکەندنی پاڵتۆکەیەتی).

**ریجانیا**/ با یارمەتیت بدەم.. ئەوە خۆ پاڵتۆکەت هەر ئاوە! ئەوە لەهۆڵەکەدا هەڵیدەواسم. چەترەکەشتم بدەرێ. با بەکراوەیی داینێم، بۆئەوەی وشك ببێتەوە.

(شتەکانی ماندەر لەدەرگا دوورەکەی لای ڕاستەوە دەباتە دەرێ. پاستەر جانتاکەی لەشانی دەکاتەوەو دایدەنێت، هەروەها شەبقەکەیشی دەخاتە سەر کورسییەکە، ریجانیا دەگەڕێتەوە)

**پاستەر**/ ها، ژوورەکە خۆشە! هەواڵی ئێرە لەچیدایە؟

**ریجانیا**/ سوپاس، زۆر باشە.

**پاستەر**/ گەرچی خاتوو ئاڵڤینگ سەرقاڵیشە، بەڵام وای بۆ دەچم بۆ سبەینێ، ئامادەبێت.

**ریجانیا**/ بەڵێ لەوە دەچێت.

**پاستەر**/ داخۆ خاتوو ئاڵڤینگ لەماڵەوەیە؟

**ریجانیا**/ ئا، بەڵێ، بەڵام ئێستا لەقاتی سەرەوەیە، کەمێ شیرینی بۆ ئۆزڤاڵد برد.

**پاستەر**/ ئا پێم بڵێ ! لەخوارەوە لەسەر پیادەڕەوەکە، بیستم گوایە ئۆزڤاڵد هاتۆتەوە.

**ریجانیا**/ بەڵێ، پێرێ هاتەوە، گەرچی ئێمە وای بۆ دەچووین هەتا ئەمڕۆش نەگاتە جێ.

**پاستەر**/ خۆ ساغ و سەلامەتە؟

**ریجانیـــا**/ بـەڵێ، سـوپاس زۆر باشـە.. بـەڵام لـەدوای گەشـتەکەی گـەلێك ماندووە. لەپاریسەوە هەتا ئێرە بەقۆناغێك هاتووە.

مەبەستم ئەوەیە سەفەرەکەی بێ وەستان کردووە. ئێستا وابزانم سەرخەوێك دەشکێنێ بۆیە باشتر وایە کەمێك بەهێمنی بدوێین.

**پاستەر**/ ش ! دەبێ زۆر لەسەرخۆ بین!

**ریجانیا**/ ( کورسی‌یەکە بەرەو مێزەکە دەجوڵێنێ) فەرموو دانیشە پشوویەك بـدە ( پاسـتەر دادەنیشـێ و ریجانیـاش پارچـە ئاسـنێك دەخاتـە ژێـر پێی) ئا..! ئەوێ باشە!

**پاستەر**/ زۆر باشە سوپاس (سەرنجی دەدات) ها خاتوو ئیگستراند دەزانی وا هەست دەکەم لەو کاتەوە نەمبینیویت، گەورە بوویت.

**ریجانیا**/ پاستەر تۆش پێت وایە؟ خانم دەڵێت تەواو گەورە بووم.

پاسـتەر/ پێگەیشـتوویت؟ بـەڵێ .. ئەوسا زۆر بچـووك بوویـت، بـەڵام ئێسـتا هەڵچوویت.

(وەستانێکی کورت)

**ریجانیا**/ بڕۆم خانم ئاگادار بکەم؟

**پاستەر**/ نا.. سوپاس، پەلە مەکە رۆڵـەگیان، ئـەرێ ریجانیا پێم بڵـێ باوکت چۆن لێرە رۆیشت؟

**ریجانیا**/ زۆر باش بوو، سوپاس، پاستەر..

**پاستەر**/ دواجار کەهات بۆ شار سەری لێدام.

**ریجانیـــا**/ بەڕاسـت سـەری لێدایت؟ ئـەو هەمیشـە بـەوە خۆشـحاڵە کـەبواری ئەوەی لێ هەڵکەوێت، لەگەڵ جەنابتان بدوێت.

**پاســتەر**/ تـۆش کچـێکی رێـك و پێکیـت، هـەموو رۆژێ سـەری لێ دەدەیـت.. وانی‌یە؟



**ریجانیا**/ من؟ ئا، بەڵێ سەری لێدەدەم. هەرکاتێ مۆڵەتم هەبێ..

**پاستەر**/ ریجانیا.. باوکت پیاوێکی هێندە تەواو نی‌یە، بەدبەختانە پێویستی بەکەسێکە یارمەتی بدات.

**ریجانیا**/ بەڵێ دەزانم.

**پاستەر**/ پێویستی بەکەسێکە هاودەمی بێت.. کەسێکی ئـەوتۆ کەلەبیروڕایدا پشتی پێ ببەستێت. دواجار کەهاتـە لام، بـێ پـەردە باسـی ئـەوەی بـۆ کردم.

**ریجانیا**/ بەڵێ شتێکی لەو بابەتەی لای منیش باس کـرد، بەڵام نازانم داخۆ خـاتوو ئـاڵڤینگ بـێ مـن هەڵـدەکات. بەتایبـەتی لـەم کاتـەدا کەهەتیوخانـەیەکی نوێمـان لەئەسـتۆیە بـەڕێوەی ببـەین.. جگەلـەوەش نـاتوانم بەئاسـانی خـاتوو ئـاڵڤینگ بـەجێ بهـێڵم، لەکاتێکـدا کەئـەو ئەوەندە دڵ و دەروون چاکە لەگەڵم.

**پاستەر**/ بەڵام رۆڵـە ئـەرکی کچ.. ئاسـایی دەبێ یەکـەمجار ئێمـە رەزامـەندیی خانمەکەت وەربگرین.

**ریجانیا**/ بەڵام نازانم، داخۆ لەم تەمەنـەدا، دەتـوانم مـاڵی بێوەپیاوێك بـەڕێوە ببەم؟

**ریجانیا**/ چی؟ ریجانیای خۆشەویست، ئێمە دەربارەی باوکت دەدوێین.

**ریجانیا**/ بەڵێ.. بەڵام هەر هەمان شێوەیە.. ئاه ئەگەر ئێستا بۆ خانوویـەکی خۆش و لەگەڵ کوڕە لاوێکدا دەبوو..

**پاستەر**/ بەڵام ریجانیای خۆشەویست.

**ریجانیا**/ کەسێك بتوانم خۆشم بوێ و رێزی لێ بگرم و وەکو کچی خـۆی وابم بۆی..

**پاستەر**/ بەڵام رۆڵەی شیرینم..!

**ریجانیا**/ من لێره هەست بەتەنهاییەكی كوشندە دەكەمو ئارەوزووی گەڕانەوەی شارم هەیە,.. پاستەر تۆ خۆت دەناسیت. هۆی چیە هەمووومان لەم دنیایەدا، وەكو ئەوە وایە تاكو تەنها بین؟

بەڕاستگۆیی دەتوانم پێت بڵێم.. تواناو ئیرادەشم هەیە..! داخۆ ئاگاداری شوێنێكی وانیت بۆمن بشێت پاستەر؟

**پاستەر**: بۆ من چیم؟ نەخێر شوێنی ئاوا پێنازانم.

**ریجانیا**/ بەلام پاستەری خۆشەویست پێویستە تۆ بیر لەمن بكەیتەوە. ئەگەر بیرم لێ بكەیتەوە ئەوا..؟

**پاستەر**/ (هەڵدەستێ) بەڵێ ریجانیا بیرت لێ دەكەمەوە..

**ریجانیا**/ بەڵێ لەبەرئەوەی ئەگەر من .. پاستەر.

**پاستەر**/ رەنگە ئێستا كاتێكی باش بێت، تا بەخاتوو ئاڵڤینگ بڵێیت كەمن لێرەم.

**ریجانیا**/ هەر ئێستا پێی دەڵێم (دەچێتە دەرەوەو بەلای چەپدا دەڕوات)

پاستەر جارێ دوان لەژوورەكەدا دێتو دەچێ، پاشان بۆ ساتێ، لەبەشی دواوەی ژوورەكەدا، دەوەستێو دەستی دەخاتە پشتییەوەو سەرنجی پەنجەرەكە دەدات، دوای ئەوە بەرەو مێزەكە دەگەڕێتەوە، كتێبێك هەڵدەگرێو سەرنجی ناونیشانەكەی دەدات، لێی ورد دەبێتەوەو دواییش زیاتر دیقەتی دەدات).

**پاستەر**/ زۆر باشە.. بەڕاستی!

(خاتوو ئاڵڤینگ لای چەپەوە دێتە ژوورەوە، ریجانیای لەدواوەیەو ریجانیا دەست بەجێ لەدەرگای لای راستەوە دەردەچێت)

**پاستەر**: چۆنی خاتوو ئاڵڤینگ.. ئەوە لەسەر بەڵێنەكەی خۆم هاتم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێنەكەت رێك دەرچوو!



**پاستەر**/ وەك دەزانی پشت گوێ خستنی بەڵێنەكە كارێكی ئاسان نەبوو، هەموو ئەو دەستەو لیژنە پیرۆزانەی كەمن بەسەریانەوە..

**خاتوو** ئاڵڤینگ/ میهرەبانی تۆ لەوەدایە كەزوو بەدەم شتەوە دێیت ئێستاش دەتوانین بەر لەنان خواردن كارەكان دەست پێ بكەین. بەلام كوا جانتاكەت؟

**پاستەر**/ (بەپەلە) شتەكانم لەخانی گوندەكە داناوە، شەوێ لەوێ دەمێنمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەزەردەخەنەیەكی پڕ لەسەر سوڕمانەوە) ئەی نابێ ئەمجارەیان لێرە بمێنیتەوە؟

**پاستەر**/ نا، نابێت، سوپاس خاتوو ئالڤینگ. جیاوازی ئێرەو ئەوێ  نییە لەوێ دەمێنمەوە، بۆ سۆراخ كردنی بەلەمیش باشترە.

**خاتوو ئالڤینگ**/ زۆر باشە، چۆنت پێ خۆشە وابكە، جیاوازی ئێرەو ئەوێ نییە.. بەلام من بیر لەدوو پیری وەك خۆمان دەكەمەوە.

**پاستەر**/ ئەی دەروون پاك.. چی بڵێین، تۆ ئێستا لەبارێكی رۆحی چاكدایت، بەیانی ئاهەنگەو ئۆزڤالدیش هاتۆتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ..  ئایا ئەوە خۆشترین كاتی من نییە؟ لەكاتێكدا ئەوە زیاتر لەدوو ساڵە رۆیشتووەوماڵەوەی بەجێ هێشتووە. ئێستا هاتۆتەوەو بڕیاری داوە ئەم زستانە لەگەڵ مندا بەسەر بەرێت.

**پاستەر**/ بەڕاست بەڵێنی ئەوەی داوە؟ ئەوە كارێكی پەسەندەو نیشانەی ئەرك بەجێ هێنانیەتی.. چونكە من وادەزانم ژیانی رۆماو پاریس زۆر لێرە خۆشترە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەلام ئەوەت بیر نەچێت لێرە لەگەڵ دایكیدایە، ئۆزڤاڵد كوڕێكی زۆر خۆشەویستە، تاكو ئێستاش ناتوانێت دایكی لەیاد بكات.

**پاستەر**/ لەوانەیە شتێکی زۆر ناخۆش بێت ئەگەر دایکی بەجێ‌بهێڵێت و خەریك بوونی بەهونەرەوە ببێتە هۆی لەنێوبردنی هەست و سۆزی ئاسایی.

**خاتووئاڵڤینگ**/ بەڵێ منیش هەمان راو بۆچوونم هەیە.. بەڵام دڵنیام ئەو مەترسی ئەوەی لێ ناکرێت.. لەوانەیە بینینی کارێکی گرنگ بێت ئەگەر بیناسیتەوە.. دەشێ هەر ئێستە بێتە خوارەوە، کەمێك لەسەرەوە پشووی داوە.. پاستەری خۆشەویست فەرموو دانیشە !

**پاستەر**/ سوپاس.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، بێگومان هەر ئێستا دێتە خوارەوە ( نزیك مێزەکە دادەنیشێت)

**پاستەر**/ زۆر باشە، کەواتە دوایی نیشانت دەدەم کە.. (بەرەو ئەو کورسییە دەچێت کەلیڤاکسێکی لەسەرە، دەستەیەك وەرەقە دەردەهێنێت، پاشان لەودیوی مێزەکەوە دادەنیشێت و هەوڵدەدات جێگایەکی چۆڵ لەسەر مێزەکە بدۆزێتەوە، وەرەقەکانی لەسەر دابنێت) ئێستە با دەست پێ بکەین.. (دەوەستێت) خاتوو ئاڵڤینگ تێم بگەیەنە، ئەم کتێبانە چۆن گەیشتوونەتە ئێرە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەم کتێبانە دەیانخوێنمەوە.

**پاستەر**/ ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێنیتەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئەمانە دەخوێنمەوە.

**پاستەر**/ ئایا لەخوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە، هەست بەهیچ جۆرە ئاسوودەیی و کەڵك وەرگرتنێك دەکەیت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، واهەست دەکەم کەخوێندنەوەیان وام لێ دەکات، هەست بەدڵنیاییەکی زیاتر بکەم.



**پاستەر**/ زۆر سەیرە! شتی وا چۆن دەبێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەو کتێبانە دەبنە هۆی زیاتر دڵنیا کردنم، لەو شتانەی بیریان لێدەکەمەوەو ئەو شتانەم زیاتر لا ئاشکرا دەکەن.

بەڵێ مستەر ماندەر ئەم کتێبانە زۆر بەنرخن. لەڕاستیدا شتی نوێی وایان تێدا نییە.. شتی جیاواز لەوانەیان تێدا نییە کەزۆربەی خەڵك بیریان لێ دەکەنەوەو بڕوایان پێ یان هەیە. بەڵام ئەوەیان تێدایە کەخەڵك بۆیان هەزم ناکرێت.

**پاستەر**/ ئای خوای گەورە.. ! ئایا هەر بەڕاستی لەو بڕوایەدایت کەزۆربەی خەڵکی..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ لەو بڕوایەدام..

**پاستەر**/ بەڵام بەدڵنیاییەوە لەم وڵاتەدا نا ! نەخێر لەناو ئێمەدا نا !

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ باشە با لەوە بگەڕێین.. بۆچی دژی ئەم کتێبانەیت؟

**پاستەر**/ دژی چیم؟ تۆ بەدڵنیاییەوە وای بۆ ناچیت کەمن کاتی خۆم بەپشکنینی ئەوجۆرە بڵاوکراوانە بەفیڕۆ نادەم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەمە چی دەگەیەنێت کەتۆ هیچ دەربارەی شتێك نەزانیت و کەچی ڕەتی بکەیتەوە؟

**پاستەر**/ من بەشی ئەوە دەربارەی ئەو کتێبانەم خوێندۆتەوە، هەتا ڕەتیان بکەمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەمە ڕاستە، بەڵام بیرو باوەڕی خۆت..

**پاستەر**/ خانمە خۆشەویستەکەم، ژیان جگە لەیەك حاڵەتی وەهای تێدایە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کەپێویستە کەسێ پشت بەبیرو باوەڕی کەسانی تر ببەستێت، ئەمەش ڕێگای ژیانە، لەڕاستیشدا زۆر بە.. ئەی داخۆ کۆمەڵ چۆن بەردەوام دەبێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئا.. وایە، دەشێ تۆ لەسەر حەق بیت؟

**پاستەر**/ دەشێ.. ئا، نکوڵی ئەمە ناکەم کەدەشێ جوانیەکی قەشەنگ دەربارەی ئەو جۆرە کارانە لەئارادابێت، نەخێر دەشێ پڕکێشی ئەوە بکەم کەبڵێم تۆ ئاواتەخوازیت، خۆت بهاویتە بواری ئەو بیرۆکانەی ناوم هێنان و شارەزاییان تێدا پەیدا بکەیت، منیش سەرزەنشتت بکەم..

بەڵێ دەرچوون لەسنووی شتە جوانەکان.. لەکاتێکدا بواری کوڕەکەتت دا، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگشت و گەڕاندا بێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام ..؟

**پاستەر**/ (دەنگی نزم دەکاتەوە) بەڵام کەس بۆی نی‌یە دەربارەی ئەوە بدوێت، خاتوو ئاڵڤینگ کەس نی‌یە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابێت کەبەڕاستی چاودێریی ئەوە بکات خەڵکی لەماڵی خۆیاندا چی دەخوێننەوە. یان بیر لەچی دەکەنەوە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بێ گومان وانی‌یە، من لاریم لەوە نی‌یە؟

**پاستەر**/ دەبێ ئەوە چاك بزانیت کەتۆ قەرداری ئەو هەتیوخانەیەیت کەبڕیاری کرنەوەیت داوە. لەهەمان کاتدا دەتوانم بەتەواوی پێ لەسەر ئەوە دابگرم کەبیروبۆچوونەکانت.

دەربارەی بابەتە فیکرییەکان زۆر جیاوازن، لەگەڵ ئەوەی کەئێستا باون.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، من بەتەواوی دان بەوەدا دەنێم، بەڵام ئەوەی دەربارەی هەتیو خانەکەیە..

**پاستەر**/ ئەوەی پەیوەندی بەهەتیوخانەکەوە هەبوو، ئامادەین لەبارەیەوە بدوێین.. بەڵێ هەتا ئازادیی مامەڵەکردنیش. خانمە خۆشەویستەکەم ئێستا با دەست پێ بکەین. (زەرفێك دەکاتەوەو چەند وەرەقەیەك دەردەهێنێت) ئەمانە دەبینی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ وەرەقەی کارەکانە؟

**پاستەر**/ هەموویەتی و بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و تەواویش.. من بەلامەوە گرنگ نی‌یە کەبڵێم لەکاتێکی تردا بەدەست هێنانیان ئاسان نەبوو. بەخەیاڵمدا هات کەبەمەبەستی زیاتر دان بەخۆداگرتن گرنگی‌یەکی زیاتر بەمەسەلەکە بدەم. بەڕێوەبەران زۆربەی کات ویژدانیان لەئازاردابێت، ساتێ مەسەلە ببێتە مەسەلەی بەڵگەنامە! بەڵام لێرەدا ئەمانە.. (لەژوورەکەدا پیاسە دەکات) ئەمەش گواستنەوەی ئەو نەخشەیە کەبە (سۆلڤیك) ناسراوەو بەشێکە لەناوچەی ڕۆزینڤۆڵدو ئەو بینایانەی کەتازە لەوێ دروست کراون بەناوی قوتابخانەو شوێنی بەڕێوەبردن و کەنیسەوە. ئەمەش پێ بەخشینی خاوەندێتی‌یە لەڕووی یاساییەوە. لێرەدا دەبینی (دەخوێنێتەوە) بیناکردنی شوێنێ بۆ منداڵان دەبێتە یادکردنەوەی کابتن ئاڵڤینگ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئا.. وایە!

**پاستەر**/ من نازناوی کابتنم هەڵبژاد لەجیاتی یاوەر.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئا.. بەڵێ، هەرچۆن بێت تۆ چاکتری بۆ دەچیت.

**پاستەر**/ بڕێك سەرمایەش لەبانقی پاشەکەوت کردندایە. دەشێ گیروگرفتی دارایی هەتیوخانەکە چارەسەر بکات.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من سوپاست دەکەم ، پێم وایە جێگای خۆشحاڵیمە ئەگەر بەبەخشندەیی خۆت سەرپەرشتی هەتیوخانەکە بکەیت.

**پاستەر** / بێ گومان من لەگەڵ دەست پێکردنیدا، بیر لەوە دەکەمەوە کە پارە لەبانقی پاشەکەوت دابنێین، دیارە سوود ئەوەندە گرنگ نی‌یە،

لەشەش مانگدا، حسابی پاشەکەوت کردن چوار پێرسێنتە. بەدوای ئەوەشدا ئەگەر بمانتونیایە رەهنێکی چاك بدۆزینەوە ئەوە دەمانتوانی درێژە بەکارەکەمان بدەین و بۆ دواتریش بیری لێ بکەینەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ پاستەری خۆشەویست، تۆ زیاتر شارەزای ئەو جۆرە ئیشەیت.

پاستەر/ بەهەرحاڵ من چاو دەگێڕم، بەڵام ئێستە شتێکی تر هەیە، دەمەوێت لەبارەیەوە هەندێ پرسیارت لێ بکەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەو شتە چییە؟

**پاستەر**/ ئایا دەشێ خانووەکانی هەتیوخانە بیمە بکرێن یان نا؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بێ گومان پێویستە بیمە بکرێن.

**پاستەر**/ ئا.. خاتوو ئاڵڤینگ با جارێ.. بەشێوەیەکی پڕ بایەختر بڕوانینە مەسەلەکە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من بەردەوام هەر شتێکم هەبێت بیمە کراوە، خانوو، شتوومەکی ناوماڵ، بەروبوومو سەرمایە..

**پاستەر**/ ئەوە شتە تایبەتییەکانی خۆت. منیش بۆخۆم هەمان شێوەم، بەڵام ئەمە وەك دەزانی جیاوازە.. هەتیوخانەکەدەبێ، بۆ مەبەستی زۆر بەرز تەرخان بکرێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، بەڵام هێشتا زۆر..

**پاستەر**/ ئەم قسانە زۆر تایبەتین، بەڵام من هیچ جۆرە رەواییەك بۆ حەشاردانی خۆمان بەرامبەر بەهەر جۆرە ئەنجامێك نادۆزمەوە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نەخێر من تەواو دڵنیام.

**پاستەر**/ بەڵام رای گشتی بەرامبەر دراوسێتی چییە؟ دیارە تۆ ئەوە لەمن چاکتر دەزانیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ هم، رای گشتی..

**پاستەر**/ دەشێ قەوارەیەکی پەسەندی بیروبۆچوون هەبێت.. کەئەویش بەڕاستی بیروبۆچوونی هەست بەلێپرسینەوەکردن بێت.. دەشێ لێپرسینەوەی تێدابێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەتەواوی مەبەستت لەبیروبۆچوونی هەست بەلێپرسینەوەکردن چییە؟

**پاستەر** / ئێ، من بەتەواوی وا بیر لەپیاوانی سەربەست دەکەمەوە کەهیچ کەس نەتوانێ شتێ لەبیرو رایان بگۆرێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ کەسانێکی زۆری لەو جۆرە لێرە هەن کەدەشێ دووچاری راچڵەکاندن ببن ئەگەر..

پاستەر/ ئاوا، دەبینی! ئێمە لەم شارەدا، زۆر کەسانی وامان هەن.. هەموو قەشەکانی هاوڕێم، ئەوانەی لەسەرەتای رێگای بەدواداچووندان، دەشێ زۆر بەئاسایی، بەرەو ئەنجام بڕۆن، بەجۆرێك کەمن و تۆ ناتوانین بڕوایەکی تەواوی وەهامان بەچاودێریی خواوەند هەبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام پاستەری خۆشەویست، پێویستە تۆ خۆت بناسیت کەتۆ..

**پاستەر**/ ئا.. دەزانم، دەزانم، ویژدانم خاوێنە ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نییە.. بەڵام ئێمە هەمووومان هەمان شێوەین، ناتوانین لەدەست ئازاری گۆڕ رابکەین. هەر ئەوەش دەشێ زۆر بەئاسایی، نهێنی کاری هەتیوخانەکە بپارێزێت.

**خـاتوو ئـاڵڤینگ**/ ئاه .. شتێکی چاکە، ئەگەر ئەمە بۆ ئەنجامدانی کاری هەتیوخانەکەبێت ئەوا دواتر..

**پاستەر**/ نەخێر من ناتوانم بەتەواوی  بەرامبەر شتێکی ئاڵۆز چاو بنوقێنم.. دەشێ ئەوە بەحاڵەتێکی ئازاربەخش وەسف بکەم کەخۆمی تێدا دەبینمەوە. خاوەن دەسەڵاتەکانی شار سوودێکی گەورە لەهەتیوخانەکە وەردەگرن. لەڕاستیدا ئەم هەتیوخانەیە، تا رادەیەك بۆ بەرژەوەدی شارەکە دەکرێتەوەو هیوای ئەوەش هەیە کەهیچ کاریگەرییەکی خراپی نەبێ بۆ نزمکردنەوەی ناوبانگی کەسمان.. ئەگەرچی هەتاکو ئێستەش من رێنومایکەری تۆ بوومو هەر لەدووریشەوە سەرنجی کارەکەم داوە، لەوە دەترسم کەخەڵکی دەمارگیر بەخێرایی سەرزەنشتم بکەن.



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆ، نەخێر.. شایەنی ئەوە نیت سەرزەنشت بکرێیت.

**پاستەر**/ مەبەست ئەو هێرشانە نییە کەئاسایی دەکرێنە سەرم، بەچەند لاپەڕەیەکی دیاریکراوو ئەو نامە ناوبەناوانەی کە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ پاستەری خۆشەویست، چی تر دەربارەی ئەوە مەدوێ.. ئەو شتانە کۆتاییان دێت.

**پاستەر**/  کەواتە ناتەوێت هەتیوخانەکە بیمە بکرێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نەخێر، وازی لێ دەهێنین،.

**پاستەر** (بەپشتدا بەسەر کورسی‌یەکەیدا خۆی دەچەمێنێتەوە)

بەڵام ئەگەر ببوایە، دەبووە کارەساتێك.. تۆ هەرگیز تێناگەیت.. ئەگینا لەوانە بوو بتوانیت تێکشکاندنەکە چارەسەر بکەیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نەخێر من بەئاشکرا پێت دەڵێم، کەنەمتوانی هیچ شتێکی لەو جۆرە بکەم.

**پاستەر**/ ئێ، تۆ دەزانی کەئێمە لێپرسینەوەیەکی گەلێك مەزنمان لەئەستۆ گرتووە... خاتوو ئاڵڤینگ..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام وەك بیری لێ بکەینەوە دەتوانین چی تر بکەین؟

**پاستەر**/ هیچ، هیچ شتێکی ترمان پێ ناکرێت، پێویستە خۆمان بەشێواندنی راستییەوە خەریك نەکەین، هەروەك مافی ئەوەشمان نییە، بیروبۆچوونی گشتی بشێوێنین.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەتایبەتی تۆ وەکو قەشەیەك..

**پاستەر**/ من بەڕاستی لەبیرکردنەوەیەکی جیدیدام، لەوەی کە دەشێ وەکو دامەزراوێك لەم هەتیوخانە دەربڕوانم کەسەرچاوەی کۆکردنەوەی سامانێکی چاکە، کاتێ لەژێر چاودێری تایبەتیدا بێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێمەش ئاواتەخوازی ئەوەین پاستەر.

**پاستەر**/ ئەی کەواتە دەشێ بەو شێوەیە بەجێی بهێڵین؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ.. بێ گومان.

**پاستەر**/ زۆر باشە وەکو ئەوەی تۆ ئاواتی دەخوازیت (تێبینی‌یەك دەدا) کەواتە بیمە ناکرێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەمڕۆ شتێکی سەیرت لێ قەوماوە کەبەردەوام باسی ئەوە دەکەیت.

**پاستەر**/ من مەبەستم بوو لەو بارەیەوە ئەگەر بۆ ساتێکی کورتیش بێت لەگەڵت بدوێم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دوێنێ ئێمە ئاگرێکمان کپ کردەوە.

**پاستەر**/ بەڕاست؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئاه.. بەڵام شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو، هەندێ پارچە تەختە لەدارتاشخانەکە گڕیان گرتبوو.

**پاستەر**/ لەشوێنی ئیشکردنەکەی ئیگستراندا؟

**خاتوو** ئاڵڤینگ/ بەڵێ، وەکو دەڵێن ئەو هەرگیز ئاگای لەئاگری شخارتەکەی نییە.

**پاستەر**/ مێشکی جەنجاڵە، ئەو پیاوە بەدبەختە زۆر دەشێوێ.

سوپاس بۆخوا ئێستا دەبیستم خەریکە ژیانێکی دوور لە سووکایەتی پێکردن بژی.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئاوا! کێ ئەوەی پێ گوتیت؟

**پاستەر**/ خۆی ئەوەی  پێ گوتم بێ گومان ئەویش کەسێکی باشە.



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ وایە، پیاوێکی بەویقاریشە.

**پاستەر**/ ئاه، بەڵام کەموکورییەکی خراپیشی هەیە، کەموکوڕی جەسەدی، خۆی دەڵێ، هۆی ئازارەکەی ناتەواوی قاچ و قولیەتی.. ئەمجارەیان کەلەشار بوو، زۆر لەگەڵی خەریك بووم، ئەویش زۆر سوپاسی کردم کەلێرە نزیك ریجانیا ئیشم بۆ دۆزییەوە

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام لەڕاستیدا ئەو خێرێکی وای لە ریجانیا نەدیوە.

**پاستەر**/ ئا.. ئێ، ئەو خۆی پێی گوتم، گوایە هەموو رۆژێ قسەی لەگەڵ دەکا.

خاتوو ئاڵڤینگ/ ئا.. دەبێ، لەوانەیە قسەی  لەگەڵ بکات.

**پاستەر**/ ئەو  هەست دەکات هێجگار پێویستی بەکەسێك هەیە، بەتایبەتی ئەو دەمانەی دەکەوێتە هەوای خۆی، کەسێکی دەوێت دایمرکێنێتەوە. ئەوەش دەبێت کەسێك بێت زۆر نزیکی جاکۆب بێت، ئەو دێتە لای تۆ هەتا بەبێزارییەوە دان بەکەم و کورییەکانی خۆیدا بنێت و سەرزەنشتی خۆی بکات.. دواجار قسەی بۆ کردم.. بڕوانە خاتوو ئاڵڤینگ.. ئەو بەڕاستی پێویستی بە ریجانیایە تاکو پێکەوە لەماڵێکدا ژیان بگوزەرێنن.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەپڕ لەجێگای خۆی بەرز دەبێتەوە) ریجانیا؟

**پاستەر**/ رێگای لێ مەگرە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بێ گومان من بەپێویستی دەزانم رێگای لێ بگیرێت، جگە لەوەش ریجانیا لەدەستەی بەرێوەبردنی هەتیوخانەکەیە.

**پاستەر**/ بەڵام بیر لەوە بکەرەوە ئەو باوکیەتی. رێگای لێ مەگرە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دەزانم چ جۆرە باوکێکێتی، نەخێر هەرگیز رازی نابم بگەرێتەوە لای ئەو.

**پاستەر**/ (هەڵدەستێتە سەر پێ) بەڵام ئاڵڤینی خۆشەویست پێویست ناکات هەڵوێستت لەو بارەیەوە ئەوەندە توند بێت. ئەو شێوە حوکمدانەی تۆ بەسەر ئینگستراندا ترسناکە، لەوانەیە خەڵکی وای لێکبدەنەوە کەتۆ لە .. ترساوی..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (زۆر بەهێمنی) ئەوەی بوو.. بوو، من ریجانیام بردۆتە ماڵی خۆم و هەر لەوێش دەمێنێتەوە (گوێ دەگرێ)..ش! چیتر دەربارەی ئەو مەدوێ پاستەری خۆشەویست (لەخۆشیدا سیمای پرشنگ دەداتەوە) گوێ بگرە. ئۆزڤاڵد لەسەر پلیکانەکانە، ئێستا ئێمە جگە لەو بیرلەهیچی تر ناکەینەوە (ئۆزڤاڵد پاڵتۆیەکی سووکی لەبەردایەو شەبقەیەکی لەسەردایەو پایپێکی گەورەی بەسەر لێوەوەیەو لەدەرگای لای چەپەوە دێتە ژوورەوە).

**ئۆزڤاڵد**/ (لەلای دەرگاکەدا رادەوەستێ) ئاه .. داوای لێبوردن دەکەم، وامزانی خەریکی خوێندنەوەن (دێتە ژوورەوە) بەیانیت باش پاستەر.

**پاستەر**/ (سەرنجی ئۆزڤاڵد دەدات) زۆر قۆزە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ باشە پاستەر رات چییە لەسەری؟

**پاستەر**/ من .. من ، نا .. داخۆ بەڕاستی دەبێ..؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ بەڕاستی  کوڕی .. پاستەر.

**پاستەر**/ ئۆ کوڕە خۆشەویستەکەم.

**ئۆزڤاڵد**/ زۆر باشە. ئەوا کوڕەکە جارێکی تر گەڕایەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد بیر لەو کاتە دەکاتەوە کەتۆ ناڕازی بوویت ببێت بەهونەرمەند.

**پاستەر**/ ئەو حوکمانەی کەبەسەر کەسانی تردا دەیان دەین، زۆرجار نابەجێ دەردەچن.. بەڵام دواتر شتەکان دەگۆڕێن.. ( دەستی هەڵدەگلۆفی) بەهەرحاڵ بەخێربێیتەوە! بەخێر بێیتەوە ئۆزڤاڵدی خۆشەویستم.. ئایا بۆم هەیە هەر بەئۆزڤاڵد ناوت بهێنم؟



**ئۆزڤاڵد**/ بێگومان.. ئەی چۆن ناوم دەبەیت؟

**پاستەر**/ بەڵێ ئۆزڤاڵدی خۆشەویست، من دەمویست پێت بڵێم کەدەبێ وای بۆ نەچیت من حوکمی خراپم دابێت، بەسەر ژیانی هونەرمەندانەدا، من دەزانم کەز ۆر کەس هەن، دەتوانن رۆحی بێگەردی خۆیان تەنانەت لەو واقعیشدا بەخاوێنی بپارێزن.

**ئۆزڤاڵد**./ ئێمەش خوازیاری ئەوەین.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەخۆشییەوە پێ دەکەنی) من کەسێك دەناسم کەرۆح و جەستەی خۆی بەپاکی هێشتۆتەوە.. پاستەر بەس سەرنجێکی ئەو کەسە بدە.

**ئۆزڤاڵد**/ (لەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت) راستە دایەگیان، ئەوە شتێکی راستە.

**پاستەر**/ ئاه ..! ئەوە شتێکە جێگای گومان کردن نییە. تۆش گەیشتوویتەتە ئاستێك کەناوێك بۆخۆت دروست بکەیت. ئەو لاپەڕانەی ناوت بردن.. زۆر دڵگیرن.. لەبەر ئەوە دەبێ دان بەوەدابنێم بەڵام لەوە ناچێت بەم نزیکانە بیان بینم.

**ئۆزڤاڵد**/ ( وەك لەئاهەنگی مۆسیقادا بێت) نەخێر.. لەم دواییەدا وێنەی زۆرم کێشاوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ هەتا هونەرمەندیش پێویستی بەوەیە جار بەجار پشوو بدات.

**پاستەر**/ بەڵێ منیش ئەوە دەزانم، بۆ ئەوەی بتوانێ گوڕێك بداتە خۆیی و خۆی بۆ شتی گەورە ئامادە بکات.

**ئۆزڤاڵد**/ ئم.. داخۆ خواردن بەم زووە پێ دەگات دایکە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نیو سەعات کەمتریشیی ماوە.. ئارەزوویەکی باشی خواردنی لا دروست بووە.. سوپاس بۆ خوا..!

**ئۆزڤاڵد**/ پایپەکەی باوکمم لەژوورەوە دۆزییەوەو هەروەها..

پاستەر/ ئاه.. خۆ ئەوە..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ چی؟

**پاستەر**/ ئەو کاتەی ئۆزڤاڵد هاتە ژوورەوەو پایپێکی بەسەر لێوەوە بوو، سیمای هەر لەسیمای باوکی دەچوو.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڕاستە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نا، ناتوانیت ئەوە بڵێیت، چونکە ئۆزڤاڵد هەر لەخۆم دەکات.

**پاستەر**/ بەڵێ.. بەڵام ئەم سەرو ئەوسەری دەمی و هەروەها لێوەکانی بەتەواوی ئاڵڤینگم دێنێتەوە یاد.. بەتایبەتی کەئێستا جگەرە دەکێشێ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من وای بۆ ناچم.. لەو بڕوایەدام ئۆزڤاڵد زۆر لەوە بەرزترە کەقەشە وەسفی بکات.

**پاستەر** / بەڵێ.. بەڵێ.. زۆربەی هاوڕێکانیشم هەر رایان وایە لەسەری.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ پایپەکەت فڕێ بدە کوڕە شیرینەکەم، نامەوێت لێرە جگەرە بکێشیت.

**ئۆزڤاڵد**/ (پایپەکە لەلێوی دەکاتەوە) بێ گومان تەنیا ویستم ئەم پایپە تاقی بکەمەوە، پێشتر یەکجار جگەرەم کێشاوە.. ئەویش کەمنداڵ بووم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تۆ؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، بەلاّم ئەوە کاتێ بوو کەزۆر منداڵ بووم، دێتەوە یادم ئێوارەیەك چوومە ژووری باوکم، ئەو زۆر دڵخۆش بوو..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆهـ.. بەلاّم تۆ ئەو سەردەمەت لەیاد نییە.

**ئۆزڤاڵد**/ نەخێر بەچاکی لەیادمە. باوکم هەڵیگرتمو خستمیە سەر ئەژنۆی و پایپەکەی خۆی داپێم بیکێشمو گوتی: بیکێشە کوڕم! بەردەوام بە ! دووکەڵ بەبا بدە! منیش بەناڕەحەتییەوە ئەوەندەی توانیم مژم لێدا.. هەتا هەستم کرد زەرد هەڵگەڕامو دڵۆپە عەرەقی گەورە بەنێوچاوانمدا هاتە خوارەوە، ئەویش دایە قاقای پێکەنین.

**پاستەر**/ چەند جوانە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ پاستەری خۆشەویست، ئەمە لەوە دەچێت ئۆزڤاڵد لەخەونیدا بینیبێتی.

**ئۆزڤاڵد**/ نەخێر من دڵنیام کەلەخەونمدا نەبووە. دایکە تۆ بیرت ناکەوێتەوە کەلەو کاتەدا هاتیتە ژوورەوەو بردمت بۆ ژووری نوستن، دوای ئەوە نەخۆش کەوتمو بینیم تۆ دەگریایت.. ئایا باوکم گاڵتەی لەو جۆرەی نەدەکرد؟

**پاستەر**/ کاتێ گەنج بوو هێجگار بزێو بوو، چالاك بوو.

**ئۆزڤاڵد**/ نەخشەی ئەوەی دانابوو کەزۆر شت لەژیانیدا بەدەست بهێنێت، بەڵێ شتی زۆرو بەکەڵك، بەلاّم زۆر بەگەنجی سەری نایەوە.

**پاستەر**/ بەڵێ تۆ بێگومان ناوو ناوبانگێکی چاکت لەو پیاوە چاکەوە بۆ بەجێماوە.. ئۆزڤاڵد ئاڵڤینگی خۆشەویست. دەبا خۆزگەی ئەوە بخوازین، ئەو ناوە ببێتە سروش بۆت.

**ئۆزڤاڵد**/ بێ گومان هەروا دەبێ.

**پاستەر**/ بەهەرحاڵ، شتێکی چاکت کرد کەبۆ ئاهەنگ گێڕان لەسەر شەرەفی باوکت گەڕایتەوە.

**ئۆزڤاڵد**/ ئەوە کەمترین شتێك بوو کەبۆ باوکمی بکەم.

**خاتوو** ئاڵڤینگ/ بەلاّم لەوەش چاکتر ئەوەیە کەبۆماوەیەکی دووروودرێژ، لەلام بمێنیتەوە.

**پاستەر**/ بەڵێ وەکو بیستوومە، ئەم زستانە لێرە بەسەر دەبات.

**ئۆزڤاڵد**/ من بۆ کاتێکی دیاری نەکراو لێرە دەمێنمەوە پاستەر.. ئۆهـ .. چەند خۆشە ئەگەر جارێکیتر لەم ماڵەدا، سەقامگیر ببمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (پێدەکەنێ) بەڵێ ئەی وانییە؟

**پاستەر**/ (بەسۆزەوە سەرنجی ئۆزڤاڵد دەدات) تۆ زۆر منداڵ بوویت کاتێ ئێرەت بەجێهێشت، ئۆزڤاڵدی خۆشەویست.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ من زوو رۆیشتم، زۆربەی کات ئاواتەخوازم کە ئەوەندە زوو نەڕۆیشتمایە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆهـ .. من ناڵێم بەلایەنی کەمەوە دەبێ.. بەڵکو دەڵێم باشترین شت بۆ کوڕی رێك و پێك ئەوەیە.. بەتایبەتیش ئەگەر تاقانەبێت لەماڵەوە نەمێنێتەوەو، لەگەڵ باوك و دایکیدا و لەبەرچاویان ناشیرین ببێت.

**پاستەر**/ ئەمە خاڵێکە جێگای گفتوگۆ لەسەر کردنە خاتوو ئاڵڤینگ. چونکە جێگای گونجاو بۆ منداڵ، هەمیشە ئامێزی دایك و باوکیەتی.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ پاستەر من لەگەڵ تۆدام، جێگای گونجاوی منداڵ ماڵی باوکیەتی.

**پاستەر**/ سەیری کوڕەکەت بکە.. ئا بەڵێ.. ئایا دەتوانین ئەوە بدەین لەڕووی کەچی بەسەرهاتووە؟ تەمەنی دەوروبەری بیست و شەش یان بیست و حەوت ساڵە کەچی تاکو ئێستا، بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە، بزانێت ماڵی راستەقینە چۆنە.

**ئۆزڤاڵد**/ ئاه .. نەخێر.. داوای لێبوردن دەکەم پاستەر، لەمەیاندا بەهەڵەداچوویت.

**پاستەر**/ من وای بۆ دەچم، بەشی زۆری ئەو تەمەنەت، لەنێو هونەرمەندانەدا بەسەر بردووە.



**ئۆزڤاڵد**/ ئەمە راستە.

**پاستەر** / بەتایبەتیش لەنێو هونەرمەندانی گەنجدا.

**ئۆزڤاڵد**/ وایە.

**پاستەر**/ ئێ.. من وای بۆ دەچم، زۆربەی ئەو کەسانە توانای پێکەوەنانی ماڵ و دروستکردنی خێزانیان نییە.

**ئۆزڤاڵد**/ بێ گومان پاستەر، زۆربەیان توانای ژن هێنانیان نییە.

**پاستەر**/ دەقاودەق منیش مەبەستم ئەوەیە.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵام سەرباری نەبوونی ژنیش، دەشێ بتوانن ماڵ پێکەوە بنێن و هەندێکیشیان ماڵیان هەیە.. ماڵی خۆش و جێگای حەوانەوە. (خاتوو ئاڵڤینگ بەوریایی گوێی گرتووەو بێدەنگ سەر دەلەقێنێ)

**پاستەر**/ ئاه .. بەڵام من دەربارەی دامەزراوی (خانەی) رەبەنەکان نادوێم، بەڵکو مەبەستم لەماڵ و ژیانی خێزانییە. واتە مەبەستم ئەو شوێنەیە کەمێرد لەگەڵ ژن و منداڵیدا، پێکەوە تیایدا دەژین.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ.. یان لەگەڵ منداڵەکانی و دایکیاندا.

**پاستەر**/ (بەدەم قسەکردنەوە دەستی هەڵدەگلۆفێ) بەڵام ئەی ئاسمانی مەزن..!

**ئۆزڤاڵد**/ خێرە؟

**پاستەر**/ دەژی لەگەڵ.. لەگەڵ دایکی منداڵەکانیدا؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ.. دەتەوێ واز لەدایکی منداڵەکانی بهێنێ؟

**پاستەر**/ بەو پێیە، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت، پەیوەندیی ناشەرعی نین؟ واتە ئەوەی کەبەپەیوەندی ناشەرعی ناو دەبرێت.

**ئۆزڤاڵد**/ من هەرگیز تێبینی شتی نایاساییم نەکردووە، لەو کەسانەی پێکەوە ژیان دەگوزەرێنن.

**پاستەر**/ بەڵام چۆن دەشێ پیاوێکی گەنج یان ئافرەتێکی گەنج، دان بەخۆیاندا بگرن با پەروەردەیەکی باشیش کرابن، کاتێ بەو شێوەیە پێکەوە بژین و هیچ بەربەستێك لەنێوانیاندا نەبێت؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵام هونەرمەندێکی لاوی هەژار، یان کچێکی لاو دەتوانن چی تر بکەن؟ کاتی ژنهێنان پارەیەکی زۆری دەوێت؟ چی رێگایەکی تر لەبەر بگرن؟

**پاستەر**/ چی بکەن؟ زۆر چاکە مستەر ئاڵڤینگ. من پێت دەڵێم دەتوانن چی بکەن. ئەوەی کەدەتوانن بیکەن ئەوەیە، هەر لەسەرەتاوە تێکەڵاوی یەکتر نەبن.

**ئۆزڤاڵد**/ ئەم جۆرە ئامۆژگارییە ناتوانێت بەتەواوی گڕو کڵپەی لاوانی عاشق دابمرکێنێتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نەخێر ناتوانێت.

www.pertwk.com

**پاستەر**/ (لەسەری دەڕوات) ئەگەر وەها بیر بکرێتەوە کەدەسەڵات ڕێگەی ئەم جۆرە شتانە دەدات و بواریان بۆ دەکاتەوە کەبەشێوەیەکی ئاشکرا بەردەوام بن !

(ڕوو دەکاتە خاتوو ئالڤینگ) چەند شتێکی باش دەبوو، چەند شتێکی باش دەبوو، ئەگەر من پەیوەندییەکی بەتینم بەکوڕەکەتەوە هەبوایە! لەناوەندێکی وەهادا کەبەدڕەفتاری لەسنوور بەدەریش قبوڵ بکرێت و .. هێشتا ڕاستگۆییش..

**ئۆزڤاڵد**/ با هەندێ شتت بۆ ئاشکرا بکەم پاستەر! من ئاسایی ڕۆژانی یەکشەممانم لەو ماڵە نایاساییەدا بەسەر برد.

**پاستەر**/ ڕۆژی یەکشەممانت وا بەسەر بردووە..؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ ئەو ڕۆژەی کەپێویستە خەڵك بحەوێتەوە.. بەڵام هەرگیز لەوێ وشەیەکی نابەجێم نەبیستووەو بەدڵنیاییشەوە دەڵێم شتێکی وەهام نەبینیوە، شایانی ئەوەبێت پێی بگوترێت بێ ڕەوشتی. نەخێر، بەڵام ئایا دەزانیت من لەنێوەندی هونەریدا بەنێو بێ ڕەوشتیدا گوزەرم کردووە؟

**پاستەر**/ نەخێر.. سوپاس بۆ خوا شتی وا نابێت.

**ئۆزڤاڵد**/ کەواتە با پێت بڵێم، من کاتێ ئەو جێگایانەم بینیوە کەیەك دوو مێردی هاوشێوەی تۆ لەگەڵ چەند باوکێکدا لەدەرەوە هاتبوون، تا بەسەرپێوە حسابی خۆیان بکەن و دەعوەتی هونەرمەندان بکەن، بۆ ماڵە ئاساییەکانیان. پاشان شارەزای یەك دوو جێگا بووین.. ئەو پیاوچاکانە هەندێ شوێن و شتی وایان نیشان داین کەئێمە لەخەونیشدا هەرگیز نەمانبینیبوو.

**پاستەر**/ چی ؟ مەبەستت ئەوەیە کەپێم بڵێیت پیاوانی خاوەن ڕێز لەماڵەکانیاندا..

**ئۆزڤاڵد**/ ئایا هەرگیز ئەوەت نەبیستووە کەئەم پیاوچاکانە، کاتێ دەکەونە ماڵەوە دەست دەدەنە ئەوەی کەچۆن بێڕەوشتی بڵاوبکەنەوەو برەوی پێ بدەن!

**پاستەر** / بەڵێ، بێگومان.

**ئۆزڤاڵد**/ کەواتە بۆ ئەو مەبەستە دەتەوێت قسەی ئەوان وەربگریت.. هەندێکیان خاوەن ئەزموونن.. (سەر بادەدات) ئۆه .. دان بەخۆدا ناگرم کاتێ دەربارەی ژیانێکی سەرنج ڕاکێش و پڕ لەئازادی لەسەر بنەمای ئەو ناپاکییە، گوێم لەشت دەبێت.

**خاتوو ئالڤینگ**/ پێویستە هەڵنەچیت ئۆزڤاڵد، ئەمە تەنها پەیوەندیی بەخۆتەوە هەیە.

**ئۆزڤاڵد**/ نا، دایکە تۆ ڕاست دەکەیت، ئەم هەڵچوونە بۆمن جوان نییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کەماندووم.. ئێستا دەچمە دەرەوەو پێش خواردنەکە کەمێك پیاسە دەکەم. لێم ببوورە مستەر ماندەر، دەزانم لەسەر ئەو مەسەلە هەرگیز لەگەڵم نابیت.. بەڵام من ویستم ئەوەت بۆ ئاشکرا بکەم (لەدەرگا دوورەکەی لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە).

**خاتوو ئالڤینگ**/ کوڕە بەدبەختەکەم..!

**پاستەر**/ لەوانەیە ئەم قسەیەی تۆ بەتەواوی شایانی کوڕەکەت بێت.. ئەوەتا لەپێناوی ئەو مەسەلەیەدا هاتۆتەوە ( خاتوو ئالڤینگ بەبێ ئەوەی بدوێ سەیری دەکات، پاستەر هەڵدەستێ و دادەنیشێ)، بەخۆیشی دەڵێ کوڕی.. ئاه لەو ئەسەفە، ئای لەو ئەسەفەی کە .. (خاتوو

www.pertwk.com

ئالْڤینگ بەردەوام سەرنجی دەدات) ئەی لەبارەی ئەو هەموو شتانەوە چی دەڵێی؟

**خاتوو ئالْڤینگ**/ دەڵێم ئۆزڤاڵد راست دەکات.

**پاستەر**/ بەڕاستتە؟ داخۆ دروستە کەکوڕەکەت لەبارێکی ئاوادابێت؟

**خاتوو ئالْڤینگ**/ من ئێستا دەمەوێت بەدرێژی بیر لەو مەسەلەی ژیانی تاک و تەنیا بکەمەوە مستەر ماندەر، ئەگەرچی من پێویستم بەهاندان نییە، بۆئەوەی ئەو مەسەلە بچەسپێنم.. ئێستا من مەمنونی کارێکی چاکەم کەکوڕەکەم دەتوانێت بۆم بدوێت.

**پاستەر**/ خاتوو ئالْڤینگ تۆ کەسێکی لەو جۆرەیت، پێویستە خەڵکی بەزەیی زۆریان پێتدا بێتەوە. بەڵام ئێستا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە، دەمەوێت لەگەڵتا باسی بکەم لەساتێکدا کەمن نەوەک رێنوماییکەر نەوەک جێبەجێکەری کارەکانتم، نەوەهاش سەیرم بکە کەهاوڕێیەکی دێرینەی مێردەکەت بووم.. من لێرەدا وەکو قەشە راوەستاوم. وەکو هەمان ئەو کاتە زۆر ترسناکانەی ژیانت کەدێیتە لام و لەبەردەمتدا رادەوەستم.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ داخۆ جەنابی قەشە چی هەیە پێم بڵێت؟

**پاستەر**/ ئێستا با لەسەرەتاوە لاپەڕەی بیرەوەرییەکانت هەڵدەمەوە. ئەمەش کارێکی لەبارە.. سبەینێ یادی دەیەمین ساڵەی کۆچی دوایی مێردەکەتە.. دەبێ لەو یادەدا ئەو بیرەوەرییە، شەرەف مەندیی ئەو ئاشکرا بکات. پێویستە سبەینێ بۆ هەموو ئەو کەسانە بدوێم کەکۆدەبنەوە.. بەڵام دەمەوێت ئەمرۆ بەتەنیا بۆتۆ بدوێم.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ چاکە پاستەر، بەردەوام بە.

**پاستەر**/ دێتەوە یادت کەهێشتا ژیانی ژن و مێردایەتیان نەگەیشتبووە تەنیا یەك ساڵ، لەسەر رۆخی جێگاکە وەستابوویت، چۆن ماڵەکەتت بەجێهێشت، چۆن لەدەست مێردەکەت رات کرد؟ بەڵێ خاتوو ئالْڤینگ هەڵهاتیت.. راتکردو نکوڵی گەڕانەوەشت دەکرد.. لەبری ئەوەی ستایشی مێردەکەت بکەیت و ئاسوودەو بەختەوەری بکەیت.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ لەیادت چۆتەوە کەلەساڵی یەکەمی ژن و مێردایەتیماندا چەند بێزار بووم؟

**پاستەر**/ راکردن بەدوای بەختەوەری لەژیاندا، نیشانەی بوونی رۆحێکی سەرکەشە. بەڕاستی ئایا ئێمە بەرامبەر بەبەختەوەری نەمرین؟ نەخێر ئێمە ئەرکی خۆمان هەیە بەجێی بهێنین. خاتوو ئالْڤینگ ئەرکی سەرشانی تۆش ئەوەیە کەهەموو شتێ لەپێناوی ئەو پیاوەدا، تەرخان بکەیت کەهەڵتبژاردووەو لەژن و مێردایەتیەکی پیرۆزدا بوویت بەهاوبەشی.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ تۆ زۆر بەچاکی ئاگاداری ئەو جۆرە ژیانەبوویت کەمێردەکەم لەو سەردەمەدا دەیگوزەراند.. لەگەڵ ئەو ملهوڕییەی کەدەبوو بەهۆی تاوانبارکردنی.

**پاستەر**/ ئەوەی ئاگاداری بم ئەوەیە کەقسەو قسەڵۆك لەبارەیەوە دەکرا، خۆ ئەگەر ئەو قسانەش راست بوون.. ئەوە من دواکەسم.. هەڵسوکەوتی لەو جۆرە بۆ پیاوێکی گەنج ئاساییە، بەڵام ژن ماف ئەوەی نییە حوکمی مێردەکەی بدات. لەکاتێکدا کەتۆ ئەوپەڕی توانات هەبوو کەچاکێتی ئەو بسەلمێنیت، دەبوایە ئەرکی تۆ دان بەخۆداگرتن بوایە، دەبوایە لەبری ئەوەی یاخی ببیت، لەلوتکەی هێمنیدا بوویتایە. تۆ دوورکەوتیتەوەو تاوانبارەکەت پشتگوێ خست لەکاتێکدا کەپێویست بوو یارمەتی بدەیت، بۆی دەرچوویت و ناوی

بەرزی خۆتت زڕاندو.. ناوو ناوبانگی خەڵکی تریشت خستە بەردەم مەترسی‌یەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ خەڵکی تر؟ مەبەستت کەسێکی ترە؟

**پاستەر**/ هەوڵدانت بۆ دۆزینەوەی بیانوو، بۆئەوەی خۆت لەدەستی من رزگار بکەیت، شتێکی بێ مانایە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بۆ رزگاربوون لەدەستی قەشەکەمان؟ لەدەست هاوڕێی مەزنمان؟

**پاستەر**/ سەرباری هەموو ئەو شتانە.. پێویستە سوپاسی خوا بکەیت کەمن مێشکێکی وەهام هەیە، دەتوانم رازیت بکەم دان بنێیت بەنەخشە بەدفەڕەکەتدا. من ماف ئەوەم هەیە بگەڕێمەوە بۆ باسکردنی ئەرکەکانی سەرشانت و شێوازی ماڵداری کردنت لەگەڵ مێردەکەتدا.. لەکاتێکدا کەئەو لەسەر هەق بوو.



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ پاستەر ماندەر، بێگومان ئەرکی تۆ ئەوەبوو.

**پاستەر**/ داخۆ من هۆیەکی ئاسایی ئەو هێزە مەزنەبووم..؟

تۆش بەدرێژایی هەموو ئەو سەردەمەی ژیانت قەناعەتت نەدەهێنا.. هەتا ئەنجام وام لێکردیت سەری رازی بوون بلەقێنی.

بۆ پەیڕەوکردنی هەموو ئەرکەکانی سەرشانت؟ داخۆ هەموو ئەمانە بەتەواوی، بەو شێوە روویان نەدا کەمن گێڕامنەوە؟ داخۆ ئاڵڤینگ وەکو مێردێك وازی لەشێوازی رەفتارکردنی پێشتری نەهێناو بەشێوەیەکی پەسەندو گونجاو، ژیانێکی کاریگەری لەگەڵت نەبردە سەر.. هەتا ئەو کاتەی مرد؟ داخۆ نەبووە گەورەترین خێرخوا لەو دەڤەرەدا؟ ئەی هەر ئەو نەبوو، لەڕێگای ئەو نموونانەی کەبۆی

دەهێنایتەوە ببیتە یارمەتیدەری لەسەرجەم پرۆژەکانیدا..

یارمەتیدەرێکی زۆر بەتواناش بوویت.. بەڵێ خاتوو ئاڵڤینگ دەزانم کەتۆ یارمەتیت دا.. من لەو رووەوە هەقی خۆتت دەدەمێ.. بەڵام لەئێستا بەدواوە باسی دووەمین هەڵەی ژیانت بۆ دەکەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ مەبەستت لەدووەمین هەڵە چی‌یە؟

**پاستەر**/ هەر چۆن لەبەجێهێنانی ئەرکی ژنایەتیدا، ئەو کاتە سەرکەوتوو نەبوویت، هەروەها لەژیانی دایکایەتیشدا، سەرکەوتوو نەبوویت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆه ..!

**پاستەر**/ تۆ لەژیانتدا، ملکەچی حاڵەتی ملهوڕی پڕ لەخەفەت بوویت، هەرچی وزەت هەیە تەرخانت کردووە بۆ سەرکێشی و لەیاسا دەرچوون.. هەرگیز توانای دان بەخۆداگرتن و سەرکوتکردنی ناختت نەبووە، دیارە تۆ لەژیانی خۆتدا، گرفتە ئاڵۆزەکان لەخۆت دوور دەخەیتەوە، وەك ئەوەی بارێك بن، نەتوانی شان بدەیتە ژێریان، ئەوکاتە چی تر ژیانی ژنایەتیت پێ قبوڵ نەدەکرا، هەر بۆیە مێردەکەت بەجێ هێشت و گەیشتیتە ئەو قەناعەتەی کە ژیانی دایکایەتیش بریتی‌یە لەبێزاری.. هەر بۆیە منداڵەکەتت نارد بۆ غەریبی، هەتا لەئاوارەییدا ژیان بەسەر ببات.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ راستە، بەو جۆرەم کرد.

**پاستەر**/ تا بەو شێوەی ئێستا، کوڕەکەت تۆیشی لێ بووە بەغەریبە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نا.. نا.. دڵنیام کەمن بەغەریبە نازانێت.

**پاستەر**/ نەخێر لای ئەو بوویت بەغەریبە.. بەڵێ هەقە ببیتە غەریبە. ئەنجا سەیرکە بەچ شێوەیەك هاتۆتەوە بۆ لات! بەوریایی بیری لێ بکەرەوە،

خاتوو ئالْڤینگ.. تۆهەڵەیەکی هێجگار گەورەت بەرامبەر مێردەکەت کرد.. بیرەوەری ئەوەیە کەدان بەو هەڵەیەدا بنێیت.. ئێستاش ڕێدان بەبەردەوامبوونی ئەو هەڵەیە، لەئاستی کوڕەکەتدا، خستوویەتیە هەڵەوە. بەڵام هێشتا پێدەچێ کاتی ئەوە مابێ کوڕەکەت لەخراپەکاری دوورکەویتەوە، تۆش ڕێگای خۆت خاوێن بکەرەوەو هەوڵبدە ئەو نەمامی خراپەکارییەی لەناختدا ڕەگی داکوتاوە دەریبهێنە، بۆ ڕاستیش خاتوو ئالْڤینگ (پەنجەرەی شایەتومانی بەرز دەکاتەوە) تۆ دایکێکی سەرکەوتوو نەبوویت. من پێم وایە کەئەرکی سەرشانمە لەو بارەیەوە وریات بکەمەوە

**(وەستان)**

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (بەهێمنی و ئاگادار لەهەڵس‌وکەوتی) پاستەر ماندەر تۆ بەپێی بۆچوونی خۆت دەدوێیت و سبەینێش لەیادی بیرەوەری مێردەکەمدا قسە دەکەیت. مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم سبەینێ قسە بکە، ئێستاش دەمەوێت کەمێ قسەت لەگەڵ بکەم، بەهەمان شێوەی کەتۆ لەگەڵ من دوایت.

**پاستەر**/ دیارە دەتەوێت بۆ ئەو جۆرە هەڵس‌وکەوتانەت، داوای لێبوردن بکەیت!

**خاتوو ئالْڤینگ**/ نەخێر.. دەمەوێت بەمەبەستی پەردەلادان لەڕووی ڕاستی لەگەڵت بدوێم.

**پاستەر**/ هەموو ئەو شتانەی کەلەبارەی من و مێردەکەم و ژیانی ژن و مێردایەتیمانەوە گووتت، لەڕاستیدا تۆ ئاگاداری شتەکان نیت، سەربارەی ئەوەی کەدۆستێکی نزیکمان بویت، کەچی تەنانەت تاکە جارێکیش سەرت نەکردە ماڵەکەماندا. تۆ منت هێنایەوە بۆ لای مێردەکەم، بەناوی (ئەرك بەجێهێنانەوە)

**پاستەر**/ بەڵام ئێوە دوای خێزان پێکهێنان، ڕاستەوخۆ شارتان بەجێهێشت.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ ئەوە ڕاستە، بەڵام بەدرێژایی ئەو کاتەی مێردەکەم لەژیاندا بوو، تاکە جارێ نەهاتیت بۆ ماڵمان.. هەتا ئەو کاتەی سەرقاڵی هەتیوخانەکە بوویت، ئەوسا ناچار بوویت بێیت و سەرم لێ بدەیت.

**پاستەر**/ (بەدەنگێکی بەرزو شەرمەزارییەوە) هیلینا ئەگەر مەبەستت لەم قسانە، سەرزەنشت کرنمە.. ئەوا من دەتوانم داوای ئەوەت لێ بکەم یادی بکەینەوە.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ تۆ دەبێ مەمنوونی ئەو بەرگی قەشەیەت بیت.. بەڵێ من ژنێکی لەمێرد هەڵهاتووبووم.. هەرگیز ناشێ کەسێك هەبێت، هێندە ئاگاداری چارەنووسی ونبوونی ئافرەتێك بێت.

**پاستەر**/ خۆشەویستەکەم خاتوو ئالْڤینگ، ئەوە هەڵبەستنێکی لەسنوور بەدەرە ..

**خاتوو ئالْڤینگ**/ بەڵێ، لەوانەیە وابێ.. بەڵام من ویستم بڵێم ئەو راوبۆچوونانەی لەباری ژیانی خێزانیمەوە دەرت بڕی، جگە لەقسەو قسەلۆکێکی بێواتا.. هیچی ترت نەبوو بیدرکێنی.

**پاستەر**/ لەوانەیە وابێ .. بەڵام ئەوەچی تێدایە؟

**خاتوو ئالْڤینگ**/ مستەر ماندەر ئێستا دەمەوێت حەقیقەتی مەسەلەکەت پێ بڵێم، لای خۆمەوە بڕیاری ئەوەم دابوو کە دەبێ ڕۆژێ لەڕۆژان ئاگادارت بکەم.. ئا کەسێکیش لەو حەقیقەتە ئاگاداری بکەم هەر تۆیت.

**پاستەر**/ کام حەقیقەت..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ حەقیقەتی ئەوەی کەمێردەکەم پیاوێکی بەدڕەوشت بوو، تەنانەت هەتا ئەو کاتەی مرد هەر کۆڵی نەدا.

**پاستەر**/ (خۆی بەکورسییەکەوە دەنووسێنێت) مەبەستت چی‌یە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دوای نۆزدە ساڵ لەژیانی ژن‌و مێردایەتیمان، کەچی هێشتا خەریکی داوێن پیسی بوو، حەزو ئارەزووی هەر هەمان حەزو ئارەزووی ئەو کاتە بوو کە مارەت بڕیم لێی.

**پاستەر**/ ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت حەزو ئارەزووی گەنجێتین، ئەوانەش بەتەواوی لەدەرەوەی سنووری یاسادان.. دیارە پێت خۆشە بەبەدڕەوشتی ناویان ببەیت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ ئەوە حەکیمەکەمان بوو کەبەو جۆرە گوزارشتی شتەکانی دەکرد.

**پاستەر**/ تێناگەم..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ خۆتی پێوە خەریك مەکە.



پاستەر ئاخر ئەوە زیاتر دووچاری سەرەخولێم دەکات، مەبەستت ئەوەیە کەژیانی ژن‌و مێردایەتیتان.. هەموو ئەو ساڵانەی پێکەوە بەسەرتان بردوون بێ واتابوون، بگرە جۆرێك بوون لەدۆزەخ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ.. ئێستا لەوە حاڵی بوویت.

**پاستەر**/ من.. من ناتوانم لەوە تێ بگەم.. ناتوانم پەی بەو شتانە ببەم؟ داخۆ چۆن دەتوانی..؟ چۆن دەبێ شتێکی لەو جۆرە هەر بەنهێنی بمێنێتەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ رۆژهات‌و رۆژ چوو.. چوار ساڵی رەبەق ئەوە حاڵی من بوو.. وا هەست دەکەم، دوای لەدایکبوونی ئۆزڤاڵد کەمێك گۆڕا.. تۆزێ باشتر بوو بەڵام ئەوەش درێژەی نەکێشا، هەردوای ئەوە دووجار شەڕی لەگەڵدا کردم، شەڕێکی بێ مانا.. نەخێر هیچ کەس ئەوەندەی من ئەو پیاوە ناناسێت کەباوکی کوڕەکەم بوو. بەڵێ خۆتۆ دەزانی ئاڵڤینگ چەند قۆز بوو.. هیچ کەس تەسەوری خراپەی لێنەدەکرد، بەڵکو هەموو کەس وای بۆ دەچوون کەپیاوێکی مەردو جوانڕۆیە. ئەو یەکێك بوو لەو پیاوانەی کەژیانی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ناوو ناوبانگی نەبوو.. بەڵام دوای ئەوە، مستەر ماندەر هەندێ شتی تر هاتە گۆڕێ کەدەبێ لێیان بەئاگابیت..

بەڵێ هەندێ شتی زۆر خراپ..

**پاستەر**/ مێردەکەت بەو ئەندازەیە خراپ بوو؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من لەگەڵی بەردەوام بووم، ئەگەرچی بەتەواوی ئاگام لێ بوو، لەملاوئەولا بەنهێنی چی دەکات.. بەڵام کاتێ لەماڵیشەوە دەکەوتە سەر کەڵکەڵەی حەزو ئارەزووەکانی، دەیویست هەمان شت لەماڵیشەوە بکات.

**پاستەر**/ چی ؟ لێرەش؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ لەماڵەکەی خۆماندا (ئاماژە بۆ دەرگاکەی لای راست دەکات) بۆ یەکەم جار کەچووم بەسەردا، لەژووری نان خوارندابوو.. من خەریکی هەندێ ئیش‌و کاربووم، هەندێ شتیش لەدەرەوە بوون، دەرگاکە نیمچە کراوە بوو، کارەکەرەکەمان لەباخچەکەدا درەختەکانی ئاودەدا.. هاتە سەرەوە.

**پاستەر**/ ئێ دوای ئەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دوای ئەوە گوێم لەچرپەی مێردەکەم بوو بەپرچە هەندێ شتی بەکارەکەرەکە گووت. ئەنجاش گوێم لێبوو (پێکەنینێکی کورت) .. ئۆه.. تاکو ئێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە. شتێکی زۆر ناشیرین

بوو گوێم لەکارەکەرەکەمان بوو دەیگوت: بەرمەدە گەورەم با بڕۆم، گەورەم با بڕۆم!

**پاستەر**/ ئەوە بەشێك بووە لەگیانی بەرزی شاراوەی ئەو ، خاتوو ئاڵڤینگ.. بڕوام پێ بکە، ئەوە شتێك نییە لەدەرەوەی سنووری ئەو گیانە بەشکۆیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من هەرزوو زانیم بیر لەچی دەکاتەوە پاستەر. مێردەکەم شتی تایبەتی خۆیی لەگەڵ ئەو کچەدا هەبوو.

**پاستەر**/ (وەکو ئەوەی بووبێت بەبەرد) هەموو ئەو شتانە لەم ماڵەدا بووە! ئا لەم ماڵەدا..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من لەم ماڵەدا، بەرامبەر زۆر شتی گەورە دانم بەخۆدا گرتووە، هەر بۆ ئەوەی ئێواران و شەوان لەماڵەوە بمێنێتەوە، زۆرم لەخۆم کردووە کەبەشداریی خواردنەوەی بەنهێنی شەوانەی لەژوورەکەیدا بکەم. بەتەنیا لەگەڵی دابنیشم و پەرداخی لەگەڵدا بدەم بەیەکداو بخۆمەوە، گوێ لەقسە هیچ و پووچەکانی بگرم.. شەڕە دەستیشم لەگەڵ کردووە، بۆئەوەی بیخەمە ناو نوێنی نوستنەکەیەوە.



**پاستەر**/ واتە تۆ توانیوتە، بەرامبەر هەموو ئەم شانە، دان بەخۆدا بگریت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من لەپێناوی کوڕە بچکۆلەکەمدا بەرامبەر بەهەموو ئەم شتانە، دانم بەخۆدا گرتووە، هەتا ئەنجام بەم ریسوایییە گەیشت، لەگەڵ کارەکەری خۆماندا.. دوای ئەوەی قەناعەتم بەوە هێنا کەئەمەش دواشتە. دەسەڵاتم کرد بەسەر ماڵەکەدا. دەسەڵاتێکی تەواو بەسەر ئەوو هەموو شتێکی تریشدا، ئەو توانای نارەزایی دەربڕینی نەبوو، دەزانی چونکە ئەمجارەیان بەڵگەم بەدەستەوەبوو. هەر ئەو کاتە بوو ئۆزڤاڵدم رەوانەی دەرەوە کرد، ئەو دەمە ئۆزڤاڵد تەمەنی حەوت ساڵان بوو، وای لێ هاتبوو تێبینی شت بکات و بپرسێت.. هەرچۆن ئاسایی منداڵان دەپرسن. وام هەست دەکرد کەهەڵس وکەوتی ناشیرینی ماڵەکە ژەهراوی دەکات، مستەر ماندەر، منیش نەمدەتوانی رێگا بەژەهراوی بوونی منداڵەکەم بدەم، هەر لەبەرئەوە ئۆزڤاڵدم رەوانەی دەرەوە کرد. کەواتە ئێستا دەزانی بۆچی، هەتا باوکی زیندوو بوو، رێگام نەدا بگەڕێتەوە. کەس نازانێت ئەو کارەیە چەند کەوت لەسەرم.

**پاستەر**/ چ ژیانێکی کوێرەوەریت بەسەر بردووە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەگەر من کاری خۆم هەبوایە، ئەوا هەرگیز لەگەڵی بەردەوام نەدەبووم. بەڵێ بەراستگۆییەوە من لەخۆم رادەبینم بڵێم کارم دەست کەوت و.. من دەستم گرت بەسەر هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەی کەمێردەکەم پەیدای کردبوون و زۆر بڕوای پێیان هەبوو.. داخۆ تەسەوری ئەوە دەکەیت کەئەو توانای ئەوەی هەبووبێت، بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت، لەکاتێکدا بەدرێژایی رۆژ لەسەر چەرپاکە رادەکشاو دەربارەی یاسا کۆنەکان شتی دەخوێندەوە؟ نەخێر.. ئێستا هەندێ شتی ترت بۆ باس دەکەم کەهەر من بووم هانم دا، هەتا بتوانێ هەندێ رۆژگاری گەشاوەی هەبێت، هەر منیش بووم کاتێ کەئەو گەڕایەوە سەر بەدڕەوشتییەکەی خۆی، هەموو شتێکم ئەنجام دا.. یان لەو کاتانەدا کەوای نیشان دەدا جێگای بەزەی پێداهاتنەوەیە، من لێی نەدەگەڕام..!

**پاستەر**/ ئەمە ئەو پیاوەیە کەلەبیرەوەری ئەودا، بینا دروست دەکەین؟

خاتوو ئاڵڤینگ/ لێرەدا تۆ وزەی ویژدانێکی خراپ دەبینی.

**پاستەر**/ خراپ.. مەبەستت لەوە چییە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من بەردەوام بڕوام وابوو کەدەبێ رۆژێ لەڕۆژان، راستی ئاشکرا ببێت و هەموو خەڵکی بڕوا بەڕاستی بهێنن. دروستکردنی

هەتیوخانــە بەمەبەســتی رەتکردنــەوەی ئــەو قســەو قســەڵۆکانەو لەنێوبردنی تۆوی گومان بوو.

**پاستەر**/ بەدڵنیاییەوە لەم رووەوە خاتوو ئاڵڤینگ تەواو سەرکەوتوویت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تاکە هۆیەکی تریش لەئارادابوو، ئەویش ئەوەبوو کەمن نەمدەویست ئۆزڤاڵدی کوڕم بەهیچ شێوەیەك بچوکترین شت لەباوکییەوە وەربگرێت.

**پاستەر**/ کەواتە ئەوەی لەسنووری دەسەڵاتی ئاڵڤینگ دابوو، ئەوەبوو کە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ.. ئەو (بڕە پارانە)ی کەساڵ بەساڵ دەمخستە لاوە بۆ هەتیوخانەکە.. کەئەنجام ئەو پارەیەی لێ کۆبووەوە، زۆر بەوریاییەوە حسابم کردووە.. بڕە پارەیەکی ئەوتۆ بوو کەلەسەردەمی خۆیدا توانی ناوبانگ بۆ یاوەر ئاڵڤینگ دروست بکات.

**پاستەر**/ من وای نابینم کە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەوەش بەهای کڕینی خۆمە. بەڵام ئێستا نامەوێت ئەو پارەیە بچێتە دەستی ئۆزڤاڵدەوە، ئەوەی بۆ کوڕەکەم دەمێنێتەوە دەبێ لەمنەوە بۆی بمێنێتەوە نەك کەسێکی تر.

(ئۆزڤاڵد لەدەرگای لای راستەوە دێتە ژوورەوە، شەبقەو پاڵتاوەکەی لەهۆڵەکە بەجێهێشتووە، خاتوو ئاڵڤینگ دەڕوات بۆلای ئۆزڤاڵد)

کوڕە خۆشەویستەکەم ئەوە هاتیتەوە؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، ئەی چی بکەم لەدەرەوە، لەبەر ئەو بارانە بەهێزە؟ وای بۆ دەچم ئێستا خواردن ئامادەبێت. ئەگەر وابێت شتێکی چاکە.

**ریجانیا**/ (لەژووری نان خواردنەوە دێتو کیسێکی پێچراوی بەدەستەوەیەو دەیدات بەخاتوو ئاڵڤینگ) خانم ئەمە بۆتۆ هاتووە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (سەرنجی پاستەر ماندەر دەدات) مۆسیقا بۆ کۆبوونەوەی بەیانیانی کەنیسە شتێکی لەبارە.

**پاستەر**/ هم ..!



**ریجانیا** / خواردن ئامادەیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ سوپاس.. هەر ئێستا دێین، تەنیا دەمەوێت (کیسەکە دەکاتەوە)

**ریجانیا** /( بۆ ئۆزڤاڵد) حەزت لەشەرابی سوور یان سپییە، مستەر ئۆزڤاڵد؟

**ئۆزڤاڵد**/ ئەگەر زەحمەت نییە هەردووکیان.. خاتوو ئینگستراند.

**ریجانیا**/ بەچاوان، زۆر باشە مستەر ئۆزڤاڵد (دەچێتەوە بۆ ژووری نان خواردن)

**ئۆزڤاڵد**/ دەتوانم بوتڵەکانت لەگەڵدا هەڵپچڕم. بەدوای ریجانیادا دەچێت بۆ ژووری نان خواردن، دەرگاکە بەنیوەکراوەیی دەمێنێتەوە)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ پاستەر. وام بەخەیاڵدا هات کەکۆرسەکە گۆرانی تێدابێت.

**پاستەر** / (دەستەکانی هەڵدەگلۆفێ) چۆن بتوانم سبەینێ، بەویژدانێکی خاوێنەوە قسە بکەم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دەبێ خۆت ئامادە بکەیت.

**پاستەر**/ بەڵێ.. دەبێ هیچ قسەیەکی خراپ نەکەین.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دەبێ خۆت ئامادە بکەیت.

**پاستەر**/ هەروەها دەبێ ئەم کۆمیدییە دوور و درێژە پڕ مەترسییە کۆتایی پێ بێت. لەسبەینێ بەدواوە، دەبێ واهەست بکەم کەمێردەکەم هەرگیز لەم ماڵەدا نەژیاوە.. دەبێ (تارمایی) هیچ کەسێك لەم ماڵەدا نەبێتو جگە لەکوڕەکەمو دایکی، کەسی تر لەم ماڵەدا نەبێت.

(لەژووری نانخواردن دەنگی کەوتنی کورسیو چرپەی توندی ریجانیا دەبیسترێ)

**ریجانیا**/ وازبێنە ئۆزڤاڵد، هیچو پووچ مەبە، لێم گەڕێ بڕۆم!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەترسەوە) ئاه ! (لەدرزی دەرگاکەوە بەحەسرەتەوە سەیردەکات، دەشێ ئۆزڤاڵد لەژوورەوە گوێی لەکۆکین و بۆڵەبۆڵ بێت، بوتڵەکە هەڵدەپچڕێت)

**پاستەر**/ (بەپەشێوییەوە) مەسەلە چی‌یە؟ ئاڵڤینگ.. ئەوە چی‌یە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەقوڕگێکی نووساوەوە) تارماییەکانە ! جوتێك تارمایی لەهەمان شێوەدا.. دیسان دەست پێدەکەنەوە!

**پاستەر**/ مەبەستت چی‌یە؟ ریجانیا.. ئەو ..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ** / بەڵێ.. وەرە بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنێ! (دەستی پاستەر ماندەر دەگرێ و بەپەشێوییەوە، بەرەو ژووری نان خواردن دەڕۆن).



# ئەکتی دووەم

شوێن هەمان ژوورە، تەمومژێکی شێدار سەری دیمەنە سەوزەکەی گرتووە، پاستەر ماندەر و خاتوو ئاڵڤینگ لەژووری نانخواردن دێنە دەرەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەبەر دەرگاکەدا دەوەستێ) با لێرەدا دانیشین مستەر ماندەر. (بانگی ژوورەوە دەکات) تۆش نایەیتە ئێرە ئۆزڤاڵد؟

**ئۆزڤاڵد**/ (لەدوورەوە) نا.. سوپاست دەکەم، دەمەوێ بۆ ماوەیەکی کەم بچمە دەرەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ باشە بڕۆ، کەمێ رۆشنی کردۆتەوە (دەرگای ژووری نانخواردن پێوە دەدات و پاشان بەرەو دەرگای هۆڵەکە دەڕوات و بانگ دەکات) ریجانیا!

**ریجانیا**/ (لەدوورەوە) بەڵێ .. خانم.. دەڵێ چی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بڕۆ خوارەوە بۆ ژووری شت و مەك شتن، شتەکانیان لەگەڵ رێك بخە.

**ریجانیا**/ بەچاوان خانم.

(کاتێ خاتوو ئاڵڤینگ، لەوە دڵنیا دەبێت کەریجانیا رۆیشتووە، دەرگاکە دادەخات)

**پاستەر**/ دڵنیایت کەلەوێوە ئۆزڤاڵد گوێی لێمان نابێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەگەر دەرگا دابخرێت نەخێر، جگە لەوەش هەر ئێستا دەچێتە دەرەوە.

**پاستەر**/ من هێشتاکە پەشێوم، ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کەچۆن ئەم خواردنە خۆشەی خواردمان لەبیر ببەمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (دێت و دەچێت و خەریکە هێمن دەبێتەوە) منیش پڕکێشی ئەوە ناکەم، بەڵام دەبێ چی بکرێت؟

**پاستەر**/ بەڵێ دەبێ چی بکرێت؟ من سەری لێدەرناکەم، بەڕاستی هیچی لێ نازانم، هیچ ئەزموونێکم لەم جۆرە شتانەدا نی‌یە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من دڵنیام کەهیچ شتێك.. ئەوەش بۆ بەدبەختی روویدا.

www.pertwk.com

**پاستەر/** ئاسمان ئەو شتانەی قەدەغەکردووە، ئەمەو شتی تریش چوون یەکن، هەڵسوکەوتێکی نابەجێیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەوە هەموو ئارەزووی لەدەست چووە لای ئۆزڤاڵد، لەوانەیە تۆ سەر لەوە دەرکەیت.

**پاستەر/** بەهەرحاڵ من گوتم ئەوەندە لەو شتانە نازانم، بەڵام بەدڵنیاییەوە، وام لا دەردەکەوێت کە..

**خاتوو ئاڵڤینگ/** پێویستە ریجانیا بێ دواکەوتن ئەم ماڵەیە بەجێ بهێڵێت، ئەوەش شتێکە وەك رۆژ ئاشکرایە.

**پاستەر/** بەڵێ منیش رام وایە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵام بۆ کوێ؟ ئێمە بەڕاستی ناتوانین..

**پاستەر/** بۆکوێ؟ بێ گومان بگەڕێتەوە لای باوکی..

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بگەڕێتەوە بۆ کوێ؟

**پاستەر/** بۆ ماڵی.. ئۆه.. بەڵام ئینگستراند.. ئای ئاسمانی مەزن.. خاتو ئاڵڤینگ لەوانەیە ئەوە راست نەبێت، دەشێ هەڵەبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ترسی من بۆ ئەوەیە کەئەو شتە راستە! جۆهانا هەموو شتێکی بۆ باس کردم، مێردەکەشم نەیتوانی نکوڵی ئەوە بکات. هەر لەبەرئەوە تاکە شتێکی گونجاو کەدەشیا ئەنجام بدرێت، ئەوەبوو ئەو مەسەلە پەردەپۆش بکرێت.



**پاستەر/** بەڵێ ئەوە تاکە شتێ بوو کەدەتتوانی ئەنجامی بدەیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** دوای ئەوە (جۆهانا) ئەو ئافرەتە راستەوخۆ برێك پارەی باشی وەرگرت کەبتوانێ بژێویی خۆیی پێ مسۆگەر بکات پاشان بۆی دەرچوو، وێڵی دوای حەوانەوەی خۆی بوو.. کاتێ گەڕایەوە بۆ شار، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئینگستراندا نوێ کردەوە.. لەوانەیە بەئاماژەیەك ئینگستراندی لەو هەموو پارەیە تێگەیاندبێ کەهەیبوون، هەروەها چیرۆکی دەربارەی هەندێ بیانی و ئەوانەی ئەو هاوینە لێرە خستبوونیە سەرپشتی کەشتی بۆ گێڕایەوە، بەم شێوەیە دەست بەجێ لەگەڵ ئینگستراندا شاییان کرد.. چۆن خۆتۆ خۆت مارەت کرد؟

**پاستەر/** بەڵام چۆن توانی..؟ من بەئاشکرا هاتنی ئینگستراندم دێتەوە یاد کەبەمەبەستی شایی کردن هات. ئەو بێدەربەست بوون، پەشیمان بووەوەو سەرزەنشتی خۆی کرد دەرهەق بەو گەمژەییەتیەی کەخۆیو دەزگیرانەکەی پێ تاوانبار بوون.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئاسایی ئەو سەرزەنشتی خۆی کرد.

**پاستەر/** بەڵام ئەوە کارێکی بێ مانابوو، چ بۆ خۆیو چ بۆ منیش ، من هەرگیز لەوبارەیەوە بڕوام بەجاکۆب ئینگستراند نەدەکرد. لەوە دەچوو ئەو بەتەواوی دڵنیا بێت، لەوەی کە قسەیەکی باش لەو بارەیەوە لەمن دەبیستێ، دوای ئەوەش بەدڕەوشتی ژن هێنانێکی لەو جۆرە.. تەنیا بەمەبەستی پارە!

داخۆ ئەو کچە چەندێ پارەی دابوویە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** سێ سەد دۆلار.

**پاستەر/** تۆ بیر لەوە بکەرەوە! لەپێناوی سێ سەد دۆلاری بێ بەهادا، ئافرەتێکی بەرەڵا بخوازیت!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەی کەواتە دەربارەی من چی دەڵێیت کەشووم کرد بەپیاوێکی بەرەڵا؟

**پاستەر/** بەڵام ئەی ئاسمانی مەزن.. مەبەستت چییە لەپیاوێکی بەرەڵلا؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئایا دەزانیت کاتێ لەگەڵ ئاڵڤینگ چووم بۆ کەنیسە، ئەو هیچ لەوکاتەی جۆهان خاوێنتر نەبوو کەئینگستراند مارەی کرد؟

**پاستەر**/ ئاه، بەڵام دڵنیابە، جیاوازییەکی تەواو لەنێوان .. هەیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ لەڕاستیدا جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر نەبوو.. بەڵکو جیاوازی گەورە لەبەهادا بوو. واتە سێ سەد دۆلاری بێ بەهاو هەرچی سەرمایەیە.

**پاستەر**/ بەڵام تۆ ناتوانیت ئەو دوو حاڵەتە بەراورد بکەیت..
تۆ لەدڵی خۆتدا لێکت دابووەوە لەگەڵ دایكو باوکیشتدا لێی دوابوون.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بێئەوەی سەیری بکات) من وای بۆ دەچووم کەتۆ لەمەبەستی من تێگەیشتووی وەکو خۆت دەڵێیت، ئەو لەو رۆژگارەدا ئامانجی خۆی هەبوو.

**پاستەر**: (بەزەحمەتەوە) ئەگەر بمزانیایە دڵی تۆ لەکوێیە نەمدەتوانی هەموو رۆژێ بەردەوام سەردانی ماڵی مێردەکەت بکەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئم.. ئەوەی وەکو راستییەکی لەبەرچاوە ئەوەیە کەمن هەرگیز بەخۆمدا نەچوومەتەوە.

**پاستەر**/ ئەوانەی پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵت هەبوو.. دەشێ لەسەر هەق بووبن.. دایکتو دوو پوورەکەت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ ئەوە راستە.. ئەو سێ کەسە هەموو شتێکیان بۆ رێکخستم. ئۆه ..! تۆ هەرگیز بڕوا ناکەیت کەئەوان بەچ شێوەیەك ئەو مەسەلەیان بۆ روون کردمەوە کەپێدەچێت شێتییەکی تەواو بووبێت کەداواکارییەکی لەو جۆرە رەتبکەیتەوە. ئەگەر ئێستا دایکم لەشوێنێکەوە چاوی لێم دەبوو، دەیزانی ئەو هەموو بەڵێنە بریقەدارانە بۆکوێ چوون!

**پاستەر**/ لەبەرئەوەی شتەکان پێچەوانە دەبنەوە، هیچ کەس شایانی ئەوە نییە سەرزەنشت بکرێت، بەلایەنی کەمیشەوە، شتێك هەیە دیارە ئەویش ئەوەیە کەشووکردنەکەی تۆ بەتەواوی ئاشکرا کراوەو بەپێی یاساو فەرمان ئەنجام دراوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەپەنجەرەکەوە) ئۆه.. یاساو فەرمان ! بەڵێ من هەمیشە وابیردەکەمەوە کەیاساو فەرمان هۆی هەموو تەنگو چەڵەمەیەکن لەم جیهانەدا.

**پاستەر**/ خاتوو ئاڵڤینگ، ئەوە شتێکی هێجگار خراپە بۆتۆ..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ لەوانەیە وابێت، بەڵام لەمەودوا ئیتر خۆم نائاڵێنمە ئەو هەموو ئەركو پەیڕەوانەوە، راستتر بڵێم ناتوانم.. رێگایەکی ترم پێویستە، هەتا خۆم دەرباز بکەم.

**پاستەر**/ مەبەستت لەوە چییە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەشووشەی پەنجەرەکە دەدات) دەبوو هەرگیز ئەو راستیانەم دەربارەی ژیانی مێردەکەم نەشاردایەتەوە، بەڵام ئەو سەردەمە هیچم پێ نەدەکرا. من زۆر ترسنۆك بووم.

**پاستەر**/ ترسنۆك؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئەگەر خەڵك دەربارەی ئەوە بیانزانیایە ئەوە دەشیا بیانگوتایە: بۆ پیاوێکی بەدبەخت شتێکی ئاساییە، کاتێ ژنێکی لەو جۆرەی هەیە، کەچی ماڵەوە بەجێدەهێڵێتو بۆی دەردەچێت.

**پاستەر**/ تا سنوورێکی دیاریکراویش لەسەر حەق بوون، ئەگەر وایان بگوتایە.

www.pertwk.com

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (زۆر بەوردی سەرنجی پاستەر دەدات) ئەگەر من ژن بوومایە دەبوا.. ئۆزڤاڵدم ببردایەتە تەنیشتێکەوەو بمگوتایە: گوێ بگرە کوڕم، باوکت پیاوێکی بەدڕەفتار بوو..

**پاستر**/ ئەی خوایە لێی نەگری..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ جگە لەوەش وشە بەوشە، هەموو ئەو شتانەم پێ بگوتایە کەبەتۆم گوتن.

**پاستەر**/ خاتوو ئاڵڤینگ، بەڕاستی من لەتۆ بێزارم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، دەزانم، بەتەواوی دەزانم هەست بەچی دەکەیت.. کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە، خۆم بێز لەخۆم دەکەمەوە (لەپەنجەرەکە دوور دەکەوێتەوە) من ئەو ترسنۆکەم.

**پاستەر**/ تۆ ئەنجامدانی ئەرکی دیاریکراوی سەرشانت ناو دەنێیت ترسنۆکی؟ ئەوەت لەیاد چۆتەوە کەدەبێ منداڵ، باوك و دایکی خۆش بوێت و ڕێزیان لێ بگریت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ وامان لێ مەکە شتەکان بەسەر تێکڕای خەڵکیدا بچەسپێنین. بواری ئەوەمان بدە بپرسین: داخۆ ئۆزڤاڵد کابتن ئاڵڤینگی یاوەری خۆشدەویست و ڕێزی دەگرت؟

**پاستەر**/ ئایا لەناخەوە وەکو دایکێك، دەنگێ بەئاگات ناهێنێ و ڕێگای تێکشکاندنی بیرۆکەکانی کوڕەکەت لێ بگرێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام ڕاستی‌یەکەی..

**پاستەر**/ بەڵام بیرۆکەکانی ئەو...

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆهـ .. بیرۆکەکان.. بیرۆکەکان ! ئەگەر من ئەو ترسنۆکە نەبوومایە، ئەوا دەبووم بە..!

**پاستەر**/ خاتوو ئاڵڤینگ بیرۆکەکان ڕەت مەکەرەوە.. ئەوان (ئەو بیرۆکانە) دەتوانن تۆڵەیەکی دڕندانە بکەنەوە، بەتایبەتی بۆ نموونە ئۆزڤاڵد وەربگرە: من دەترسم ئۆزڤاڵد بیرۆکەی وەها نەبێت، بەڵام دەتوانم هەست بەوە بکەم کەهەمیشە باوکی لەلای وەکو نموونەیەك وەهایە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ وایە ڕاست دەکەیت

**پاستەر**/ ئەم وێنەیەی باوکیشی شتێکە تۆخۆت لەکەسێتی ئۆزڤاڵدا پەروەردەت کردووەو، لەڕێگای نامەکانتەوە بۆ ئەو مەبەستە هانت داوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئەنجامدانی ئەرکەکانم جێگای سوپاسە، من بۆ ساڵانێك بەلای کوڕەکەمەوە دانیشتم. کێ ترسنۆکە.. من چ ترسنۆکێك بووم..!

**پاستەر** / تۆ وەهمێکی جوانت لەمێشکی کوڕەکەتدا چاند خاتوو ئاڵڤینگ، شتێکی لەو جۆرە کەدەتوانرێ شانازی پێوە بکرێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ هم..! بەڕاستی ئەگەر شتێکی وەها پەسەند بۆ هەتا هەتایە بمایەتەوە، ئەوا من سەرسام دەبووم. بەڵام لەوە زیاتر ناتوانم چاودێری ڕیجانیا بکەم.. لەوەش ناچێت ئۆزڤاڵد ژیانی ئەو کچە بەدبەختە تێك بشکێنێ.

**پاستەر**/ نا.. ئاسمانی مەزن.. چەند مەترسی‌یەکی گەورەیە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەگەر وای بۆ بچوومایە کەبەجدییەتی ئەوا دەشیا ئاسوودە ببوایە..

**پاستەر**/ جوانە، چی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام ئاسوودەی ناکات. من دەترسم ڕیجانیا مل بۆ ئەوە نەدات.

www.pertwk.com

**پاستەر**/ بەڵام.. بەڵام مەبەستت چییە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەگەر ئەو ترسنکۆییە هیچەم نەبوایە، ئەوا دەمگوت بیخوازە، یان هەر شتێکی تر کەپێت خۆشە بیکە، ئەمەش فێڵێکی ئەوەندە گەورە نییە.

**پاستەر**/ خودا حەرامی کردووە! داخۆ ئەوە ژنو مێردایەتی کردنێکی شەرعییە؟ ئاه.. کەمەترسییەکی گەورەیە! دەشێ شتی وا ببیستریٚ؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ گوایە دەڵێی شتی لەم جۆرە نەبیستراوە؟ پاستەر ماندەر داخۆ بەراستی بڕوا بەوە دەکەیت لەجێگاکانی تری ئەم وڵاتەدا، چەندین ژنو مێردی تر نین کەپێوەندیی خزمایەتی لەم جۆرە نزیکیان هەبێت؟

**پاستەر**/ بەراستی لێت تیٚناگەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام وای بۆ دەچم کەتیٚی بگەیت.

**پاستەر**/ ئۆه .. تۆ بیر لەو حاڵەتانە دەکەیتەوە کەبۆ سەردەمی لاویٚتی بشیٚن، بەڵام من دەترسم لەوەی ئەگەر ژیانی خێزانی بەقەد ئەوە خاویٚن نەبێت کەپێویستە. ئەو شتانەی کەتۆ ئاماژەت بۆ کردن، کەس نییە بەراستیان بزانێت، یان لەڕاستیان دڵنیابێت. بەڵام بەگوێرەی تۆ، وەکو دایکێك دەبیٚ رازی بیت، بەوەی کەمۆڵەتی کوڕەکەت بدەیت تا..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام من ئامادەنیم مۆڵەتی ئەوەی بدەم، من لەم دنیایەدا هیچ بوارێکی ئەو شتە نادەم.. ئەمەش شتێکە لەوساوە گوتوومە.

**پاستەر**/ نەخێر، وەکو خۆت گوتت ترسنۆکیت، بەڵام ئەگەر ترسنۆك نەبویتایە.. ئەی خوای گەورە! بەڵام ئەو ژنو مێردایەتیە حەرامە.



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام وەك دەڵێن، ئێمە هەموومان لەژنو مێردایەتیەکی لەو جۆرە کەوتووینەتەوە، ئەی کیٚ دنیای بەو شێوەیە رێکخستووە پاستەر ماندەر؟

**پاستەر**/ من نامەوێت گفتوگۆی ئەم جۆرە مەسەلەت لەگەڵدا بکەم، خاتوو ئاڵڤینگ.. نەخێر کاتیٚ لەبارێکی دەروونی نا سەقامگیردا بیت.. کاتێکیش کەمەبەستتە خۆت بەترسنۆك ناو ببەیت، تەنها لەبەرئەوەیە کە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من پێت دەڵێم مەبەستم لەترس چییە. من ترسنۆكو بیٚورەم، چونکە هەرگیز ناتوانم لەدەستی ئەو تارماییانە دەربازببم کەکۆتیان کردووم.

**پاستەر**/ مەبەستت چییە لەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من تارماییەکان ئیفلیجم دەکەن. کاتیٚ کەگوێم لەئۆزڤاڵدو ریجانیا بوو لەدەرەوە، وەکو ئەوە وابوو کەتارمایی بەبەرچاوما بێت، بەڵام ناچارم کەبیر لەوە بکەمەوە ئێمە هەموومان تارماییین پاستەر ماندەر. من تەنها ئەو شتانە لەناخمدا ناژین کەلەدایكو باوکمەوە بۆم ماونەتەوە، بەڵکو هەرچیی بیروباوەڕی کۆنی مردوو و بیرۆکەی تۆپیوی کۆنو شتی تر لەو بابەتەیە.. لەراستیدا لەناخی ئێمەدا ناژین،بەڵام ئەمانە رەگیان لەهەموو لایەکدا داکوتاوە، ئێمەش ناتوانین خۆمانیان لیٚ دەرباز بکەین. من هەرکاتیٚ رۆژنامەیەکیش بگرم بەدەستمەوەو بیخوێنمەوە، وا هەست دەکەم لەنێوان دێرەکانیدا تارمایی دێنو دەچن. لەوانەیە وا بیر بکەمەوە کەتارمایی سەری وڵاتی تەندبێتو ژمارەیەکی ئەوەندە زۆربن، بەئەندازەی دەنکە لمەکان.. ئێمەش هەموومان بەشێوەیەکی گەمژانە لەڕووناکی دەترسین.

**پاستەر**/ ئاه.. ئێمەش هەمان لێکدانەوەی تۆمان هەیە.. لێکدانەوەیەکی وردیش.. ئۆه ! ئێمە مەترسی تێکشاندنمان هەیە، لەبەرامبەر ئەو کتێبانەی بیری ئازادیان تێدایە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تۆ هەڵەیت، پاستەری، خۆشەویست، چونکە هەر خۆت بوویت کەوات لێکردم بیر بکەمەوە.. من هێجگار منەتباری ئەوەشم.

**پاستەر**/ من ؟؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ تۆ، کاتێ کە وات لێکردم بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کەبەڕێبازی ئەرك و پەیڕەوکردن ناوت دەبرد، کاتێ کەوتیتە مەدح کردنم کەرۆحم دژی هەندێ شت وەستا کەلەوە دەچوو شتی دزێو بن، بەڵام تۆ وەکو راستی سەیرت دەکردن. پاشان کەوتمە سەرنجدانێکی ورد لەو دەستەیەی کەبەهای فێرکردنەکەی لەلابوو، من ویستم یەك بۆشایی پڕ بکەمەوە، بەڵام گەیشتمە ئەو بۆچوونەی کەناشێت هەموو شتێ هەڵبوەشێتەوە. پاشان تێگەیشتم کەئەوە تەنیا زنجیرەیەك ..!

**پاستەر**/ (بەجووڵەیەکی لەسەر خۆوە) داخۆ ئەوە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی پڕ لە تەنگوچەڵەمەی ژیان نییە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بڵێ ئەوە گەورەترین هەرەسهێنانی نرخ و بەهاکانتە.

**پاستەر**/ ئەوە مەزنترین سەرکەوتنی ژیان بوو، هیلینا، سەرکەوتن بەسەر خۆمدا.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تاوان بوو بەرامبەر ئێمە هەردووکمان.

**پاستەر**/ بەڵێ کاتێ کەتۆ ئاگات لەخۆت نەمابوو، بەگریانەوە هاتیتە لام و گوتت: ئەمەتام دەستم بگرە. منیش گوتم: ئافرەت بچۆرەوە ماڵی خۆت، بۆلای مێردە شەرعیەکەت.. ئایا ئەوە تاوان بوو؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەلای منەوە تاوان بوو.

**پاستەر**/ من تەنانەت.. لەخەونە نهێنییەکانیشمدا وا بیرم لەتۆ کردۆتەوە کەژنی پیاوێکی تریت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڕاستی وا بیر دەکەیتەوە؟

**پاستەر**/ هیلینا!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ زۆر ئاساییە کەئیحساسی کەسێك پشت گوێ بخەیت.

**پاستەر**/ بۆ من نەخێر، من چۆن بووم هەردەم وەها دەمێنمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەخێرایی میزاجی دەگۆڕێت) وایە، وایە، وایە، وامان لێ مەکە دەربارەی رۆژانی رابردوو بدوێین. تۆ تا بناگوێت لەدەستەو لیژنەکاندا نقووم بووە، منیش ئەوەتام لەدەرەوەو ناوەوەی ماڵەکەم، لەگەڵ تارماییدا دەجەنگێم.

**پاستەر**/ بەهەرحاڵ، من دەتوانم بۆ زاڵبوون بەسەر تارمایی دەرەوەدا یارمەتیت بدەم، سەربای ئەو هەموو هێرشەی کەئەمڕۆ کردتە سەرم. بەویژدانم ناتوانم بێ دەنگ بم کەکچێکی بێ دەسەڵات، بەردەوام لەماڵەکەتدا بمێنێتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تۆ لەو بڕوایەدا نیت، ئەگەر لێرە دابمەزرێت باشتر نەبێت؟ مەبەستم ئەوەیە شوو بکات.

**پاستەر**/ ئەوە شتێکە گومانی تێدا نییە، بەتێڕوانینی من ئەوە لەهەموو روویەکەوە بۆ ئەو چاکترین شتە. ئێستا ریجانیا گەیشتۆتە تەمەنێك کات.. بەهەرحاڵ من زۆر لەو شتانە شارەزا نیم، بەڵام....

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ریجانیا زوو گەورە بوو.

**پاستەر**/ بەڵێ زوو گەورە بوو، وانییە؟ من وادەزانم کەئەو زوو هەڵچوو لەکاتێکدا کەمن بۆ ئەوەم ئامادەکرد دابمەزرێت، بەڵام ئێستا پێش هەر شتێ و هەرکارێك پێویستە ئەو بگەڕێتەوە ماڵەوەو لەژێر

بەهەرحاڵ من پێم وابوو کەئەم ئێوارەیە بەکەمێ خزمەت کۆتایی پێ دەهێنین.

**پاستەر**/ خزمەت؟ لەهەتیوخانەکە؟ 62

**ئینگستراند**/ بەڵێ، بەڵام بێگومان، قوربان ئەگەر جەنابت بیرێکی چاکی لێ نەکەیتەوە!

**پاستەر**/ ئۆه . بیری لێ دەکەمەوە بەڵام...

**ئینگستراند**/ من خۆم ئەو ئێوارەیە لەخوارەوە بەیەك دوانێ لە نوێژکەرەکانم گوت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ شتی وایشت کرد؟

**ئینگستراند**/ بەڵێ زۆر ئاسایی کردم.. لەگەڵ کەمێك روونکردنەوەدا، بەڵام من پیاوێکی سادەو ئاساییم، خوا یارمەتیم بدات.. ئەوا لەگەڵ پاستەردا، وامان بیر لێ کردەوە کەکارەکە لێرە ئەنجام بدرێت..

**پاستەر**/ گوێ بگرە ئینگستراند، پرسیارێك هەیە پێویستە یەکەمجار لێتی بپرسم. داخۆ تۆ لەڕووی دەروونیەوە ئامادەیت بۆ خزمەتێکی لەو جۆرە؟ هەست دەگەیت کەپیاوێکی خاوێنیت؟ ویژدانێکی خاوێنت هەیە؟

**ئینگستراند** / ئۆه.. یەزدان دەست بەباڵمانەوە بگرێت پاستەر، لەسەر ویژدان مەمانخەرە سەر قسەکردن.

**پاستەر**/ بەڵام ئەوە شتێکە کەدەبێ قسەی لەبارەوە بکەین. ئێستا دەربارەی ئەو پرسیارەم وەڵامت چییە؟

**ئینگستراند**/ هم .. ئێمە لەم کاتانەدا، سەرجەم ویژدانێکی خراپمان هەیە..

**پاستەر**/ ئاه ، تۆ بەهەموو شێوەیەك بەوە رازیت ویژدانێکی خراپت هەبێت. ئێستا پێم بڵێ.. بەڕاستی پەیوەندیی تۆ بەریجانیاوە چییە؟

چاودێری باوکیدا بێت. ئۆه .. بەڵام ئینگستراند چاودێری ناکات..!

هەمان شێوە چۆن بیرو رای خۆی لەسەر خەڵکی ئاشکرا ناکات، لەوانەیە بەهەمان شێوە 63 راستیم لێ بشارێتەوە (دەنگی لەدەرگادان دێت)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کێیە؟ وەرە ژوورەوە

**ئینگستراند**/ (جلوبەرگی رۆژی یەکشەممەی لەبەردایەو لەنزیك دەرگاکەدایە) زۆر داوای لێبوردن دەکەن، بەڵام..

**پاستەر**/ ئاه .. هم..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆه .. ئەوە خۆتیت ئینگستراند.

**ئینگستراند**/ هیچ خزمەتکارێك لەو ناوەدا نەبوو، منیش زۆرم لەخۆم کرد تا توانیم لەدەرگا بدەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆه .. گوێ مەدەرێ، وەرە ژوورەوە. ئیشێکی تایبەتیت هەبوو هەتا بمبینیت؟

**ئینگستراند**/ نەخێر، هەمیشە سوپاست دەکەم. بەڵکو ویستم تەنیا قسەیەك لەگەڵ پاستەر بکەم.

**پاستەر**/ (هەڵدەستێ و دادەنیشێ) ئۆه .. بەڕاست؟ دەتەوێت قسەم لەگەڵ بکەیت.. ها؟

**ئینگستراند**/ بەڵێ، ئەگەر دڵت نەرم ببێت..

**پاستەر**/ (لەبەردەمیدا دەوەستێ) فەرموو، مەسەلە چییە؟ رێگای ئەوە هەیە بپرسم؟

**ئینگستراند**/ بەڵێ، پاستەر ئەمە مەسەلەکەیە، ئێستا ئەوەی لەوێ دامان نا.. زۆر سوپاس بۆتۆ وا ئەمێستاش هەمووی تەواو دەبێت.. بەبۆچوونی من ئەگەر هەمووومان لەکارێکی راستگۆیانەداو بۆ کارێکی درێژ یەك بگرین. ئەوا بەڕاستی ئیشەکە پێك دێت..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەپەلە) مستەر ماندەر..

**پاستەر**/ (دیسان بەتووندی) ئەمە بۆ منی بەجێبهێڵە خاتوو ئاڵڤینگ.

**ئینگستراند**/ منو راجینا؟ قوربان تۆ پرسیارێکی سەیرت کرد.. (سەرنجی خاتوو ئاڵڤینگ دەدات) هیچ شتێکی خراپ لەبارەی ریجانیاوە لەئارادا نییە. ها.. شتێك هەیە؟!



پاستەر/ با خۆزگەی ئەوە بخوازین کەنەبێت، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندیی تۆو ریجانیا چییە؟ تۆ وای دادەنێیت کەباوکی بیت، تەواوە؟

**ئینگستراند**/ (بەگومانەوە) کەواتە پاستەر.. کەواتە پاستەر خۆت دەزانی پەیوەندیی بەمنو جۆهانای بەدبەختەوە چی بوو.

**پاستەر**/ راستی مەشێوێنە.. دوا ژنت هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ خاتوو ئاڵڤینگ گێڕاوەتەوە، بەڵێ پێش ئەوەی خزمەتەکەی تەواوبێت گێڕاویەتیەوە.

**ئینگستراند**/ ئێ.. دەبێ.. کەواتە گێڕاویەتیەوە.. ئەرێ وایە؟

**پاستەر**/ تۆش لەدەرەوە.؟. ئینگستراند.

**ئینگستراند**/ بەڵام دوای ئەوە بەڵێنی داو، بەئینجیل سوێندی بۆ خواردم.

**پاستەر**/ سوێندی بەئینجیل خوارد؟

**ئینگستراند**/ ئا سوێندی خوارد.. بەڵام زۆر بەبێزارییەوە.

**پاستەر**/ تۆش بەدرێژایی ئەو ساڵانە راستییەکەت لەمن شاردۆتەوە، لەمنێك کەهەمیشە بڕوایەکی تەواوم پێت هەبوو.

**ئینگستراند**/ من زۆر نیگەرانم لەوەی کەکردوومە.

**پاستەر**/ ئینگستراند.. ئایا من لەبەرامبەر تۆدا، شایانی ئەوەم شتم لێ بشاریتەوە؟ داخۆ هەموو کاتێ بەوپەڕی توانامەوە، چی بەقسەو چی بەکردەوە ئامادەی یارمەتی دانت نەبووم.؟ وەڵام بدەرەوە.. یارمەتیم نەداویت؟

**ئینگستراند**/ منیش زۆرجار دووچاری مەترسی بووم لەپێناوی تۆدا، گەورەم.

**پاستەر**/ ئەوەش شێوەی چاکە دانەوەتە. تۆ بوویت بەهۆی ئەوەی لەتۆمارکردنی (پارشدا) بکەومە هەڵەوە. دوای ئەوەش بەدرێژایی ئەو ساڵانە، بەپێی بەڵگە، تۆ نەك هەر قەرزاری من بوویت. رەفتارێکی ناشیرینت کردووە ئینگستراند. لەئێستاش بەدواوە، هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ تۆدا نابێت.



**ئینگستراند**/ (بەهەناسە هەڵکێشانەوە) بەڵێ دەیبینم.. دەبێ چۆن بێت؟

**پاستەر**/ چونکە لێبوردن بۆتۆ نییە، وایە؟

**ئینگستراند**/ بەڵام چۆن ئەو ژنەی من زاتی کرد بڕواتو بەو قسانەش لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە، ئەوەندەی تر، خۆی شەرمەزار بکات؟ گەورەم وای دابنێ کەتۆخۆت لەو تەنگو چەڵەمەیەی جۆهانای بەدبەختدا بوویتایە..

**پاستەر**/ من!!

**ئینگستراند**/ ئۆه، گەورەم، لەسەدا سەد مەبەستم ئەوە نییە کە.. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە ئەگەر شتێکی وەهات هەبوایە کە مایەی شەرمەزاری بێتو وەکو قسەی نەستەق بۆ گاڵتەکردن بڵاوببوایەتەوە.. ئێمەی پیاو، با ئەوەندە بەتوندی حوکمی ئافرەتانی هەژارمان نەدایە، گەورەم..

**پاستەر**/ بەڵام من نا، من بۆ ئەو مەسەلە سەرزەنشتی تۆ دەکەم کە..

**ئینگستراند/** گەورەم کەمێ روخستەم دەدەیت کەپرسیارێکی کورتت لێ بکەم؟

**پاستەر/** بەڵێ پرسیارەکە چی‌یە؟

**ئینگستراند/** ئایا شتێکی راستو پەسەند نی‌یە بۆ بنیادەم کە دەستگیرۆیی کەسێکی تێکشاو بکات؟

**پاستەر/** بێ گومان  راستە.

**ئینگستراند/** ئەی پابەندی ئەوەش نی‌یە کەشەرەف مەندێتی خۆی بپارێزێت؟

**پاستەر/** بەڵێ، بێگومان وایە،بەڵام..



**ئینگستراند/** کەواتە ئەو کاتەی کەجۆهان دووچاری ئەو هەڵەیە بوو.. سوپاس بۆ ئەو پیاوەی کەدەشێ ئینگلیز یان ئەمەریکی یان رووسی بووبێت وەکو دەڵێن.. ئێ جۆهانا گەڕایەوە بۆ شار.. کچی بەدبەخت پێشتر یەك دووجار سەرنجی دابووم، ئەو سەرنجی کەسێکی نەدەدا کەنەقۆز بێت، نەخێر بەهیچ شێوەیەك سەرنجی کەسێکی نەدەدا کەقۆز نەبێت. منیش قاچێکم ناتەواو بوو، قوربان دێتەوە یادت کەچۆن بەناچاری دەچووم بۆ هۆڵی سەماکردن، لەوێ کەشتی‌وانەکان سەمایاندەکردو دەیان خواردەوەو رایان دەبوارد، وەکو پەندەکە دەڵێت: هەوڵم دەدا کەبیانخەمە سەر رێگای ژیانێکی باشتر.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (لەنزیك پەنجەرەکە) هم !!

**پاستەر/** دەزانم ئینگستراند.. درندەکان فرێیان دایتە خوارەوە، کاتی خۆی بۆت باس کردم.. ئازارەکەت شەرەف مەندێتی‌یە بۆت.

**ئینگستراند/** قوربان من لەو کەسانە نیم شانازی بەوەوە بکەم، بەڵام ویستم بڵێم کاتێ ئەو هاتوو لەبەردەممدا بەگریانو لێوکرۆشتنەوە دانی بەوەدانا، دەتوانم پێت بڵێم بیستنی ئەو مەسەلەیە دڵی داخورپاندم.

**پاستەر/** بەڵێ، لەوە دڵنیام، ئێ؟

**ئینگستراند/** ئێ پێم گوت، ئەو گەشتیارە ئەمریکی‌یە لەدەوروبەری دەریای باکوورە، گوتم.. جۆهانا.. تۆ تاوانت کردووەو ئافرەتێکی ئابڕوتکاوی (جاکۆب ئینگستراند لەسەر جووتە پێ رادەوەستێ) ئەوا گەورە.

**پاستەر/** تەواو تێدەگەم.. بەردەوام بە



**ئینگستراند/** ئێ لەو حاڵەتەوە من هەڵمساندەوە ئافرەتێکی چاکم لێ دروست کرد. خەڵکیش لەوە بێئاگان کەپێشتر ئافرەتێکی بێ لانەبووەو لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا رۆیشتۆتەوە.

**پاستەر/** ئەمانە هەمووی بەڵگەی پیاوەتی تۆن، بەڵام ئەوەی کە ناتوانم لێت ببوورم، بریتی‌یە لەملکەچکردن لەپێناوی وەرگرتنی پارەدا.

**ئینگستراند/** پارە؟ من؟ تەنانەت ملیمێکیش!

**پاستەر/** (رووبەرەو خاتوو ئاڵڤینگ وەردەگێڕێت) بەڵام؟

**ئینگستراند/** ئۆه ، بەڵێ، کەمێ چاوەڕوان بکە ئێستا دێتەوە، جۆهان چەند شیلینگێکی هەبوو، بەڵام من هیچ پەیوەندییەکم بەوەوە نی‌یە، پاه ، گوتم ئەوە قازانجێکی گڵاوە.. ئەوەبوو کەبوو .. پارەی گوناه کردن بوو.  ئێمە ئەو ئاڵتوونە پیسە، یان وەرەقەی کۆمپیالەکە، یان هەر شتێکی‌تر کەهەبوو دەگێڕینەوە بۆ کابرای ئەمەریکی، بەڵام پاستەر، کابرا دوور بوو، لەڕێگای نێوان دەریا زریاناوییەکاندا کاری دەکرد.

**پاستەر/** بەڵێ ئینگستراندی خۆشەویستم، وای بۆ دەچم وابووبێت.

**ئینگستراند**/ لەگەڵ جۆهانادا، هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە رێك كەوتین كەپارەكە بۆ پەروەردەكردنی منداڵەكە بەكاربهێنرێت. هەر واش كرا.. دەتوانم پول بەپولی حیساب بكەم.

**پاستەر**/ بەڵام ئەمەی تۆ دەیڵێیت راستی هەموو مەسەلەكە دەگۆڕێت.

**ئینگستراند**/ قوربان شتەكە بەم شێوەیە بووە، لەوانەیە منیش زۆر سەرسەخت بم كە دیعایەی ئەوە دەكەم، گوایە باوكێكی چاكی ریجانیا بووم.. كاتێ ئەو لەژێر دەسەڵاتی من دەرچووە.. لەبەرئەوە جێگای داخە كەدەڵێم من پیاوێكی هەژاری بێ دەسەڵات بووم.

**پاستەر**/ ئا.. ئا ئینگستراندی خۆشەویست.

**ئینگستراند**/ بەڵام دەبێ زۆر چاونەترس بم كەبڵێم منداڵەكەم پەروەردەكردو بووم بەمێردێكی چاكیش بۆ جۆهانای هەژارو هەروەك لەئینجیلدا هاتووە ماڵێكم بۆ دروست كردن، بەڵام هەرگیز خەیاڵی ئەوەم نەبوو، بێم بۆلای تۆ گەورەم، ئەوەشی جێگای شانازیو خۆنواندن بێت ئەوەیە كەمن بۆ تاكە جارێ لەم دنیایەدا، هەندێ كاری چاكەم كردووە. نا، كاتێ شتێكی لەو جۆرە لەجاكۆب ئینگستراند دەقەومێ (زمانی دەگرێ..) نەخێر ئاسایی شتی وا روودەدات.. من لەوە تێ دەگەم. كاتێ ناچمە لای پاستەر ماندەر، لەبەرئەوەیە كەمن لاوازیو هەڵەی خۆمم هەیە، هەتا لەبارەیەوە بدوێم.. بەڵێ ئێستاش هەروەكو چۆن پێشتر پێم گوتیت، پێت دەڵێمەوە.. دەبێ هەندێجار ویژدان لەئاستماندا زۆر توندتر بێت.

**پاستەر**/ جاكۆب ئینگستراند.. دەستتم بدەرێ.

**ئینگستراند**/ ئۆه .. گەورەم..

**پاستەر** / ئێستا لێبوردن نییە..! (دەستی هەڵدەلۆفت) بەڵام ئەوسا !



**ئینگستراند**/ ئەگەر بەشێوەیەكی ساویلكانە داوای لێبوردنت لێ بكەم گەورەم..

**پاستەر**/ تۆ؟ نەخێر، بەپێچەوانەوە، دەبی من داوای لێبوردن لەتۆ بكەم..

**ئینگستراند**/ ئۆه .. نەخێر..!

**پاستەر**/ بەڵێ بەڕاستی، من بەهەموو قەناعەتێكەوە داوای لێبوردن لەتۆ دەكەم، ببوورە لەو حوكمە هەڵەیەی دام بەسەرتا..

شتێكیش هەیە كەبتوانم لەپێناوی ئاشكراكردنی جۆرێك لەسەرزەنشتكردنی خۆمدا، لەپای ئەو تاوانەی كەكردوومە ئەنجامی بدەمو هەستی خاوێنیشم بەرامبەر بەتۆ..

**ئینگستراند**/ مەبەستت ئەوەیە گەورەم؟

**پاستەر**/ دەشێ ئەوە ئاسوودەییەكی تەواوم پێ ببەخشێت.

**ئینگستراند**/ كەواتە ئەوەی دەبێت شتە، من لێرە پارەیەكی باش ئەخەمە لاوەو بیر لەدەست كردن بەدامەزراندنی جۆرە خانوویەك بۆ دەریاوانەكان دەكەمەوە لەم شارەدا.

**پاستەر**/ تۆ؟

بەڵێ، دەشێ پێی بگوترێت شتێكی لەجۆری هەتیوخانەیەك، جێگای سەرگەرمكردنی هەمەچەشنە بێت، بۆ ئەو دەریاوانەی كە لەسەر رۆخی دەریایە، بەڵام بەتێڕوانینی من دەبێ ئەم خانووە لەژێر سایەی جۆرە چاودێرییەكی باوكانەدا بێت.

**پاستەر**/ لەو بارەیەوە چی دەڵێیت خاتوو ئاڵڤینگ؟

**ئینگستراند**/ شتێكی ئەوتۆم نەماوە دەست بەكار ببم گەورەم، هەركەسێ بدۆزمەوە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بكات ئیتر..

**پاستەر**/ بەڵێ، بەڵێ، پێویستە ئاگاداری بیت، نەخشەکەت سوودێکی گەورە بەمن دەگەیەنێت، ئێستا وەرەو هەموو شتێ ئامادە کە، مۆمەکان دابگیرسێنە، جێگاکە خۆشکە.. دوای ئەوە ئینگستراندی خۆشەویست، سەعاتێك بەخۆشی پێکەوە بەسەر دەبەین.. واهەست دەکەم کەتۆ لەبارێکی جێگیردابیت.

**ئینگستراند**/ بەڵێ خۆشم وای بۆدەچم، بەدوعا.. پاشان سوپاس،، ئاگادارییەکی ریجانیام بۆ بکە. (فرمێسك لەچاوی دەسڕێ) منداڵەکەی جۆهانای هەژار.. بۆمن غەریبە، بەلاَم لەدڵما جێگای خۆی کردۆتەوە، بەڵێ بەڕاستی وەهایە. (دەچەمێتەوەو لەهۆڵەکە دەچێتە دەرەوە).

**پاستەر**/ ئێ ئێستا چۆن بیری لێ دەکەیتەوە خاتوو ئاڵڤینگ؟ ئەوەی ئەو بۆی روون کردینەوە، جیاواز بوو لەوەی ئێمە

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەدڵنیاییەوە جیاواز بوو.

**پاستەر**/ کەواتە دەزانی، دەبێ مرۆڤ لەحوکم دانی بەسەر یەکێك لەهاوڕێکانیدا، چەند وریا بێت. ئەگەرچی بینینی هەڵەی خەڵکی خۆشە.. تۆ دەڵێی چی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من دەڵێم تۆ منداڵێکی گەورەیت پاستەر.. هەمیشە هەر بەمنداڵیش دەمێنیتەوە.

**پاستەر**/ من؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (هەردوو دەستی دەخاتە سەر شانی پاستەر) منیش دەڵێم حەزدەکەم دەسترازەیەکی گەورەت پێ ببەخشم.

**پاستەر**/ (بەخێرایی دەچێتە دواوە) نا.. نا.. خوا حەرامی کردووە! چ فیکرەیەك..!



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەپێکەنینەوە) ئاه .. پێویست ناکات لێم بترسیت.

**پاستەر**/ (لەنزیك مێزەکەوە) تۆ هەندێ جار بۆ گوزارشت کردنی خۆت شێوازێکی سەرکێشانەت هەیە. ئێستا هەنگاوی یەکەم: هەرچی بڕوانامە هەیە هەموویان کۆ دەکەمەوەو دەیانکەمە جانتاکەمەوە (بڕواناکەکان دەکاتە جانتاکەیەوە) ئێستا بەدوعا، چاوێکت لەئۆزڤاڵدەوە بێت کەگەڕایەوە. من دواتر جارێکیدی سەری لێ دەدەمەوە. (شەبقەکەی هەڵدەگرێو بەرەو هۆڵەکە دەچێتە دەرەوە).

(خاتوو ئاڵڤینگ هەناسەیەك هەڵدەکێشێو بۆ ساتێ لەپەنجەرەکەوە سەرنجی دەرەوە دەدات، پاشان کەمێك ژوورەکە رێك دەخاتو خەریکە بەرەو ژووری نان خواردن بڕوات، بەلاَم هەواڵێکی تاساو سەرسامی دەکاتو دەوەستێ)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد هێشتا لەوێدا دانیشتوویت؟

**ئۆزڤاڵد**/ (لەژووری نانخواردنەوە) هەر ئێستا جگەرەکەم تەواو دەکەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ لەو بڕوایە دابووم چووبیت بۆ پیاسەکردن.

**ئۆزڤاڵد**/ لەکەش و هەوایەکی ئاوەهادا؟ (زڕەی پەرداخەکە دێت، خاتوو ئاڵڤینگ دەرگاکە بەکراوەیی بەجێدەهێڵێو نزیك پەنجەرەکەو لەسەر چەرپاکە دادەنیشێ) داخۆ ئێستا پاستەر ماندەر رۆیشت؟!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ رۆیشت بۆ هەتیوخانەکە.

**ئۆڤـــاڵڤ** / هم! (جارێکی دی زرنگەی شووشەی شەرابەکە دێت کەبەرچەرداخەکە دەکەوێ)

**خاتوو ئاڵڤینگ** (بەپەشێوییەوە سەرنج دەدات) ئۆزڤاڵد، خۆشەویستەکەم، دەبێ لەخواردنەوەی ئەو شەرابەدا ، ئاگات لەخۆت بێت، شەرابێکی بەهێزە..

www.pertwk.com

**ئۆزڤاڵد/** ناخم دادەمرکێنێتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** نایەیتە ئێرەوە بۆ لای من؟

**ئۆڤاڵد/** ناتوانم لەوێدا جگەرە بکێشم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** نا.. خۆیشت دەزانی کەدەتوانیت لێرەشدا جگەرە بکێشیت.

**ئۆزڤاڵد/** ئێ وایە، کەواتە دێم.. بەڵام تەنیا با قومێکی تر.. ئێ! بەجگەرەکەیەوە دەچێتە ژوورەوە، دەرگاکە لەدوایەوە پێوە دەدات، پاش کەمێك بێدەنگی) پاستەر بۆکوێ چوو؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** پێم گوتیت چووە بۆ هەتیوخانەکە.

**ئۆزڤاڵد/** ئۆھ .. وایە، پێت گوتم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئۆزڤاڵد لەنزیك مێزەکە زۆر دامەنیشە.

ئۆزڤاڵد/ (جگەرەکەی لەدوای خۆیەوە گرتووە) دایکە ئەو دانیشتنە بەلای منەوە شتێکی زۆر خۆشە (دەکێشێ بەدایکیداو ماچی دەکات) بەڵام بیر لەوە بکەرەوە، داخۆ ئەوە بۆمن چی دەگەیەنێت کەلەماڵەوە بمو لەژووری دایکم داو لەبەردەم مێزەکەیدا، دابنیشم و خواردنە خۆشەکانی ئەو بخۆم



**خاتوو ئاڵڤینگ/** کوڕە خۆشەویستەکەم.

**ئۆزڤاڵد/** (پیاسە دەکاو زۆر تورەیەو جگەرە دەکێشێ) چیتر هەیە بیکەم؟ ناتوانم لەسەر هیچ شتێکیتر جێگا بەخۆم بگرم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ناتوانیت؟

**ئۆزڤاڵد/** ئا لەم کەشە ناخۆشەدا، هەموو رۆژێ دوور لەپرشنگی خۆر؟ (بەخێرایی دێت و دەچێت) توانای کارکردنیشت نەبێت!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** با بڵێین مەبەستت ئەوەیە کەگەڕانەوەت بۆ ئێرە، فیکرەیەکی باش نەبووبێت.

**ئۆزڤاڵد/** بەڵێ دایکە مەبەستم ئەوەبوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** لەبەرئەوەی من زۆر لەتۆ زیاتر پێم خۆشە کەتۆم لەگەڵدا بێت.

**ئۆزڤاڵد/** (نزیك مێزەکە رادەوەستێ) دایکە پێم بڵێ، ئایا بەڕاستی بوونی من لەماڵەوە زۆر دڵخۆشت دەکات؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** دڵخۆشم بکات؟

**ئۆزڤاڵد** / (رۆژنامە لول دەکات) من وای بۆنەچووم کەبوون و نەبوونی من لێرە، بۆتۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی هەبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئۆزڤاڵد! چۆن دەتوانی شتی وا بەدایکت بڵێی؟

**ئۆزڤاڵد/** تۆ لەگەڵ ئەوە راهاتوویت کەئەو هەموو ماوە دوورو درێژە، بێ من بژیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ، بێ تۆ ژیانم بەسەر بردووە.. ئەوە راستە.

(وەستانێك و پاشان وردە وردە تاریکی باڵ دەکێشێ، ئۆزڤاڵد جگەرەکەی فڕێ دەداو بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێت)

**ئۆزڤاڵد/** (لەتەنیشت خاتوو ئاڵڤینگدا رادەوەستێ) دایکە دەتوانم لەتەنیشتتدا لەسەر سۆفاکە دانیشم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (جێگای دەکاتەوە) بەڵێ کوڕە خۆشەویستەکەم، دانیشە.

**ئۆزڤاڵد/** (دادەنیشێ) چەند شتێ هەیە دەمەوێت پێتی بڵێم.. دایکە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (بەدوو دڵییەوە) چی؟

**ئۆزڤاڵد/** (سەیری بەردەمی خۆی دەکات) دەزانی چیتر ناتوانم دان بەخۆدا بگرم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** دان بەخۆدا گرتنی چی ؟ چی هەیە؟

ئۆزڤاڵد (هەر سەیری بەردەمی دەكات) ناتوانم لەبارەیەوە بنووسم.. تەنانەت ئەگەر لەماڵیشەوە بم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (مەچەكی دەگرێت) ئۆزڤاڵد! ئەوە چیتە؟

**ئۆزڤاڵد/** من بەدرێژایی ئەم دوو رۆژە، ویستم بیر لەو مەسەلە نەكەمەوە . هەوڵم دا لێی دەرباز ببم بەڵام نەمتوانی.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (هەڵدەستێ) ئۆزڤاڵد.. ئێستا دەتوانیت هەموو شتێكم پێ بڵێی.

**ئۆزڤاڵد/** (پاڵدەداتەوە بەسۆفاكەوە) دانیشە دایكە، دەمەوێت پێت بڵێم كە.. من دوای گەشتەكەم بەدەستی ماندوو بوونەوە دەناڵێنم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ، بەڵام چۆن؟

**ئۆزڤاڵد/** بەڵام ماندوویی و شەكەتی منیش، هەر ئەوە نیە كە.. من ماندوویەكی ئاسایی نیم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (هەوڵدەدات هەستێت) ئۆزڤاڵد.. خۆ نەخۆش نیت؟

**ئۆزڤاڵد/** (جارێكیتر دایدەنیشێنێتەوە) هێور دانیشە دایكە هێوربەو هیچیتر.. نا، لەڕاستیدا نەخۆش نیم گەرچی .. نەخێر لەڕاستیدا، پێی ناگوترێت نەخۆشی. (سەری دەخاتە نێوان هەردوو دەستیەوە)، دایكە هۆشم لەبەر بڕاوە، مێشكم هەرەسی هێناوەو بەهیچ شێوەیەك توانای كاركردنم نیە (بەهەردوو دەستی، دەموچاوی دەشارێتەوەو، سەری لەژێر كەواكەی دایكیدا حەشار دەداتو فرمێسكی پڕ لەئازار لەچاوانی دەتكێ)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئۆزڤاڵد، سەیرم كە! ئەو قسانە راست نین.



**ئۆزڤاڵد/** (بەبێزارییەوە چاوانی بەرز دەكاتەوە) بەهیچ شێوەیەك توانای كاركردنم نەماوە.. بەهیچ شێوەیەك! بەهیچ شێوەیەك! ئەمەش مردنێكی تەواوە دایكە، داخۆ بیر لەشتێك دەكەیتەوە، لەوە مەترسیدارتر بێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** كوڕە بەدبەختەكەم! چۆن ئەم كارەساتە پڕ مەترسییەت بەسەرهات؟

**ئۆزڤاڵد/** (دادەنیشێ) نازانم، سەری لێ دەرناكەم. من هەرگیز بەرەڵایانە نەژیاوم.. نەخێر. دایكە پێویستە بەو شێوەیە بیرم لێنەكەیتەوە، من هەرگیز ئەو جۆرە شتانەم نەكردووە.

**خاتوو** ئاڵڤینگ/ من دڵنیام ئۆزڤاڵد كەشتی وەهات نەكردووە .

**ئۆزڤاڵد/** كەچی ئاوا .. تووشی ئەم كارەساتە بووم.

**خاتوو ئاڵڤینگ /** بەڵام چاك دەبیت كوڕە خۆشەویستەكەم.. تۆ هیچت نییە.

**ئۆزڤاڵد/** (خەمبارانە) منیش لەسەرەتاوە وای بۆ دەچووم، بەڵام وادەرنەچوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** كەواتە درێژەی بەسەرهاتەكەم، لەسەرەتاوە بۆكۆتایی بۆ بگێڕەوە.

**ئۆزڤاڵد/** خۆیشم دەمەوێت بۆتی بگێڕمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بۆ یەكەمجار كەی هەستت پێكرد؟

**ئۆزڤاڵد/** هەر دوای ئەوەی كەدواجار ماڵەوەم بەجێهێشتو چوومەوە بۆ پاریس، تووشی ژانەسەرێكی سەخت بووم.. ژانە سەرەكەش واپێدەچوو، زیاتر لەبەشی دواوەی كەللەسەرمدا بێت، وەكو ئەوە وەهابوو كەئەڵقەیەكی ئاسن كرابێتە ملمو رووەو سەرەوە بەبرغو چەسپ كرابێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەی دوای ئەوە؟

**ئۆزڤاڵد**/ لەسەرەتاوە وام بەبیرداهات کەهەمان ئەو ژانەسەرە ئاساییەی جارانمە کەلەسەردەمی منداڵیمدا، بەقورسی تووشی دەبووم..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێ.. ئۆزڤاڵد ..

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵام وادەرنەچوو.. هەر زووش دەرکم بەوەکرد کەجیاوازە. دوای ئەوە وازم لەکارکردن هێنا. ویستم وێنەیەکی نوێی گەورە دەست پێبکەم، بەڵام واکەوتەوە کەتوانای ئەوەم نەبوو.. هەرچی توانام هەبوو هەرەسی هێنا، نەمتوانی بیرۆکەکانم کۆبکەمەوە، مێشکم وادیاربوو بسوڕێتەوەو هەموو شتەکانیش دەخولانەوە. ئۆه .. چەند کاتێکی ترسناك بوو. دواجار بردمیانە لای پزیشك‌و ئەویش راستی‌یەکەی پێگوتم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ مەبەستت چی‌یە؟

**ئۆزڤاڵد**/ ئەو پزیشکە باشترین پزیشکی پاریس بوو. من هەر ئەوەندەم پێگوت کەهەست بەچی دەکەم، ئیتر ئەو کەوتە پرسیارکردن لێم. پرسیاری لەو جۆرە کەمن وای بۆ دەچووم. هیچ پەیوەندییەکی بەو مەسەلەوە نییە. من تێنەگەیشتم ئەو پیاوە دوای چی کەوتووە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێ؟

**ئۆزڤاڵد**/ لەدوایدا گوتی: تۆ تارادەیەك گاڵتەت بەلەدایك بوونت دێت. ئەو وتەیەی کەگوتی لەڕاستیدا خۆرە بوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەشێواوییەوە) مەبەستی لەوە چی بوو؟

**ئۆزڤاڵد** / منیش سەرەتا تێی نەگەیشتم، پاشان داوای ئەوەم لێکرد کەزیاتر بۆم روون بکاتەوە، کەچی ئەو پیرە قۆشمەیە گووتی..



(مستەکۆڵەکانی دەنوقێنێ) ئۆه ..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ گووتی چی..؟

**ئۆزڤاڵد**/ گووتی تاوانەکانی باوك یەخەی منداڵەکەی دەگرنەوە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەسەرخۆ هەستا) تاوانەکانی باوك!

**ئۆزڤاڵد**/ خەریك بوو بسرەوێنمە بناگوێی.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەژوورەکەدا دێت‌و دەچێت) تاوانی باوك..

**ئۆزڤاڵد**/ (خەمبارانە پێ دەکەنێت) بەڵێ چۆن بیرلەوە دەکەیتەوە؟! بێگومان من دڵنیام کرد کەهەرگیز شتی لەو جۆرە روووینەداوە. بەڵام ئایا لەو بڕوایەدایت کەدکتۆرەکە لەبۆچوونەکەی خۆی پاشگەز بووبێتەوە؟ نەخێر، ئەو زۆر سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی، بەتایبەتی کاتێ نامەکانی تۆم دەرهێنا و هەرچیان دەربارەی باوکم تێدا بوو، بۆم وەرگێڕا.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەی دوای ئەوە؟

**ئۆزڤاڵد**/ ئێ دوای ئەوە.. بێگومان گەیشتە ئەو بۆچوونەی کەئەو هەڵس‌وکەوتانە ناپەسەندن. منیش لەو کاتەوە، راستی مەسەلەکە تێگەیشتم.. ئەو راستی‌یە کەبڕوای پێ نەدەکرا. من لەو کاتە بەدواوە، لەهیچ خۆشی‌یەکی ژیاندا بەشداری هاوڕێکانم نەدەکرد. ئەو مەسەلە زۆر لەوە سەختتر بوو کەمن تەحەمولی بکەم.. بەشێوەیەکی گشتیش هەڵەکە هی خۆم بوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نا.. ئۆزڤاڵد.. نابێت وەها بیر بکەیتەوە.

**ئۆزڤاڵد**/ بەگوێرەی ئەو، هیچ لێکدانەوەیەکی تری گونجاو بۆ ئەو مەسەلە لەئارادا نەبوو. ئەمەش حاڵەتێکی زۆر ترسناکە. سەراپای ژیانم هەرەسی هێنا.. هەرس هێنانێك هەرگیز بینا ناکرێتەوە.. ئەو

هەرەسەش لەسنووری بیرکردنەوەمدایە، هەموو ئەو شتانەی کەخەونم بەبەدیهێنانیانەوە دەبینی لەم دنیایەدا، جارێکیتر ناوێرم بیریان لێ بکەمەوە.. نەخێر ناتوانم بیریان لێ بکەمەوە، ئاه .. بەس بمتوانیایە بەشێوەیەکی پەسەند بکەوتمایەتەوە کارکردنو جارێکی دی ژیانم دەست پێ بکردایەتەوە.

(لەسەر دەم خۆی دەدات بەسەر سۆفاکەدا، خاتوو ئاڵڤینگ دەستەکانی هەڵدەگلۆفێو پاشان دێتو دەچێتو بەبێ دەنگی خۆی دەخواتەوە، پاش کەمێك ئۆزڤاڵد سەر بەرز دەکاتەوەو هەڵدەستێتە سەر ئانیشك)

ئەگەر تەنیا هەندێ سیفات بوایەو بۆم بمایەتەوە، هەندێ سیفاتی وەها کەلەسەری سەرزەنشت نەکرامایە گرنگ نەبوو.. بەڵام ئەمە شەرمەزارییەکی لەسنوور بەدەرە، کاتێ پێکەوە تەندروستیو بەختیاریم هەرەس پێ بهێنێت. هەموو شتێکی ئەم دنیایەم بێ بیرلێکردنەوە، زۆر بەهەڵەشەیی لەناو ببات، تەنانەت داهاتوومو خودی ژیانیشم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نا، نا، کوڕە خۆشەویستەکەم، شتی وا نابێت (بەسەر ئۆزڤاڵدا دەچەمێتەوە) ئەوەندە ترسناك نییە کەتۆ بیری لێدەکەیتەوە.

**ئۆزڤاڵد**/ئۆه ..تۆ نایزانیت (هەڵدەستێت) ئەنجا دایکە سەیری ئەوە بکە، بووم بەهۆی چ ئازارێك بۆتۆ. من هەمیشە ئاواتی ئەوە دەخوازم کەبەڕاستی لەوە زیاتر چاودێریم نەکەیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد تۆ تاکە شتیت کەئاگام لێی بێت! کوڕە تاقانەکەم، تۆ ئەو تاقە شتەی کەلەدنیادا، هەر تۆم هەیت!



**ئۆزڤاڵد**/ (هەردوو دەستی دایکی دەگرێو ماچیان دەکات) بەڵێ ئەوە دەزانم ئێستا لێرە من دەتوانم ئەوەش ببینم، ئەویش لەهەموو شت خراپترە بۆم، تۆیش ئاگاداری ئەو شتانەیت، ئەمرۆ لەوە زیاتر لەو مەسەلەیە نادوێین. چیتر ناتوانم مێشکم بگوشمو بیر لەو بابەتە بکەمەوە . (بەنێو ژوورەکەدا دێتو دەچێت) دایکە شتێکی خواردنەوەم بدەرێ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ خواردنەوە؟ حەزت لەچ خواردنەوەیەکە؟

**ئۆزڤاڵد**/ ئۆه .. هەرچییەك خۆت پێت خۆشە.. وابزانم هەندێ شەرابی ساردمان هەیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، بەڵام ئۆزڤاڵدی خۆشەویست..

**ئۆزڤاڵد**/ لەوەدا دژایەتیم مەکە دایکە.. دڵت نەرم بێت. من پێویستم بەهەندێ شت هەیە کەئەوبیرۆکانەی خۆمی تێدا نقووم بکەم، ئەو بیرۆکانەی کەبەهێمنی دەمکوژن. (بەرەو شوێنی شەرابەکە دەڕوات) ئێرەش زۆر تاریکە.

( **خاتوو ئاڵڤینگ**/ زەنگەکە بۆلای ڕاست رادەکێشێ) ئەم بارانەش بەردەوامە! لەوانەیە ئەم هەفتە بۆ ئەو هەفتە هەتا کۆتایی مانگ بەردەوام بێتو بوار نەدات تیشکی خۆر سەردەربێنێ. من بەدرێژایی هەموو ئەو کاتانەی لەماڵەوە بووم، نایەتە یادم هەرگیز خۆرم بینیبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد، خۆ بیر لەوە ناکەیتەوە بەجێم بهێڵیت؟

**ئۆزڤاڵد**/ هم..؟ (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ) من بیر لەهیچ شتێ ناکەمەوە، ناتوانم بیر لەهیچ بکەمەوە.

(بەدەنگێکی نزم) من توانای بیرکردنەوەم نەماوە.

**ریجانیا**/ (لەژووری نان خواردنەوە دێت) زەنگت لێدا خانم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، چراکە نایەنیتە ژوورەوە؟

**ریجانیا/** هەر ئێستا دەیهێنم خانم، هەر ئێستا دایدەگیرسێنم. (دەڕوات)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (دەچێتەوە نزیك ئۆزڤاڵد) ئۆزڤاڵد، هیچم لێ مەشارەوە.

**ئۆزڤاڵد/** نا، دایکە. (بەرەو مێزەکە دەڕوات) بەبڕوای خۆم هەموو شتێکم بۆ باسکردیت.

(ریجانیا چراکە دێنێ و لەسەر مێزەکە دایدەنێت)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ریجانیا زەحمەت نەبێت، نیو بوتڵ شامپانیا ناهێنی؟

**ریجانیا/** بەڵێ خانم. (دیسان دەڕوات)

**ئۆزڤاڵد/** (دەستی دەکاتە ملی خاتوو ئاڵڤینگ) زۆرباشە دایکە، تێگەیشتم کەنایەڵیت کوڕەکەت بەتینوێتی بڕوات!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** خۆشەویستە بەدبەختەکەم ئۆزڤاڵد، چۆن لەم کاتەدا، بتوانم داواکاری تۆ رەت بکەمەوە.

ئۆزڤاڵد/ (بەپەرۆشەوە) جا ئەوە راستە دایکە؟ مەبەستت لە .. یە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** مەبەست لەچی؟

**ئۆزڤاڵد/** مەبەستم ئەوەیە دەست نانێیت بەروومەوە

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵام ئۆزڤاڵدی خۆشەویست..

**ئۆزڤاڵد/** ش !

**ریجانیا /** (نیو بوتڵ شامپانیاو دوو پەرداخ لەسەر سینیەك دێنێ و دەیخاتە سەر مێزەکە) بیکەمەوە؟

**ئۆزڤاڵد/** نا، سوپاس، خۆم دەیکەمەوە.

(جارێکی تر ریجانیا دەچێتە دەرەوە)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (نزیك مێزەکە دادەنیشێت) ئەو شتانە چین کەپێت وایە نابێت من رەتیان بکەمەوە؟



**ئۆزڤاڵد/** (خەریکی کردنەوەی بوتڵەکەیە) جارێ با یەك دوو پێك بخۆینەوە. (پێکێکی تێکردووەو خەریکی دووەمە)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (دەستی دەخاتە سەر پەرداخەکە) نا.. سوپاس، من ناخۆمەوە.

**ئۆزڤاڵد/** بەڵام من حەز دەکەم بخۆیتەوە (پەرداخەکە لیوڕێژ دەکات و چۆڕی لێ دەبڕێت و دیسان پڕی دەکاتەوەو ئەنجا دادەنیشێت)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو) ئێ؟

ئۆزڤاڵد/ (بێ ئەوەی سەیری بکات) بەهەرحاڵ، پێمبڵێ من وای بۆ دەچم کەتۆو پاستەر ماندەر وادیارن پێکەوە ئاسوودەبن..!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** وای بۆ دەچێت؟

**ئۆزڤاڵد/** بەڵێ، ئیتر، (دوای وەستانێکی کورت) پێم بڵێ، چۆن بیر لەریجانیا دەکەیتەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** چۆن بیری لێ دەکەمەوە؟

**ئۆزڤاڵد /** بەڵێ، کچێکی سەرنج راکێش نییە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئۆزڤاڵدی خۆشەویست، تۆ وەکو من نایناسیت.

**ئۆزڤاڵد /** ئۆ ه ؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** من لەوە دەترسم کەریجانیا بۆکاتێکی زیاتر لێرە بمێنێتەوە، پێویستە لەوە زیاتر لێرە نەمێنێتەوە.

**ئۆزڤاڵد/** بەڵێ، دایکە بەڵام ئایا سەرنج راکێش نییە؟ (پێکەکەی پڕ دەکاتەوە)

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ریجانیا زۆر هەڵەی گەورەی هەیە..

**ئۆزڤاڵد/** ئۆه ، ئێ، جا ئەوە چییە؟ (پێکەکەی هەڵدەدات)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ مەسەلەکە ئەوەیە کەمن بەزەییم پێدا دێتەوەو هەر خۆشم لێپرسراوم بەرامبەری. نامەوێت تا لەدنیادابێ، شتێکی بەسەر بێت.

**ئۆزڤاڵد**/ دایکە، ریجانیا تاکە رزگارکەری منە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەجێی خۆی بەرز دەبێتەوە) مەبەستت لەوە چی‌یە؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەتەنیا ناتوانم بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی مێشکم بگرم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام دایکت لەو ئازارەدا بەشداریت دەکات.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، منیش بیرم لەوە کردەوەو هەر لەبەر ئەوەش بوو کەگەڕامەوە بۆلات، بەڵام تۆ ناتوانیت.. شتی وانابێت منیش ناتوانم لێرە ژیان بەسەر ببەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد !

**ئۆزڤاڵد**/ دایکە، دەبێ جۆرە ژیانێکی جیاواز بژیم، بۆیە دەبێت بەجێت بهێڵم، نامەوێت تۆ ئەو ژیانەم ببینیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کوڕە داماوەکەم! ئاخر ئۆزڤاڵد، کاتێ کەتۆ ئەوەندە نەخۆش بیت کە..

**ئۆزڤاڵد**/ ئەگەر تەنیا نەخۆشی بوایە، ئەوا لێرە لەگەڵت دەمامەوە، دایکە.. تۆ چاکترین هاوڕێمی لەهەموو دنیادا.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئەوە راستە، ها ئۆزڤاڵد وانییە؟

**ئۆزڤاڵد**/ (بەکەماڵی ئیسراحەت دێت و دەچێت) بەڵام ئەوە هەمووی ئازاری بەدبەختی‌یەو.. دواتریش ترسێکی لەرادەبەدەری مردن دێت.. ئۆه چ ترسێکی خنکێنەرە !

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (دوای دەکەوێت) ترس ؟ مەبەستت چی‌یە؟ کام ترس؟

**ئۆزڤاڵد** / ئاه .. پێویست ناکات لەوە زیاتر لێم بپرسیت، نازانم .. ناتوانم بۆتی وەسف بکەم.

(خاتوو ئاڵڤینگ بەرەو لای راست دەڕوات و زەنگەکە لێدەدات)



چیت دەوێت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەزیزم دەمەوێت دڵت خۆش بێت، بەڵێ ئەوەم دەوێت. پێویست ناکات چی‌تر وا بیر بکەیتەوە.

(روو دەکاتە ریجانیا کەلەدەرگاکەوە دەردەکەوێت) شامپانیای تر، بوتڵێکی سەر مۆر!

(ریجانیا دەڕوات)

**ئۆزڤاڵد** / دایکە !

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ لەو بڕوایە دایت کەئێمە لەوڵاتی تر نازانین چۆن بژین؟

**ئۆزڤاڵد**/ ئایا سەرنج راکێش نی‌یە؟ چۆن هەیکەلێکە، هەیکەلێکی هێجگار رێك و پێکە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (نزیك مێزەکە دانیشتووە) ئۆزڤاڵد دانیشە، با پێکەوە بەهێمنی بدوێین.

**ئۆزڤاڵد**/ (دادەنیشێت) دایکە تۆ ئاگادار نیت، من هەندێ شت هەیە بەرەو لای ریجانیا کێشم دەکات.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تۆ؟؟

**ئۆزڤاڵد**/ شتێکە لەدەرەوەی بیرکردنەوەدایە، تۆچۆن ئارەزوو دەکەیت وەهای ناو بنێ .. بەڵام شتێکی تەواو خاوێن و بێگەردە.

ئەوەش لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کەدواجار ئێرەم بەجێهێشت..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ؟

**ئۆزڤاڵد**/ ریجانیا هەمیشە دەربارەی پاریس پرسیاری لێ دەکردم، منیش لەو بارەیەوە هەندێ شتم پێگوت. دێتەوە یادم دوای ئەوە لێم پرسی: ئایا پێت خۆشە خۆت بچیتە پاریس؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێ؟؟

**ئۆڤاڵد**/ دوای ئەوە بینیم سوورهەڵگەڕا، ئەنجا گووتی: بەڵێ حەزم لێیەتی. منیش گوتم زۆر باشە. دەتوانم بڵێم شتێکی لەو جۆرە..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەی دوای ئەوە؟

**ئۆزڤاڵد**/ من هیچ شتێکم لەو بارەیەوە لەیادنەماوە، پاشان پێریێ وا روویدا کەلێی بپرسم: ئایا پێی خۆش بوو کەماوەیەکی دوورو درێژ لەماڵەوە بمێنمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێ؟

**ئۆزڤاڵد**/ پاشان بەشێوەیەکی زۆر سەیر سەرنجی دامو گوتی: ئەی سەفەرەکەم بۆ پاریس؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ سەفەرەکەی!

**ئۆزڤاڵد**/ ئێ بەمەدا دەردەکەوێت کەئەو شتەی بەجیدی وەرگرتووەو بەدرێژایی ئەوکاتە، بیری لەمن کردۆتەوە. تەنانەت دەستی داوەتە فێربوونی زمانی فەرەنسی.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کەواتە بۆیە..

**ئۆزڤاڵد**/ کاتێ ئەو کچە شۆخەم دی لەوێدا راوەستابوو، دایکە، زۆر بەلامەوە جوانو دڵگیر بوو.. هەرگیز پێشتر تێبینی ئەوەم نەکردبوو کەوا جوان بێت، هەرکە لەوێدا راوەستابوو، دیمەنی وای دەنواند کەباسکەکانی کراوەن بۆ لەئامێزگرتنم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد!

**ئۆزڤاڵد**/ دوایی تێگەیشتم کەرزگارکەری من لەناخی ئەودایە، بۆیە بینیم کەسەرتاپا چالاکیو بزێویی ژیانی لێ دەبارێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (دەست پێ دەکات) خۆشی ژیان..؟ ئایا ئەو رزگارکەرە؟



**ریجانیا** / (لەژووری نان خواردنەوە بەبوتڵێك شامپانیاوە دەگەرێتەوە) داوای لێبوردن دەکەم کەزۆرم پێچوو، بەڵام لەبەر ئەوەبوو کەچوومە خوارەوە بۆ سەردابەکە. (بوتڵەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت)

**ئۆزڤاڵد**/ پەرداخێکی تریش بهێنە.

**ریجانیا**/ (بەسەرسامییەوە سەرنجی دەدات) پەرداخەکەی خانم لەوێدایە، مستەر ئاڵڤینگ.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، بەڵام بۆخۆتی بهێنە ریجانیا

(ریجانیا خەریکە بجوڵێت، سەرنجێکی شەرمنانەی خاتوو ئاڵڤینگ دەدات بەهەرحاڵ؟

ریجانیا (بەدەنگێکی نزم) داخۆ خانم..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ریجانیا پەرداخەکە بهێنە.

(ریجانیا دەڕوات بۆ ژووری نان خواردن)

**ئۆزڤاڵد**/ تیشکی چاوەکانی ئاراستە دەکات) ئایا تێبینی رۆیشتنەکەیت کرد.. زۆر چەسپاوەو بڕوای بەخۆیەتی!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد! ئەمە شتێکی نەشیاوە!

**ئۆزڤاڵد**/ هێجگار گونجاوە، پێویستە تێبینی ئەوە بکەیت، قسەکردن لەبارەیەوە بەس نییە (ریجانیا بەپەرداخێکی بەتاڵەوە دەگەڕێتەوە) ریجانیا دانیشە.

(ریجانیا بەدوودڵییەوە، سەرنجی خاتوو ئاڵڤینگ دەدات)

**خاتوو ئاڵڤینگ** / دانیشە.

(ریجانیا لەسەر کورسییەك بەلای ژووری نان خواردندا دادەنیشێو هێشتا پەرداخە بەتاڵەکەی بەدەستەوەیە) ئۆزڤاڵد، ئەوەی دەربارەی خۆشی ژیان دەتگوت چی بوو؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، خۆشی ژیان، دایکە.. شتێکە تۆ لەم ماڵەدا ئەوەندە لەبارەیەوە نازانیت، منیش لێرە هیچ هەست بەو خۆشییە ناکەم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تەنانەت لەگەڵ منیشدا؟

**ئۆزڤاڵد**/ لەم ماڵەدا نەخێر، بەڵام تۆ لەمەبەستی من تێناگەیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ با تێدەگەم.. وای بۆ دەچم کەئێستا تێدەگەم

**ئۆزڤاڵد**/ ئەوەو .. هەروەها خۆشی کارکردن، ئا، لەراستیدا هەردووکیان یەك شتن، بەڵام تۆ هیچ لەبارەیانەوە نازانیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ رەنگە تۆ راست بیت ئۆزڤاڵد، بەڵام پێم بڵێ..

**ئۆزڤاڵد**/ ئێ، مەبەستم ئەوەیە کەلێرە خەڵك وا پەروەردە دەبێ کەکارکردن وەکو جۆرێك لەنەفرەت سەیر بکەن. بەسزای تاوانێکی دابنێن. ئیش بەتفتو تاڵی ژیان سەیر بکرێت، بەڵێ شتی لەم جۆرە.. کەئەنجامی دەدەین.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ چەمێکی فرمێسك .. بەڵێ ئێمە هەموو هەوڵو کۆششێك دەخەینە کار بۆ بەئەنجام گەیاندنی..

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵام خەڵکی لەدەرەوە لەرووی ئەوەدا ناوەستن، لەراستیدا کەسێك نییە بڕوای بەو جۆرە بیروبۆچوونانە هەبێت.

لەبەر ئەوە تۆ دەتوانیت هەست بەوە بکەیت کە پێویستە خۆشیو ئاسوودەیی لەم دنیایەدا جێگایان هەبێت.

دایکە ئایا بەهیچ شێوەیەك تێبینی ئەوەت کردووە کەئەو شتانەی وێنەم کێشاون، لەسەر بنەمای ئەم خۆشییەی ژیان بنیاد نراون؟ هەمیشەو بێ جیاوازی.. هەموویان لەسەر بنەمای خۆشی ژیان بەرهەم هێنراون. لەدەرەوە خۆرو تیشکی خۆر هەیە، هەست بەرۆژی پشوو



دەکرێت، سیماو رووخسار دەبینی، ئاسوودەیی پرشنگیان تیا دەداتەوە.

بۆیە لێرەو لەم ماڵەدا دەترسم کەلای تۆ بمێنمەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ترس؟ لێرە لەگەڵ مندا لەچی دەترسی؟

**ئۆزڤاڵد**/دەترسم لەوەی کەئەو شتانەی بەلامەوە گرنگن، لەبەرچاوم بگۆڕێنو ناشیرینو دزێو ببن لێرە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (چاوی لێ ناتروکێنێ) لەو بڕوایەدایت کەشتی وا رووبدات؟

**ئۆزڤاڵد**/ دڵنیام کەروودەدات، تەنانەت لێرە، ئەگەر هەمان ژیانی دەرەوەش بژیم، هێشتا چێژی دەرەوەی نییە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەپەرۆشەوە گوێی بۆ شل کردووەو چاوەکانی کراوەو پڕ لەنهێنین، هەڵدەستێو دەڵێت) ئێستا دەبینم کەئەمانە هەمووی چۆن رووی‌دا؟

**ئۆزڤاڵد**/ چی دەبینی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئێستا وەکو یەکەمجار دەبینمو دەتوانم قسە بکەم.

**ئۆزڤاڵد**/ (هەڵدەستێت) دایکە تێناگەم.

**ریجانیا** / (ئەویش هەستاوەتە سەرپێ) دەتوانم بڕۆم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ نا، بوەستە،ئێستا دەتوانم قسە بکەم.

پێویستە تۆش گوێت لەهەموو شتێ بێت، دواییش دەتوانیت هەڵبژێریت (ئۆزڤاڵد، ریجانیا..)

**ئۆزڤاڵد** / گوێبگرە! ئەوە پاستەرە.

**پاستەر ماندەر**/ (لەهۆڵەکەوە دێتە ژوورەوە) چاکە، سەعاتێکمان بەباشی لەخوارەوە بەسەر برد.

**ئۆزڤاڵد**/ هەروەها ئێمەش.

**پاستەر**/ پێویستە یارمەتی ئینگستراند بدەین لەخانووی دەریاوانەکاندا، دەبێ ریجانیا بڕواو لەوێ لەگەڵ ئینگستراند بژیو کاری بۆ بکات.

**ریجانیا**/ نا، سوپاس، قوربان.

**پاستەر**/ (تازە تێبینی ریجانیا دەکات) ئەوە چی دەکەیت لێرە، بەو پەرداخەی دەستەوە!

**ریجانیا**/ (بەپەلە پەرداخەکە دادەنێت) ببوورە..

**ئۆزڤاڵد**/ پاستەر، ریجانیا دێت لەگەڵ من دەژی.

**پاستەر**/ لەگەڵ تۆ دەژی؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ ئەگەر رازی بێت وەکو ژنم.

**پاستەر**/ ئەی ئاسمانی مەزن..!

**ریجانیا**/ ئەوە کاری من نییە قوربان.

**ئۆزڤاڵد**/ یان لێرە دەژین ئەگەر من مامەوە.

**ریجانیا**/ (بەسەر سوڕمانەوە) ئێرە؟

**پاستەر**/ خاتوو ئاڵڤینگ من سەرم لەتۆ سوڕماوە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ شتی وا نابێت.. بەهەرحاڵ من ئێستا دەتوانم راستی بدرکێنم.

**پاستەر**/ نا، نا، نابێ شتی وا بکەیت!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دەتوانمو دەیشیکەم، بێئەوەی ئازاری بیروڕای هیچ کەس بدەم.

**ئۆزڤاڵد**/ دایکە! چیت لێ حەشار داوم؟

**ریجانیا**/ (گوێ دەگرێ) خانم.. گوێ بگرە! خەڵکی لەخوارەوە هاوار دەکەن.

(ریجانیا دەچێتە جامخانەکەو، سەیری دەرەوە دەکات)

**ئۆزڤاڵد**/ (لەپەنجەرەی لای چەپەوە) چی روویداوە؟ ئەو هەراو زەنایە چییە؟



**ریجانیا** / (هاوار دەکات) هەتیوخانەکە ئاگری تێبەربووە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (نزیك پەنجەرەکە) ئاگری تێبەر بوو!

**پاستەر**/ ئاگری تێبەر بوو؟ ناشێ! خۆمن هەر ئێستا لەوێ بووم.

**ئۆزڤاڵد**/ شەبقەکەم لەکوێیە؟ ئۆه .. گرنگ نییە..

هەتیو خانەکەی باوك .. (دەچێتە باخچەکەوە)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ریجانیا، شاڵەکەم، هەمووی تاوی سەند.

**پاستەر**/ ترسناکە! خاتوو ئاڵڤینگ، ئەو ئاگرە دادوەری کردنی ئەم خانووە پیسەیە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، بەڵێ وایە، وەرە ریجانیا (لەگەڵ ریجانیادا دەچنە هۆڵەکەوە)

**پاستەر**/ (دەستەکانی هەڵدەلۆفێ) خۆ بیمەیش نەکراوە!

(بەدوای ئەواندا دەڕوات)

# ئەكتی سێهەم

شوێن هەمان ژووری پێشووە- هەموو دەرگاكان لەسەرپشتن، چراكە هێشتا دەسووتێ، دەرەوە تاریكە، لەخوارەوە بەلای چەپدا، تیشكێكی كز دەبینرێت.

(خاتوو ئالڤینگ شاڵێكی گەورەی بەسەرەوەیەو دەوەستێ و لەجامخانەكەوە سەیری دەرەوە دەكات، ریجانیاش هەروەها شاڵێكی بەسەرەوەیەو كەمێك لەدوای خاتوو ئالڤینگەوە وەستاوە)

**خاتوو ئالڤینگ**/ هەمووی سووتا.. لەگەڵ زەوی یەكسان بوو.

**ریجانیا**/ بچمە خوارەوە شەبقەكەی بدەمێ؟

**خاتوو ئالڤینگ**/ تەنانەت شەبقەكەشی نەبردووە؟

**ریجانیا**/ (ئاماژە بۆ هۆڵەكە دەكات) نەخێر ئەوەتا لەوێدا هەڵواسراوە.

**خاتوو ئالڤینگ**/ لێی گەرێ، بەڵكو ئێستا بگەرێتەوە، خۆم دەرۆم دەیدۆزمەوە.

(دەرواتە دەرەوە بۆناو باخچەكە)

**پاستەر** / (لەهۆڵەكەوە دێتە ژوورەوە) خاتوو ئالڤینگی لێ نییە؟

**ریجانیا**/ نەخێر، هەر ئێستا چووە خوارەوە بۆ باخچەكە.

**پاستەر**/ ئەمشەو، ترسناكترین شەوە كەتاكو ئێستا بەسەرم بردبێت.

**ریجانیا**/ بەڵێ.. كارەساتێكی ترسناكە، وانییە قوربان.؟



**پاستەر**/ خاتوو ئینگستراند پرسیار لەمن مەكە، چوزانم؟ ئایا تۆ بەشێك دە..؟ ئایا هەر ئەوە نییە كەباوكت..؟

**ریجانیا**/ چی هەیە لەبارەی ئەوەوە؟

**ئینگستراند**/ (لەهۆڵەكە دێتە ژوورەوە) پاستەر..!

**ریجانیا**/ (بەترسەوە دێت و دەچێت) تەنانەت بۆ ئێرەش دوام كەوتوویت؟

**ئینگستراند**/ بەڵێ، خوا لەپشتم بێت، بەڵام پێویستە .. ئاه خاوەن دەسەڵات، مەسەلەیەكی خەفەتاوییە قوربان.

**پاستەر**/ (هەڵدەستێ و دادەنیشێت) ترسناكە.. ترسناك..!

**ریجانیا** / ئەمە چی بوو؟

**ئینگستراند**/ ئا، دەبینی، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەبوو كەخزمەتگوزاری.. (لەژێر لێوەوە) ئێستاش بەدەستمان هێناوە كچم!

(بەدەنگی بەرز) هەر بۆ وەبیرهێنانەوەش، هەڵەی من بوو كەپاستەر ماندەر بەرامبەر بەشتێكی ئاوەها بەرپرسیار بێت.

**پاستەر**/ بەڵام ئینگستراند دڵنیات دەكەم كە..

**ئینگستراند**/ بەڵام قوربان جگە لەجەنابتان هیچ كەس دەستی بەر مۆمەكان نەكەوتووە.

**پاستەر**/ (هێشتا بەپێوەیە) بەڵێ دەتوانیت وەها بڵێیت، بەڵام من دڵنیام كەمۆمم بەدەستەوە نەبووە.

**ئینگستراند**/ بەڵام خۆم بینیمیت. زۆر بەئاشكرا بینیمیت قوربان كەمۆمەكەو مۆمدانەكە لەنێو پەنجەكانتا بوون و كەمتەرخەمانە بەرەو شتەكان فرێت دا.

**پاستەر**/ تۆ چاوت لێبوو ئەوە بكەم؟

**ئینگستراند**/ بەڵێ بەئاشكرا چاوم لێبوو.

**پاستەر**/ من ئەوە ناچێت بەعەقڵمدا، دەزانیت هەرگیز مۆمدانم بەدەستەوە نەگرتووە.

**ئینگستراند**/ بەڵێ، لەو کاتەدا شتێکی سەیر دیاربوو. بەڵام ئایا لەڕاستیدا، ئەوە پڕ مەترسی نەبوو؟

**پاستەر**/ (بەهێمنی دێت و دەچێت) ئۆه .. پرسیار لەمن مەکە.

**ئینگستراند**/ (لەگەڵ پاستەر دێت و دەچێت) هەروەها بیمەیش نەکرابوو قوربان، وانییە.

**پاستەر** / (هێشتا دێت و دەچێت) نا، نا، نا.. ئەی تۆ گوێت لێگرتم؟

**ئینگستراند**/ (دوای دەکەوێت) نەخێر بیمەیش نەکراوە، ئێستا بڕۆ چراکان هەمووی هەڵکە..

ئۆه گەورەم.. ئۆه گەورەم .. چ کارەساتێکە!

**پاستەر**/ (عەرەقی نێوچاوانی دەسڕێت) دەشێ قسەکانت راست بن ئینگستراند.

**ئینگستراند**/ هەر چۆن بیر لەروودانی شتێکی وا بکرێتەوە، لەو دامەزراوە خێرخوازییە کەبۆ دراوسێکانی شتێکی پیرۆز بووە.. ئەوا هەروەکو دەشلێن لەو بڕوایەدا نیم کەرۆژنامەش دڵی نەرم بێت بەرامبەرت قوربان.

**پاستەر**/ نا، منیش بیر لەوە دەکەمەوە، لایەنی هەرە خراپی کارەکەش ئەوەیە کە.. هەمووی ئاماژەی دڵڕەقی و هێرش بردنە .. هۆه .. شتێکی چەند ترسناکە، ئەگەر بیری لێبکەیتەوە!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەباخچەکەوە دێتە ژوورەوە) ناتوانم لەئاگرەکەی دوور بخەمەوە.

**پاستەر**/ ئاه ! ئەوە تۆی خاتوو ئاڵڤینگ؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ خۆتۆ قسەکەت نابەیتە سەر، مستەر ماندەر.

**پاستەر**/ ئاه، لەوانەیە ، زۆر بەختیار بم کەتەنیا..



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەهێمنییەوە) ئەوەش لەکاتێکدا کەشتەکان وەکو ئەمە روویدەن . هەرگیز ناشێت ئەو هەتیوخانەیە، ئەنجامێکی باشی هەبێت.

**پاستەر**/ تۆش رات وایە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەی تۆ؟

**پاستەر**/ ئەوەش بەدبەختییەکی گەورەبوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کەواتە با ئاسایی وەکو بابەتی کارێك لێی بدوێین. داخۆ چاوەڕوانی پاستەر دەکەیت ئینگستراند؟

**ئینگستراند**/ (لەدەرگای هۆڵەکەوە) بەڵێ چاوەڕوانی دەکەم.؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بۆ پاستەر ماندەر) لەوانەیە بەکەشتی هەڵمی بگەڕێیتەوە، پێشبینی ئەوە بکەم؟

**پاستەر** / بەڵێ، یەك کاتژمێر لێخوڕینی دەوێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دەتوانیت هەموو وەرەقەکان لەگەڵ خۆتدا ببەیتەوە. نامەوێت چیتر وشەیەکیان لەبارەوە ببیستم.. ئیتر بیر لەشتی تر دەکەمەوە.

**پاستەر**/ خاتوو ئاڵڤینگ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دواتر من وەکالەتت بۆ دەنێرم، هەتا خۆت چۆنت پێ باشە، ئاوا خەریکی هەموو شتەکان بیت.

**پاستەر**/ من بەخۆشییەوە نەخشەی ئەوە دەکێشم. زاراوە سەرەکییەکانی میراتگری ئێستا دەشێ بەتەواوی بگۆڕێن.. منیش لەوە دەترسم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەوە ئاشکرایە.

**پاستەر**/ من وا بیردەکەمەوە لەپلەی یەکەمدا دەبێ خۆم رێکبخەم. هەتا سامانی سۆلڤیك رەوانەی پاریس بکەم، ئەو زەوییە بێ چەندو چوون بەهای دیاریکراوی خۆی هەیەو بێگومان بۆ بەکارهێنانی ئەم یان ئەو جۆرە شتانە بەکاردێت.

هەروەك دەشێ بۆ قازانجكردنی ئەو بەشەی تری سەرمایە لەبانقدا بەكار بهێنرێت. لەوانەیە من بتوانم بەباشترین شێوە، بۆ هەندێ كاری یارمەتیدان لەشارەكەدا بەكاری بهێنم.

**خاتوو ئالڤینگ**/ تۆ بەئارەزووی خۆت بكە، چونكە چیتر من قازانجی لێ ناكەم.

**ئینگستراند**/ قوربان بیر لەخانووی دەریاوانەكانی منیش بكەرەوە.

**پاستەر**/ بەڵێ، لەڕاستیدا ئەوەش پێشنیارێكە، بەهەرحاڵ دەبێ بیری لێ بكەمەوە.

**ئینگستراند**/ با بیرلێكردنەوەو لێرامان هەواڵەی دۆزەخ بن.. ئۆه ئەگەر..!

**پاستەر**/ (بەدەم هەناسەیەكەوە) هەروەها بۆ بەدبەختی نازانم چیم هەیە لەو بارەیەوە بیڵێم.. دەشێ بیروباوەڕی گشتی ناچارم بكات، هەموو شتێ بدەم بەدەستەوە، ئەوەش هەمووی دەوەستێتە سەر ئەنجامی داواكاری یاسایی، لەبارەی ئاگرەكەوە.

**خاتوو ئالڤینگ**/ تۆ باسی چی دەكەیت؟

**پاستەر**/ نازانرێت دەشێ ئەنجامی چی بێت.

**ئینگستراند**/ (دێتە نزیك پاستەرەوە) ئاه، بەڵام ئەوە ! ئەوە هەر جاكۆب ئینگستراندە.

**پاستەر**/ بەڵام..!

**ئینگستراند**/ بەڵام جاكوب ئینگستراند ئەو پیاوە نییە وەكو دەڵێن، لەكاتی پێویستدا شایانی ئەو ئیشە بێت.

**پاستەر**/ بەڵێ بەڵام هاوڕێی خۆشەویستم چۆن..؟

**ئینگستراند**/ ئاه .. تۆ بەرەو كۆتایی دەچیت. كەسێك كە دەیناسم هەر لەوەوپێش ریسوایی بۆ كەسێكی تر هێناوە.



**پاستەر** / جاكوب !( دەستی هەڵدەگلۆفێ) تۆ پیاوێكی بەنرخی هەزار..! ئێ دەبێت لەو شوێنەی دەریاوانەكاندا یارمەتی بدرێیت.. دەشێت پشت بەو ببەستیت.

(ئینگستراند دەیەوێت سوپاسی بكات بەڵام سۆزو عاتیفە بواری نادات. پاستەر جانتاكەی دەخاتە سەر شانی) ئێستا با بڕۆین، دەبێ پێكەوە بڕۆین.

**ئینگستراند**/ لەدەرگای ژووری نان خواردنەوە، لەسەرخۆ بۆ ریجانیا دەدوێت) كچ لەگەڵم وەرە.. لەوێ وەكو گەرمی نێو زەردێنەی هێلكە دەژیت.

**ریجانیا** / (لەگەڵ سەر راوەشاندندا) سوپاس! (دەچێتە دەرەوە بۆ هۆڵەكە هەتا پاڵتۆكەی پاستەر بهێنێت)

**پاستەر**/ خواحافیز خاتوو ئالڤینگ، وای بۆ دەچم كەبەم زووە، رۆحی یاساو رێكخستن بۆ ئەم ماڵە بگەڕێتەوە.

**خاتوو ئالڤینگ**/ خوا حافیز مستەر ماندەر.(دەچێتە جامخانەكەوە لەو كاتەدا ئۆزڤاڵد دەبینێت لەحەوشەكەوە دێتە ژوورەوە)

(ئینگستراند و ریجانیا یارمەتی پاستەر ماندەر دەدەن تا پاڵتۆكەی لەبەربكات).

**ئینگستراند**/ خواحافیز رۆڵە، ئەگەر هەر تەنگوچەڵەمەیەكت هەبوو، دەزانیت لەكوێ جاكۆب ئینگستراند دەدۆزیتەوە.

(بەنەرمو نیانی) لەشەقامی گەمی خانەی بچكۆڵە. ئەهیم ! (بۆ خاتوو ئالڤینگو ئۆزڤاڵد) ئەم خانووەش بۆ پیاوانی دەریاوانە، دەشێ پێی بگوترێت (خانووی یاوەر ئالڤینگ)

خۆ ئەگەر منیش وام بەخەیاڵدا هات ئەو خانووە بەجێ بهێڵم، ئەوا دەتوانم بەڵێنی ئەوە بدەم كەلەڕووی (پارەكەوە) سوودی باشی دەبێت.

www.pertwk.com

**پاستەر**/ (لەدەرگاکەوە) هەم .. وەرە ئینگستراند. خوا حافیز، خواحافیز
(لەگەڵ ئینگستراند دا دەچنە دەرەوە)

**ئۆزڤاڵد**/ (دەچێت بۆ لای مێزەکە) ئەو خانووە چییە کەباسی دەکات؟

**خاتوو ئالڤینگ**/ ماڵێکی تایبەتییە، ئەوو پاستەر دەیانەوێت دروستی بکەن.

**ئۆزڤاڵد**/ ئەویش وەکو ئەمەی ئێستا دەسووتێت.

**خاتوو ئالڤینگ**/ بۆ وادەڵێیت؟

**ئۆزڤاڵد**/ پێویستە هەموو شتەکان بسووتێن، بۆئەوەی هیچ شتێکی وەها بەجێنەمێنێت کەباوکم بەیادی خەڵکی بێنێتەوە، ئێستاکە منیش هەر بەو شێوەیە دەسووتێم.

(ریجانیا سەرنجێکی ترسناکی ئۆزڤاڵد دەدات)

**خاتوو ئالڤینگ**/ ئۆزڤاڵد، کورە بەدبەختەکەم. رێگام بدە با سەروچاوت بسرم (بەدەستەسرەکەی سەرچاوی ئۆزڤاڵد دەسرێت)

**ئۆزڤاڵد**/ (کەمتەرخەمانە سەری دەجوڵێنێت) سوپاس دایکە.

**خاتوو ئالڤینگ**/ ئۆزڤاڵد، ئایا ماندوویت؟ حەزت لەخەو نییە؟

**ئۆزڤاڵد**/ (بەبێزارییەوە) خەو، نا.. نا.. ! ناخەوم. هەر ئەوەیە وادیارم کە.. (خەمبارانە) دەبێ بەم زووە بگاتە ئاکام.

**خاتوو ئالڤینگ**/ (بەحەپەساوییەوە سەرنجی دەدات) کورە خۆشەویستەکەم، بەڕاستی نەخۆشیت..!

**ریجانیا** / (بەزۆر لەخۆکردنەوە) داخۆ مستەر ئالڤینگ نەخۆشە؟

**ئۆزڤاڵد**/ (بەدەم هەڵچوونەوە) تکایە هەموو دەرگاکان دابخە!
ئەم ترسە جگەر بڕە..!

**خاتوو ئالڤینگ**/ ریجانیا دەرگاکان دابخە.

(ریجانیا دەرگاکان دادەخات و لەنزیک دەرگای هۆڵەکەدا بەپێوە دەوەستێت. خاتوو ئالڤینگ شاڵەکەی دادەگرێت، هەروەها ریجانیاش. خاتوو ئالڤینگ کورسییەکە رادەکێشێتە تەنیشت ئۆزڤاڵدەوەو لەنزیکییەوە دادەنیشێت) ئەوە هاتم ئۆزڤاڵد، لەتەنیشتت دادەنیشم.

**ئۆزڤاڵد**/ ئا، دانیشە.. هەروەها پێویستە ریجانیاش لێرە دانیشێت. دەبێ بەردەوام ریجانیام لەگەڵدابێت. تۆ یارمەتیم دەدەیت ریجانیا، وانییە؟

**ریجانیا** / لێت تێناگەم.

**خاتوو ئالڤینگ**/ یارمەتیت بدات؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ.. هەرکاتێ پێویستم بوو

**خاتوو ئالڤینگ**/ بەڵام ئۆزڤاڵد، ئەی تۆ دایکتت لەگەڵدا نییە هەتا یارمەتیت بدات؟

**ئۆزڤاڵد** / بەڵێ (پێدەکەنێت) نا دایکە تۆ ناتوانیت ئەو جۆرە یارمەتییەم بدەیت.

(بەپێکەنینێکی خەمبارانەوە) ها! تۆ نا! (بەپەرۆشەوە سەیری دەکات) مەسەلەکە ئەوەیە ریجانیا رەنگە تۆ باشترین کەس بیت بۆ ئەو یارمەتییە.

(بێ بیر لێکردنەوە) ریجانیا بۆچی ئەوەندە بەنائاسایی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەیت؟ بۆچی پێم ناڵێیت ئۆزڤاڵد؟

**ریجانیا** / (بەهێمنییەوە) خانم لەو بڕوایەدانیم بگاتە ئەو ..

**خاتوو ئالڤینگ**/ ئێستا تۆ هەموو شتێ لەجێی خۆیدا دەبینیت، وەرە ریجانیا لەگەڵمان دانیشە.

(دوای هەندێ دڵەڕاوکێ، ریجانیا بەهێمنی لەلایەکی تری مێزەکەوە دادەنیشێت) ئێستاش ئەی کورە غەمبارە بەدبەختەکەم هەوڵدەدەم عەقڵت تاقی بکەمەوە.

**ئۆزڤاڵد**/ دایکە تۆ؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەو هەموو سووکایەتی و جنێو بەخۆدانەی تۆ دەیکەیت..

**ئۆزڤاڵد/** لەو بڕوایەدایت بەڕاستی بۆئێت مێشکم هەڵسەنگێنیت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ ئۆزڤاڵد، ئێستا دەتوانم. تۆ وات لێهاتووە دەربارەی بەزمو کەیفی ژیان دەدوێیت. ئەمەش وەکو ئەوە وایە کەلەناکاوێکدا، هەموو شریتی ژیانی خۆمم بێتەوە پێش چاو،بەهەموو ئەو شتانەوە کەبەسەرم هاتوون.

**ئۆزڤاڵد/** (سەر بادەدات) تێناگەم!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** خۆزگە ئەو کاتەی کەباوکت یاوەرێکی گەنج بوو دەتناسی. ئەو هەمیشە سەرگەرمی خۆشیو بەرزمو ڕەزمی ژیان بوو.

**ئۆزڤاڵد/** بەڵێ دەزانم.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەو هێجگار چوستو چالاك بوو، وزەیەکی بێ سنووری ئەوتۆ بوو کەحەزت دەکرد بیبینیت.

**ئۆزڤاڵد/** ئێ؟؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەی ئەم کوڕەی ئێستاش تەواو سەرمەستی خۆشی ژیانەو هەمان شێوەی ئەو کوڕەی ئەو سەردەمەیە کەئەم ئێستا، لێرە لەشارێکدا ژیان دەگوزەرێنێ هیچ خۆشییەکی تێدا نییەو تەنیا تەمەن بەفیڕۆ دەدات.

ئەو کوڕەی ئەوسا هیچ خەمێکی نەبوو کەگیانو جەستەی بۆ تەرخان بکات، ئەو بەشێوەیەکی رۆتینی لەسەر ژیان بەردەوام بوو، هیچ کام لەهاورێکانی نەیاندەزانی، بەڕاستی واتای بەزمو کەیفو خۆشی ژیان چییە، ئەوان هەموو بێکارو بێتوانا بوون.

**ئۆزڤاڵد/** دایکە!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەم شێوەیە شتی چاوەڕوانکراو روویدا.

**ئۆزڤاڵد/** چاوەڕوانکراو؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەم شێوەیە شتی چاوەڕوانکراو روویدا.

**ئۆزڤاڵد/** چاوەڕوانکراو خاتوو ئاڵڤینگ..؟!

**خاتوو ئاڵڤینگ /** تۆخۆت ئەم ئێوارەیە گوتت، ئەگەر لێرە لەماڵەوە بمێنیتەوە، چیت بەسەر دێت.

**ئۆزڤاڵد/** مەبەستت ئەوەیە کەبڵێیت باوکم..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** باوکی بەدبەختت، هیچ رێگایەکی نەدۆزییەوە بۆ ئەو خۆشییە پەنگ خواردووەی ژیان کەلەناخیدا بوو، هەروەها منیش هیچ دەروویەکم لێ نەکردەوە.

**ئۆزڤاڵد /** تەنانەت تۆش..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ /** هەندێ شتی دەربارەی ئەرکو زۆریشی دەربارەی سەرکەشی فێر کردم، بەڵام من زۆر دوای ئەوە بڕوام پێهێنا. بەم شێوەیە هەموو شتێ لەسەر بنەمای ئەرك دامەزرابوو.. ئەرکی منو ئەرکی ئەو .. منیش دەترسم ئەو ماڵەی دروستم کردووە شایانی ئەو باوکە بەدبەختەت نەبێت ئۆزڤاڵد.

**ئۆزڤاڵد/** ئەی بۆچی لەنامەکانتدا، هەرگیز دەربارەی ئەو شتانە بۆت نەدەنووسیم!

**خاتوو ئاڵڤینگ/** تاکو ئێستا شتێکی وەها گونجاوم نەبینی، هەتا لەبارەیەوە بۆتۆ .. تۆی کوڕی بدوێم.

**ئۆزڤاڵد/** ئەی پاشان چۆن ئەوەت بینی؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (بەهێمنی) من تاکە راستییەکم بینی کەئەویش ئەوەبوو کەپێش ئەوەی تۆ لەدایك ببیت، باوکت پیاوێکی تێکشکاوبوو.

(لەسەرخۆ) ئاه ..! (هەڵدەستێ بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات) ڕۆژ هات و چوو، من تاکە شتێك لەمێشکمدا جێگیر بووە ئەویش لەراستیدا ئەوەیە کەریجانیا وەکو ڕۆڵەی خۆم، لەم ماڵەدا ماڤ هەیە.

**ئۆزڤاڵد**/ (بەخێرایی دەگەڕێتەوە) ریجانیا؟

**ریجانیا**/ (بەرز دەبێتەوەو بەدەنگێکی ڕووساوەوە) من..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئێستا هەردووکتان تێگەیشتن.

**ئۆزڤاڵد**/ ریجانیا..!

**ریجانیا** / (بۆخۆی دەدوێت) کەواتە دایکم (ئەوە) بوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ دایکت لەزۆر رووەوە، ئافرەتێکی چاك بوو.

**ریجانیا**/ بەڵێ، بەڵام ئەو لەو جۆرە ئافرەتە بوو. منیش هەندێجار بیرم لەوە کردۆتەوە. بەڵام.. خانم، ڕێگام دەدەیت هەر ئێستا لێرە بڕۆم..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەراستی دەتەوێت بڕۆیت؟

**ریجانیا**/ بەڵێ، بەڕاستی دەمەوێت بڕۆم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بێگومان پێویستە چۆن ئارەزوو دەکەیت وابکەیت، بەڵام..

**ئۆزڤاڵد**/ دەچێتە پاڵ ریجانیاوە ئێستا دەڕۆیت؟ لەکەیەوە لەم ماڵەدایت..؟

**ریجانیا**/ بەڵێ مستەر ئاڵڤینگ.. ئێ، وا گریمان ئێستا دەشتوانم پێت بڵێم ئۆزڤاڵد.. بەهیچ شێوەیەك ئەمە ئەو ڕێگایە نییە کە چاوەڕوانم کردبوو..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ریجانیا من بەتەواوی راستگۆ نەبووم لەگەڵت.

**ریجانیا**/ نەخێر، بێگومان راستگۆ نەبوویت، ئەگەر من بمزانیایە کەئۆزڤاڵد نەخۆشە.. دوای ئەوەش تێبگەیشتمایە کەهەرگیز ناشێت شتێکی جیدی لەنێوانماندا هەبێت.. ئاە نەخێر، بەدڵنیاییەوە هەرگیز لێرە نەدەمامەوەو خۆم بەچاودێری نەخۆشەوە خەریك بکەم.

**ئۆزڤاڵد**/ هیچ کەست نەبینیوە ئەوەندەی من لێتەوە نزیك بێت؟

**ریجانیا**/ نەخێر، بێگومان نەخێر، کچێکی بەدبەخت ویستی لەتەمەنی لاوێتیدا، باشترین شت بۆخۆی تۆمار بکات، کەچی بەرلەوەی دەرك بەشتەکان بکات، وەکو ئەوەی بەسەر هاتووە کە لەدەرەوە لەبەر سەرمادا بەجێهێڵرابێت. خانم منیش هەمان شێوە لەناخی خۆمدا، خۆشی و بەزم و کەیفی ژیانم هەڵگرتووە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من دەترسم لەوەی کەتۆ شتی وەها لەناختدا بێت، ها ، ریجانیا سنوور مەشکێنە.

**ریجانیا** / ئۆ .. چاکە، ئەگەر سنوورم شکاند ئەوا دەیشکێنم. ئەگەر ئۆزڤاڵد بەرێگای باوکیدا بڕوات، ئەوە بزانە منیش بەڕێگای دایکمدا دەڕۆم.

ئایا دەتوانم بپرسم داخۆ پاستەرماندەر ئاگاداری ئەم شتەیە لەبارەی منەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، پاستەر ماندەر ئاگاداری هەموو شتێکە لەبارەی تۆوە؟

ریجانیا/ (شاڵەکەی دەدات بەسەریدا) ئێ.. ئێستا باشترین شت کەبیکەم ئەوەیە، چی زووترە بەکەشتی هەڵمی بڕۆم. پاستەر باشترین کەسە کەلەگەڵی بیت، پێم وایە منیش وەك ئەو دارتاشە قێزەونە، بەشی خۆم لەو پایەرەیەدا هەبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ریجانیا بۆ ئەو شتە تۆ پێشوازیت لێدەکرێت.

ریجانیا/ (سەرنجێکی جگەربڕ لەخاتوو ئاڵڤینگ دەدات) تۆ وەکو کچی پیاوچاکێك پەروەردەت کردم، ئەوەش کارێکە پەسەند بوو. (سەری بادەدات) ئۆهـ . بەهەرحاڵ، هەموو شتەکان بەلای منەوە وەکو یەکن. (سەرنجێکی مۆن لە بوتڵە هەڵنەپچڕاوەکە دەدات) بەهەرحاڵ من لەمەودوا، لەگەڵ کوڕانی گەل شامپانیا نۆش دەکەم!

**خاتوو ئالْڤينگ**/ ريجانيا، ئەگەر پێويستت بەخانوو هەبوو، وەرە لام.

**ريجانيا**/نا، سوپاس خانم، پاستەر ماندەر خانووم بۆ دەدۆزێتەوە، خۆ ئەگەر بەدبەختيش سواری ملی بەدبەختی بوو، ئەوا خانوويەك شارەزام، دەشێ لەوێ سەقامگير ببم.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ ئەو خانووە كوێيە؟

**ريجانيا**/ هەتيوخانەكەی ياوەر ئالْڤينگ.



**خاتوو ئالْڤينگ**/ ريجانيا تۆ بەرەو خراپە دەڕۆيت. دەزانم تۆ بەرەو خراپە دەڕۆيت!

**ريجانيا**/ پوف، ئۆ! (سەری شۆڕ دەكاتو دەچێت بۆ هۆڵەكە)

**ئۆزڤاڵد**/(وەستاوە لەپەنجەرەكەوە سەيری دەرەوە دەكات) ڕۆيشت؟

**خاتوو ئالْڤينگ**/ بەڵێ.

ئۆزڤاڵد(بۆ خۆی دەدوێت) بەبڕوای من ئەوە گەمژەيی بوو.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ (لەدواييەوە دێتو دەست دەخاتە سەرشانی)

ئۆزڤاڵد ئەزيزم، ئايا ئەوە زۆر بێزاری كردويت؟

**ئۆزڤاڵد**/ (ڕوو دەكاتە دايكی) ئەمانە هەمووی دەربارەی باوكمە، مەبەستت ئەوەيە كە وانەبووە؟

**خاتوو ئالْڤينگ**/ بەڵێ دەربارەی باوكە بەدبەختەكەتە. من زۆر لەوە دەترسم كەئەوە لەسەر تۆ زۆر بكەوێت.

**ئۆزڤاڵد**/ چی وات لێدەكات كەبەو جۆرە بيربكەيتەوە؟ بێگومان ئەوە وەكو لێدانێكی گەورە وەهايە بۆ من، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕاستی وای بۆ ناچم كەمەسەلەيەكی ئەوەندە گەورە بێت بەگوێرەی من.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ (دەستی لەسەرشانی لادەبات) ئايا ئەوە كارەسات نييە كەباوكت تائەوپەڕی ڕادە، نائاسوودە بووە؟

**ئۆزڤاڵد**/ بێگومان من غەمبارم بۆی، نەك تەنيا بۆ ئەو، بۆ هەركەسێكی تريش كەبەو جۆرە بێت، بەڵام..

**خاتوو ئالْڤينگ**/ ئەوە هەموو شتێكتە بۆ باوكی خۆت؟

**ئۆزڤاڵد**/ (بەتوڕەيی)ئۆهـ.. باوكم.. باوكم! هەرگيز هيچم لەبارەی باوكمەوە نەزانيوە هەموو ئەوەی كەلەبارەی ئەوەوە لەيادم دێت ئەوەيە، جارێكيان وای لێكردم جگەرە بكێشم.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ ئەوەش فيكرەيەكی ترسناكە! بەڵام بەدڵنياييەوە هەرچيەكيش هەبێت، دەبێ منداڵ هەست بە خۆشەويستی باوكی بكات.

**ئۆزڤاڵد**/ تەنانەت ئەگەر ئەو منداڵە باوكی شتێكی وەهاشی بۆ بەجێ نەهێشتبێت، تالەبەر ئەوە سوپاسی بكات، تەنانەت نەيشی ناسێت؟ ئايا دەتوانيت بڕوا بەپەيوەندييەكی خورافيانەی وەكو ئەمە ببەستێت؟ خۆتۆ لەڕووی ياساييەوە، زۆر باش سەر لەم شتانە دەردەكەيت.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ تۆ ئەوە بەخورافيات ناو دەبەيت؟

**ئۆزڤاڵد**/بەڵێ، دايكە تۆ وای نابينێت؟ ئەمەش يەكێكە لەو بيرە باوانەی كەلەدنيادا هەنو..

**خاتوو ئالْڤينگ**/ (بەپەشێوييەوە) تارماييەكانە!

**ئۆزڤاڵد**/ (بەژوورەكەدا دێتو دەچێت) بەڵێ دەشێت پێيان بڵێيت تارماييەكان!

**خاتوو ئالْڤينگ**/ (بەتووندی) كەواتە ئۆزڤاڵد، منيشت خۆش ناوێت؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەهەرحاڵ تۆ دەناسم.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ بەڵێ من دەناسيت.. بەڵام ئايا ئەوە هەموو شتێكە؟

**ئۆزڤاڵد**/ هەروەها دەشزانم كەچەندێ منت خۆش دەوێتو ئاسايی بۆ ئەمەش سوپاست دەكەم. ئێستاش نەخۆشم، دەشێ بەشێوەيەكی تايبەتی سوودم پێ بگەيەنيت.

**خاتوو ئالْڤينگ**/ بەڵێ دەتوانم، وانيە ئۆزڤاڵد؟ ئۆ، من زۆر سوپاسی ئەو نەخۆشييە دەكەم كەتۆی بۆ ناردمەوە ئێرە.. خۆ ئەگەر ئاسايی وای ببينيت كەهيچ پەيوەندييەكت بەمنەوە نييە، ئەوە پێويستە جارێكی تر ببيتەوە بەهی خۆم.

**ئۆزڤالد/** (لەسەرخۆ) ئۆه، بەڵێ.. بەڵێ..هەموو ئەوانە تەنها قسەکردنی بێ باجن! دەبێ ئێستا دایکە، بیرلەوە بکەیتەوە کەمن پیاوێکی نەخۆشم. لەوانەیە لەگەڵ خەڵکانی تردا بێزاربم، ئەوەندەم گیروگرفت هەیە کەهەمیشە بیری لێ بکەمەوە. 

**خاتوو ئاڵڤینگ/** (بەشێوەیەکی شیاو) پێویستە من هێمن و لەسەرخۆ بم.

**ئۆزڤالد/** هەروەها بەختەوەریش بیت دایکە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ، ئەزیزم، ئا تۆ زۆر راست دەکەیت(دەچێتە تەنیشت ئۆزڤاڵدەوە) ئایا ئێستا دەتوانم هەموو سەرزەنشت و جنێوە تایبەتەکانت بسڕمەوە؟

**ئۆزڤالد/** بەڵێ دەتوانیت، بەڵام ئەی کەی ئێستاکە دێت و ئەم ترسەم دەسڕێتەوە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ترس؟؟

**ئۆزڤالد/** (بەژوورەکەدا دێت و دەچێت) ریجانیا بەوشەیەکی تایبەتی ئەو ترسەم دەسڕێتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** تێناگەم.. ئەم ترسە چی‌یە؟ ئەی چ پەیوەندییەکی بەریجانیاوە هەیە؟

**ئۆزڤالد/** ئایا کات تێپەڕی نەکردووە دایکە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەوە بەیانییە (لەجامخانەکەوە سەیری دەرەوە دەکات) کازێوە خەریکە لەسەر گردەکانەوە سەردەکێشێ، پێ دەچێت رۆژێکی خۆش بێت.ئۆزڤالد.. پاش تاوێکی تر خۆر دەبینێت.

**ئۆزڤالد/** من بەوە دڵخۆشم، ئۆه لەوانەیە زۆر شت هەبن دڵخۆشم بکەن و بژیم بۆ..

**خاتوو ئاڵڤینگ/** دڵنیام کە شتی وا هەیە.

**ئۆزڤالد /** تەنانەت ئەگەر نەشتوانم کاربکەم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئۆ.. کوڕە شیرینەکەم، هەر بەم زووە توانای کارکردنت دەگەڕێتەوە. ئێستاش پێویست ناکات ئەوەندە پەیوەست بیت بەو بیرۆکە سستانەتەوە.

**ئۆزڤالد/** بەڵێ، ئەگەر بتوانیت لەهەموو ئەوانە رزگارم بکەیت، ئەوە حەوانەوەیەکی گەورەم پێ دەبەخشێت (لەسەر سۆفاکە دادەنیشێت) دایکە پێویستە پێکەوە لەو مەسەلەیە بدوێین.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ، باڵێ بدوێین. (کورسی‌یەکەی پاڵ دەنێتە تەنیشت سۆفاکەوەو لەنزیکی‌یەوە دادەنیشێت)

**ئۆزڤالد/** ئەو دەمەی خۆر هەڵدێت، ئیتر دەزانیت.. منیش چی تر ئەم ترسەم نامێنێت

**خاتوو ئاڵڤینگ/** چی دەزانم؟

**ئۆزڤالد/** (بێ ئەوەی گوێ بگرێت) دایکە دەزانیت کەهەر پێش ماوەیەك کات ئێوارەبوو، گوتت شتێك نییە لەم دنیایەدا ئەگەر بتەوێت بۆتی نەکەم؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ.. گووتم.

**ئۆزڤالد/** ئێستاش هەر سووری لەسەر ئەو قسەیەت دایکە؟

**خاتوو ئاڵڤینگ/** تاقانە شیرینەکەم دەتوانیت پشتم پێ ببەستیت، من جگە لەتۆ هیچ شتێکی ترم نییە هەتا لە پێناویدا بژیم.

**ئۆزڤالد/** کەواتە زۆر باشە، ئێستا پێت دەڵێم، دایکە من دەزانم کەتۆ خاوەنی بەڵێن و قسەی خۆتیت، کاتێ مەبەستەکەمت دەخەمە بەردەم، دەمەوێت زۆر بەهێمنی وەری بگریت.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** ئەم شتە چی‌یە، وائەوەندە ترسناکە؟

**ئۆزڤالد/** ئێستا گوێ بگرە، پێویستە هاوار نەکەیت.. بەڵێنم بدەرێ کەهاوار نەکەیت.. ئەوسا پێکەوە دادەنیشین و زۆر بەهێمنی لێی دەدوێین، دایکە بەڵێنم بدەرێ.

**خاتوو ئاڵڤینگ/** بەڵێ بەڵێ، بەڵێنت دەدەمێ. بەڵام ئەو شتە چی‌یە؟

**ئۆزڤاڵد**/ چاکە، پێویستە تێ بگەیت کەئەم شەکەتیەی من و ئەم بێ توانایییەم بۆ بیرکردنەوە، سەبارەت بەکارەکەم چییە. ئێ ئەمە نەخۆشی راستەقینە نییە..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەی کەواتە نەخۆشی راستەقینە چییە؟



**ئۆزڤاڵد**/ ئەم میکرۆبەی کەمن بەمیرات بۆم ماوەتەوە(ئاماژە بۆ نێوچاوانی دەکات و زۆر بەهێواشی لەسەری دەڕوات) لێرەدا جێگیرە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئۆزڤاڵد!نا!نا!

**ئۆزڤاڵد**/ هاوار مەکە، گوێت لێناگرم، بەڵێ ئالێرەدا جێگیرەو چاوەڕوان دەکات، دەشێ رۆژێ لەرۆژان بێتە دەرەوە. بەڵێ هەر ساتێك بۆی لوا.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام ئەوە مەترسیدارە..

**ئۆزڤاڵد**/ ئێستا هێوربە.. گرفتەکەی من ئەمەیە

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (هەڵدەستێت) ئەمە راست نییە ئۆزڤاڵد، شتی وانابێت، نەخێر ناشێت

ئۆزڤاڵد/ کاتێك لەدەرەوە بووم، هەر لەسەرەتادا؟؟؟ جارێك هێرشی بۆ هێنام. بەڵام کاتێ پێم زانی، بەخێرایی کەوتمە رەواندنەوەی ئەو ترسە جگەربڕەو ، بۆ ئەوەش بەوپەڕی خێراییەوە گەڕامەوە بۆلای تۆ.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کەواتە ئەمە ترسەکەیە..

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، وەك دەزانیت شتێکی ئەوەندە پیسە لەباسکردن نایەت ئۆه ئەگەر تەنیا دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە ببوومایە ئەوە.. لەمردن ناترسم، ئەگەرچی پێم خۆشە تەمەنێکی درێژم هەبێت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵێ، ئۆزڤاڵد پێویستە وابیت

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵام ئەمە نەخۆشییەکی زۆر پیسە کە جارێکی تر وەکو منداڵێکی بێ توانات لێ بێتەوەو پێویستت بەوە بێت خواردنت بدرێتی، پێویستت بەوە بێت کە.. ئۆه ناتوانم لەسەری بڕۆم ..!

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام منداڵەکەی من دایکی ماوە هەتا چاودێری بکات.

**ئۆزڤاڵد**/ (بەرزدەبێتەوە)نا.. نەخێر، ئەوە شتێکە کەتۆ گەرەکتە. (بەسادەییەوە) ناوێرم بیر لەوە بکەمەوە کەلەوانەیە بۆ چەندین ساڵ ئاوەها لێی بکەوم. هەتا ئەو کاتەی پیرو بۆز دەبم. لەوانەیە تۆش بەر لەمن بمریت.

(لەسەر کورسییەکەی خاتوو ئاڵڤینگ دادەنیشێت) چونکە دکتۆرەکە پێی گووتم لەوانەیە نەخۆشییەکەم یەکسەر کوشندە نەبێت. ئەو بە نەخۆشییەکەمی دەگووت جۆرێکە لەگەنینی مێشك، یان شتێکی لەو جۆرە.

(بەزەردەخەنەیەکی نەخۆشانەوە) وای بۆ دەچم گوزارشتکردنێکی جوانی وەکو ئەو وام لێدەکات بیر لە رەنگی گێلاس و ئاورێسی ناسك بکەمەوە.. بەڵێ شتێکی ناسك.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (هاوار دەکات) ئۆزڤاڵد

**ئۆزڤاڵد**/ (راست دەبێتەوەو، بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت)

ئێستا تۆ ریجانیات لەدەست دەرکردم، ئەگەر تەنیا ئەوم هەبوایە لێرە.. دەزانم ئەو دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکردم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (دەچێتە لایەوە) کوڕە خۆشەویستەکەم، مەبەستت چییە؟ داخۆ یارمەتییەك هەیە لەدنیادا کەدڵخۆش نەبم بەوەی کەپێشکەشتی بکەم؟

**ئۆزڤاڵد**/ کاتێ ئەو جارە لەفەرەنسا بووم، نەخۆشییەکە هێرشی بۆ هێنام. دکتۆرەکە پێی گوتم کەی جارێکیتر هێرشم بۆ دێنێتەوە.. وەهاش دەرچوو.. هێرشی بۆ هێنامەوە.. بۆیە دوای ئەوە هیچ هیوایەکم نەما

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کابرایەکی چەند دڵڕەق بوو بۆ..

**ئۆزڤاڵد**/ من لەسەر ئەوە سوورم کەکاری خۆم بکەم، پێم گوت هەندێ کارم هەیە ئەنجامی بدەم (بەزەردەخەنەیەکی فێڵبازانەوە) ئەنجامیشمدا.

(پاکـەتێکی بچـکۆڵە لـەگیرفانی کراسـەکەیدا لـەژێرەوە دەردەهێنێـت) سەیری ئەمانە بکە دایکە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەوانە چین؟

**ئۆزڤاڵد**/ مۆرفیان

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەترسەوە سەیری دەکات) ئۆڤاڵد .. ئاه.. ئەزیزەکەم !

**ئۆزڤاڵد**/ بڕیام دا کەبەیەکجار دوانزە حەب بخۆم.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (پەلاماری دەستی دەدات) ئەو پاکەتەم بدەرێ ئۆزڤاڵد !

**ئۆزڤاڵد** / ئێستا نا دایکە (پاکەتەکە دەخاتەوە گیرفانی)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ هەرگیز بەمە رازی نیم!

**ئۆزڤاڵـد**/ پێویسـتە رازی بیـت، ئەگـەر ریجانیـام لەگـەڵ بوایـەو پـێم بگوتایـە دەردەکـەم چـیـە و داوام لێبکردایـە دەسـتی یارمـەتیم بـۆ درێـژ بکـات لەدواییدا، ئەوا دڵنیام لەوەی کەیارمەتی دەدام.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ هەرگیز..

**ئۆزڤاڵـد** / کاتـێ تـرس پەرێشـانی کـردبمو، ئـەویش بمبینێـت بـێ یارمـەتی لێـرەدا کـەوتووم، هـەمان شـێوەی سـاوایەکی تـازە لـەدایکبوو، بـێ دەستگیرۆیی، ونبوو، بێدەرەتان، هەرچی چارەسەرە بۆمی دەکات..

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ناشێ ریجانیا شتی وای بکردایـە.. نـەخێر لەژیانیـدا شتی وا ناکات.

**ئۆزڤاڵـد**/ ریجانیـا ئـەوەی دەکـرد، ئـەو کچێکی سەرنجراکێشـی کەمتەرخـەم بوو.. هەرزووش لەچاودێری کردنی کەسێکی وەکو من بێزار دەبوو.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ کەواتە سوپاسی خوا بکە کەریجانیا لێرە نییە.

**ئۆزڤاڵد**/ کەواتە دایکە تۆ ئێستا ئـەو کەسـەیت کەدەسـتی یارمـەتیم بـۆ درێـژ دەکەیت.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (بەهاوارێکی بەرز) من؟؟

**ئۆزڤاڵد**/ بەڵێ، کێ لەتۆ باشترە؟



**خاتوو ئاڵڤینگ**/ من؟ دایکت؟

**ئۆزڤاڵد**/ لەبەر ئەو هۆیە، ئا.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ بەڵام من ژیانم پێ بەخشیویت!

**ئۆزڤاڵد**/ هـەرگیز داوای ژیـانم لێنەکردبوویت، ئـەنجا چ جـۆرە ژیانێکـە کـەتۆ پێت بەخشیم؟ من ئەو ژیانەم ناوێت دەتوانیت لێمی وەربگریتەوە.

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ تکایە یارمەتی! یارمەتی! (رادەکات بۆ هۆڵەکە)

**ئۆزڤاڵد**/ (دوای دەکەوێت) جێم مەهێڵە! بۆکوێ دەڕۆیت؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (لەهۆڵەکەوە) دەڕۆم دکتـۆرت بـۆدێنم ئۆزڤاڵـد، لێمگـەڕێ با بڕۆم.

**ئۆزڤاڵـــد**/ (دیسـان لەهۆڵەکـەوە) نـەتۆ دەڕۆیتـە دەرەوە، نەکەسـیش دێتـە ژوورەوە (کلیلەکە بادەدات)

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ (هەڵدەگەڕێتەوە) ئۆزڤاڵد، ئۆزڤاڵد، کوڕم!

**ئۆزڤاڵـــد**/ (لـەژوورەوە دوای دەکـەوێت) ئەمـە نـاو دەنێیـت خۆشەویسـتی دایکانـە بەرامبـەرم.. هـەتا بمبینیـت کەچـۆن ئـەم مەترسـییە لـەباس نەهاتووە ئازارم دەدات؟

**خاتوو ئـاڵڤینگ**/ (دوای سـاتێکی خامۆشـی دەسـەڵات بەسـەر دەنگـی خۆیـدا دەکات) ئەوە دەستم خستەسەری.

**ئۆزڤاڵد**/ بەڕاست تۆ..؟

**خاتوو ئاڵڤینگ**/ ئەگەر بەو جۆرە پێویست بێت، بـەڵام لـەوە ناچێت ئەوەنـدە پێویست بێت.. نا، نا، شتی وا ناشێت.

**ئۆزڤاڵد**/ بەهەرحاڵ.. کەواتە با هیوای ئەوە بخوازین کەپێویسـت نـەبێتو تـا چەندێ دەتوانین پێکەوە بژین، سوپاس دایکە.

(ئۆزڤاڵد لەسەر ئەو کورسی‌یە دادەنیشێت کەخاتوو ئاڵڤینگ پاڵی پێوەنا بـۆ تەنیشت سۆفاکە، خەریکە خۆر هەڵدێت، هێشتا چراکە لەسـەر مێزەکـە دەسووتێت)

**خاتوو ئالْڤینگ**/ ئایا ئێستا هەست بەحەوانەوە دەکەیت؟

**ئۆزڤالْد**/ بەلْیّ.

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (بەسەریدا دەچەمێتەوە) ئەمەی تۆ ئۆزڤالْد تەنیا بریتییە لەوەهمێکی ترسناك. تەنیا وەهمەو بەس.. ئەو هەموو ورووژانە لەوانەیە هێجگار زۆر بێت بۆت، بۆیە ئێستا پێویستە بحەوێیتەوە.. لەگەلْ دایکت و لەماڵەوەشدا.



ئا کورە ئازیزەکەم هەرچی ئارەزوو بکەیت دێتە بەردەستت، هەر هەمان شێوەی ئەوسای سەردەمی منالْیت، بەلاّم ئێستا هەموو شتیّ گۆڕاوە.. دەزانین شتەکان ئەوسا چەند ئاسایی بوون.. ئێستاش هەروەها دەبن.

ئەنجا سەیرکە ئۆزڤالْد.. ئێمە بەرەو رۆژێکی خۆش دەچین، رۆژێك کەخۆرەتاو بێت.. ئێستا بەراستی دەتوانیت جێگای خۆت ببینیت.

(خاتوو ئالْڤینگ دەڕوات بۆلای مێزەکەو چراکە دەکوژێنێتەوە، خۆر بەرز بۆتەوەو لوتکەی چیاکان کەبەفر گرتوونی لەدوورەوە، لەبەر تیشکی خۆری بەیانیانیدا پریشك دەدەنەوە)

**ئۆزڤالْد**/ (ئۆزڤالْد لەسەر کورسییەکە دانیشتووەو پشتی لەو دیمەنەیە، لەپڕ بیّئەوەی بجولْێت قسە دەکات) دایکە خۆرم بۆ بێنە .

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (لای مێزەکەوە دەجولْێت و سەیری دەکات) گووتت چی؟

**ئۆزڤالْد**/ (دیسان بەشێوەیەکی کەمتەرخەمانە) خۆر.. خۆر..

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (دەڕواتە لایەوە) ئۆزڤالْد.. چیتە؟

(ئۆزڤالْد وا دەردەکەوێت لەکورسییەکەدا نقووم بووبێت، هەموو ماسولکەکانی خاو دەبنەوە، رەنگی دەپەڕێت، چاوەکانیشی بیّئەوەی سەرنجی شتێکی تایبەتی بدەن دەڕوانن)

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (لەترسا موچڕکەی پیادێت) چییە؟

(بەدەنگێکی بەرز) ئۆزڤالْد.. چیتە؟

(خاتوو ئالْڤینگ لەتەنیشتیدا دەکەوێتە سەر چۆك و رای دەوەشێنێت)

ئۆزڤالْد ! ئۆزڤالْد، سەیرم کە.. نامناسیت؟

**ئۆزڤالْد**/ (ئاگای لەخۆی نییە) خۆر .. خۆر..

**خاتوو ئالْڤینگ**/ (لەبێزارییدا بەرز دەبێتەوە، بەهەردوو دەستی پرچی خۆی رادەکێشێت و هاوار دەکات) من دان بەخۆمدا ناگرم. (وەکو ئەوەی تووشی ئیفلیجی بووبێت و (فیّی لیّهاتبێت) هەناسە بڕکێیەتی) من دان بەخۆمدا ناگرم.. هەرگیز!

(لەناکاو ) حەبەکانی لەکوێدا دانا؟

(یەکسەر بەخەیالْیدا دێت لەچاکەتەکەیدا بن) لێرەدان ..!

(چەند هەنگاوێك دەڕواتە دواوەو دەگری) نا، نا، نا.. با، نا، نا...

(هەنگاویّ دوان لێی دوور دەکەوێتەوە، بەهەردوو دەست پرچی خۆی دەڕنێتەوە، بەترسێکەوە بیّ جوولْە سەیری دەکات)

**ئۆزڤالْد**/ بیّئەوەی بجوولْێت وەکو پێشتر دانیشتووەو هاوار دەکات) خۆر .. خۆر

**تەواو**

www.pertwk.com

# زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | ڕۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوڵلا |
| شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێكبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی- فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ<br>ئۆین ج. ئارنۆ<br>میشێل دی.<br>ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کور<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیز |
| رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | رۆمان | 2004 | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | 2004 | ئارام عەلی عەزیز |
| کورتترین رێگەی سەرکەوتن | فارسی | رۆبیرت ئۆریلی | دروننناسی | 2004 | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵلا ئەحمەد | مێژوویی | 2004 | سەلمان عەلی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | رەسول | | | |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت اللە مقدم مراغەی | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | 2004 | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی بیانی | چیرۆك | 2004 | نوری سەعید قادر |
| مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | 2004 | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د.رەفعت ئەلسەعید | فیکرییە | 2004 | حەسەن عبدالکریم |
| سەرچاوەکانی زانیو نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | 2004 | ناسر سەڵاحی |
| دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیکرییە | 2004 | مامەند |
| کاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاسایە | 2004 | دلێر میرزا |
| خاکەکە ماچ کە | ئینگلیزی | ئەلیزابیث لایارد | رۆمان | 2004 | عەزیز گەردی |
| ئازارەکانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | 2004 | ئاری بابان |
| جینۆساید لە عێراقدا | ئینگلیزییەوە | میدڵ ئیست وۆچ | سیاسیە | 2004 | محەمەد حەمەساڵح تۆفیق |
| لۆکاچ | فارسییەوە | ئیمری جورج | فیکرییە | 2004 | مەنسوری تەیفووری |
| ئەلفو بێ کوانتەم | ئینگلیزی | ف. ریدنیك | فیزیایی | 2004 | د. بایەزید حسن عبداللە |
| قبور غیر هادئە | ئینگلیزی | هیومان رایتس | دمافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە صالح توفیق |
| هونەری جەنگ | عەرەبی | سۆن- تزو | عەسکەریی | 2004 | رئووف حەسەن |
| لەنێو دڵی شانۆدا | | | شانۆیی | 2004 | مەحمود زامدار |
| یەکبوونی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوڵلای تابانی | فارسی | 2004 | جەلیل گادانی |
| گۆڕینی رژێم | ئینگلیزی | کریستۆفەر هیچنس | مافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە ساڵح |
| ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی | ئینگلیزی | نادر ئینتیسار | نەتەوایەتی | 2004 | عەتا قەرەداخی |
| ئەخلاقی رۆژنامەگەریی | عەرەبی | د. حسن عماد مکاوی | لێکۆڵینەوە | 2004 | مەم بورهان قانع |
| کۆمۆنیزمی ئەوروپایی | ئەڵمانی | ڤۆلگانگ لیۆنهارد | سیاسی | 2004 | د. کوردۆ عەلی |
| رێنیسانس | عەرەبی | د.کمال مەزهەر | لێکۆڵینەوە | 2004 | فوئاد مجید میسری |
| ژنانە یاری بکەو پیاوانە بیبەرەوە | فارسی | گیل ئیڤانس | دەورنناسی | 2004 | شەیدا سەڵاح |
| عیراقو بەردەوامی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەراست | ئینگلیزی | د. ئەوانو. ئەندرسن<br>د. خەلیل. ه. رەشیدیان | سیاسی | 2004 | فوئادی تاهیر سادق |
| ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا | فارسی | داریوشی شایگان | فکری | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی- مامەند رۆژە |
| بەفر | فارسی | ماکێنس فێرمین | رۆمان | 2004 | ئازاد بەرزنجی |